# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنور حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە فیورباخ

لە فارسییەوە
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە فارسییەوە: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (59)

# رەخنەی لودیگ فیورباخ لە ئاین

نوسینی: شەهاب شەباهەنگ
لە فارسییەوە: مانی

گەڕان بە دوای راستیدا و بەرەنگاری بانگەوازی رەوشتی فریودەرانەی ئاین، پەرەوەردەی مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بە کامڵ بوون لە فکر و روح، رێنوێنی هێزە مرۆییەکان بۆ ژیانی راستەقینەی ئەم جیهانە، ئەو ئامانجەیە کە فیورباخ لە رەخنەگرتن لە ئایندا خۆی بە بەڵێندەر دەزانێت.

لودویگ فیورباخ فەیلەسوفی ئەڵمانی سەدەی نۆزدەیەم (١٨٠٤-١٨٧٢) لە خوێندکارانی هیگڵ و بەرجەستەترین نوێنەری فکری کۆمەڵەی فەلسەفی ناسراو بە (هیگڵە چەپەکان) بوو. ئەو دواتر بە تایبەتی لە بواری فەلسەفەی ئاین لە راکانی هیگڵ دوور کەوتەوە و بنەما تیۆرییەکانی خستە ژێر سەرنج. بۆ نمونە هیگڵ دەیویست ئاین لە فەلسەفەدا جێ بکاتەوە، بەڵام ئەو بەرهەمەی لەمکارە بەدەستهات زیاتر لە هەرشتێک (خواناسی) فەلسەفە بوو.

ناسراوترین بەرهەمی فیورباخ لەبارەی رەخنەگرتن لە ئاین، بەتایبەتی لە مەسیحیەت نوسراوە. بڵاوبوونەوەی یەکەم بەرهەمی بە ناوی (لەبارەی مەرگ و نەمری) کە تێیدا باوەڕی بە نەمری روح بە پووچ ناوبردبوو، بووە هۆکاری ئەوەی لەگەڵ توانا تیۆرییە بەرچاوەکانی بەهۆی باڵادەستی دۆخی ئاینی و موحافیزکارانەی ئەکادیمیک لە ئەڵمانیای سەدەی ١٩، نەتوانێت پۆستی مامۆستای زانکۆ بەدەستبهێنێت و ناچار بوو روو بکاتە وانە وتنەوەی تایبەت.

فەلسەفەی ئاینی لای فیورباخ بەوشێوەیەیە، کە پێشبینییە ئاینییەکان زیاتر هۆکارەکانی خۆیان لە سروشتی مرۆڤدا دەبیننەوە، بەڵام ئەم سروشتە ناقیناکرێنەوە، بەڵکو وەک خەیاڵی ئەو دنیا دوبارە دەنەخشێنرێنەوە. بۆ فیورباخ پەروەردگار ئاوێنەی مرۆڤە، بەڵام مرۆڤ ئاگاداری ئەمە نیە و نازانێت کە بەدرێژایی مێژوو خۆی ئەو ئاوێنەیەی دروستکردووە و تێیدا بێجگە لە خۆی نابینێت. مرۆڤ سەرەتا خۆی و ئەوەی لە روح و ئیرادە و دڵی خۆی هەیە دەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی دواتر دوبارەی بکاتەوە. مەبەستی فیورباخ لە پەروەردگار وەک ئاوێنەی مرۆڤ، بەدڵنیاییەوە ئەم یان ئەو مرۆڤ نییە، بەڵکو جۆری مرۆڤایەتییە. ئەو ئاین بە هەمان (باوەڕ بە پەروەردگار) پێناسە دەکات و بەهەمانشێوەش لێی دەڕوانێت. بە باوەڕی ئەو مرۆڤ لە ئایندا پەنا بۆ زاتی ئارامگرتن دەبات، بێ ئەوەی بزانێت کە ئەم زاتە خودی ئەوە. ئاین لە دیدی فیورباخەوە رەفتاری مرۆڤ بەرامبەر هێزی ئارامگرتنە، بەڵام بەشێوەیەک گوایە ئەم هێزانە هی یەکێکیترن.

بیروڕای فیورباخ لە رەخەگرتن لە ئاین کاریگەری لەسەر (کارل مارکس، سیگمۆند فرۆید، ئریش فـرۆم) و ژمارەیەکیتر لە رۆشنبیران هەبووە. لەم نوسینەدا تیشک دەخەینە سەر بۆچوونەکانی ئەو لەبارەی رەخنە لە ئاین:

**خواستەی ئاین**

لە ناوەندی فەلسەفی فیورباخدا لەبارەی ئاین ئەو ئەندێشەیە بەرچاو دەکەوێت، کە لە وێناکردنە ئاینیەکانی وەک (ئایدیای خودا) یان (نەمری روح) لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، سروشتی مرۆڤ سەرەتا لە رێگەی بیرکردنەوەوە نەبووە، بەڵکو لە رێگەی هەستەکانەوە دیاری

دەکرێت. لە کاتێکدا کە هیگڵ لە وێناکردنە ئاینیەکاندا خاڵێکی لەبارەی ڕاستیە گونجاوەکانەوە دەبینیەوە، فیورباخ پێیوابوو کە ئاین بە جەوهەری خودی هەستەکانی مرۆڤەوە گرێدراوە. بۆ نمونە بڕوای وابوو کە ئایدیای خودا (پەروەردگار) بەیانکەری حەزی مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و توانا و کامڵی و باوەڕ بە (نەمری روح) لە مەیلی مرۆڤەوە بۆ نەمری بووە.

گرنگترین بەرهەمی فیورباخ لە ڕەخنەگرتنی لە ئاین (سروشتی مەسیحیەت) و (وانەکان لەبارەی سروشتی ئاین)ە. لە بەرهەمی یەکەمیدا کە ساڵی ١٨٤١ چاپکراوە، فیورباخ نوسیویەتی «ئاین، دوفاقی مرۆڤ لەگەڵ ئارامگرتنە). بە واتایەکیتر مرۆڤ پەروەردگار وەک زاتێک دەخاتە بەرامبەر خۆی، ئەم بەراوردکاریەش دەبێتە هۆکاری جیابوونەوەی نێوان پەروەردگار و مرۆڤ و لێرەوە ئاین دەردەکەوێت.

دواتر لە بەرهەمی دووهەمیدا (وانە لەبارەی سروشتی ئاین) کە یەکەم چاپی ساڵی ١٨٥١ بووە، بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی ئاینەوە پەرەپێدەدات و ڕونتری دەکاتەوە، هۆکاری دروستبوونی ئاین بۆ گرێدراوی مرۆڤ بە سروشت و ترسەکانی لەو بارەیەوە گرێ دەدات. بە وتەی فیورباخ هەستی گرێدراوی هۆکاری دەرکەوتنی ئاینە، بەڵام بابەتی سەرەتایی ئەم هەستی گرێ دراوی سروشتە و لەبەر ئەوە سروشت یەکەم بابەتی ئاینە.

فیورباخ لەو بارەیەوە نمونەی زۆر لەسەر ئایینە سروشتیەکان و شێوازە مێژووییەکانی فرە خودایی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی نیشانی بدات، کە ترس لە ڕوداوە سروشتیەکان و سوپاس و پاڕانەوە دوای ڕزگاری، لەم هەستی گرێدراویەدا چ ڕۆڵێکیان هەبووە. بەو ئەنجامە دەگات کە بە خودا کردنی دەرکەوتە سروشتیەکان و پەرستنیان لە نێوان خێڵە سروشتیەکان، سەرەتا و کۆنترین شێوازی ئاین بۆ مرۆڤایەتین.

فیورباخ (هەستی کۆتایی) مرۆڤایەتیش بە یەکێکیتر لە شێوازەکانی ئەم هەستی گرێدراوییە دەزانێت، رایگەیاندووە کە لە ئەنجامی ئەم هەستە یان ئاگاییەدا، مرۆڤ درک بەو بابەتە دەکات کە بونەوەرێکە کۆتایی هەیە و رۆژێک ئەم جیهانە بەجێدێڵێت. فیورباخ ئاینە سروشتیەکان بە سەرچاوەی ئاینەکانی دواتر دادەنێت، باس لەوە دەکات کە ئەم ئاینانە دەرەنجامی دوفاقی و گومانی مرۆڤن و لە پەیوەندی نێوان ئەو و سروشتدا دروست بوون.

## ململانێی نێوان ئاین و کولتوور

وەک باسکرا فیورباخ دەڵێت: ئاین جیابونەوەی نێوان مرۆڤ و سروشتی ئارامگرتن و ئەگەر وردتر بڵێین تەقینەوەی جیهانی ناوەوەی مرۆڤە. ئەو لە نێوان ئاین و کلتوردا ململانێیەکی بێکۆتا دەبینێت و پێیوایە لەکاتێکدا کە ئامانجی کولتوور هێنانەدی بەهەشتی ئەم جیهانەیە، کاری ئاین بەڵێنی بەهەشتی رۆژی دواییە، بەهەشتێک کە تەنیا بە هۆی باوەڕدارییەوە بەدەست دێت.

فیورباخ لە بەراوردکاری نێوان ئاین و کلتوردا لەمەش زیاتر ئێدەپەڕێت و روونی دەکاتەوە، هەرچەندێک ئاسۆی مرۆڤ سنوردارتر بێت و لەبارەی مێژوو، سروشت و فەلسەفە کەمتر بزانێت، بەهەمان رێژەش زیاتر بە باوەڕە ئاینییەکانیەوە پابەندە و کەمتر هەست بە پێویستی فێربوون دەکات.

ئەو لەمبارەیەوە بەراوردی نێوان عیبری و یۆنانیەکانی کۆن دەکات و رایدەگەیەنێت، کە عیبرییەکان بە بەراورد لەگەڵ یۆنانیەکان نە هونەریان هەبووە و نە زانست، چونکە ئەوان لەم بوارەدا لە بنەڕەتەوە هەستیان بە پێویستی نەکردووە، بە باوەڕی ئەوان «یەهوە» خودای عیبریەکان سەرجەم

پێداویستیەکانی ئەوانی دابین دەکرد. بە وتەی فیورباخ بۆ مرۆڤە ئاینیەکان پەروەردگار سەرچاوەی سەرجەم زانست و فکرەکانە، بەڵام کەسێک کە هەموو شتێک لە پەروەردگاردا دەدۆزێتەوە، روحێکی هەژاری هەیە و تەنیا لە خەیاڵ و فەنتازیای خۆیدا لە (میهرەبانی ئاسمان) چێژ وەردەگرێت.

لە دیدی فیورباخەوە سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە زانستە سروشتیەکان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بابەتی ئەفراندنی جیهان لەلایەن پەروەردگارەوە دەخەنە گومان و پرسیارەوە، لەبەر ئەوە لە مەترسی چوونە ناو دامێنی ئاتێئیزم و ماتریالیزمدان. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت بوترێت، کە ئاینەکان لە سروشتی خۆیاندا هەڵگری هیچ بنەما و پرەنسیپێک بۆ کولتوور و زانست نین، چونکە ئاینەکان تەنیا دەخوازن لە رێگەی جوانکاری و باوەڕ بە پەروەردگار و بەهەشت، بەسەر لەمپەڕ و گرفتەکانی سەرزەویدا سەرکەون. بەمشێوەیە فیورباخ زووتر جیاوازی نێوان ئاین و کولتوور دەبینێت و پێیوایە لەشوێنێک کە یەکێک هەیە، بۆ ئەوەیتر شوێنێک نییە.

فیورباخ لە بەرهەمەکانیدا زۆر زیاتر لە خواستە و مێژووی ئاین، تیشکدەخاتە سەر سروشت و راستی ئاین. لە دیدی ئەوەوە ئاین و باوەڕ بە خوا یەکێکن. تێزی سەرەکی ئەو لە کتێبی (سروشتی مەسیحیەت) رایدەگەیەنێت کە ئاین پەیوەندی مرۆڤ بە خۆی یان بە واتایەکی راستتر بە سروشتی خۆیەوەیەتی، بەڵام پەیوەندی بەو خودەی کە بێگانە بووە.

بە وتەی فیورباخ سروشت ساردە و شیوەنی مرۆڤایەتی نابیستێت. سروشت بێهەستە و دەرد و ئازارەکانی مرۆڤایەتی نابینێت، لەبەرئەوە مرۆڤ لە سروشت هەڵدەگەڕێتەوە و روو لە ناخ و دەروون دەکات، شوێنێک کە لە توڕەیی دەسەڵاتە بێبەزەییەکان پارێزراو بێت و گوێیەک بدۆزێتەوە گوێ لە ئازارەکانی بگرێت. لێرەدایە کە نهێنییەکانی ناخی خۆی ئاشکرا دەکات و

پێکهاتەکانی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێت. ئەم هەڵڕشتنەی ناخی مرۆڤ، وەک خوا خۆی دەردەخات.

لە تێڕوانینی فیورباخەوە (هــزر، ئیرادە، دڵ «هەست») سێ تایبەتمەندی مرۆڤن. بەپێی وێنا مەسیحیەکان، خوا خاوەنی زاتێکە هەستی هەیە، بە دڵنیاییەوە پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کەلە راستیدا سەرجەم تایبەتمەندیە راستیەکانی هەستی مرۆڤایەتی بۆ وێنا کردنی خوا دەگوازرێتەوە. بە بۆچوونی مەسیحی خوا خاوەنی هەست و سۆزە و (خۆشەویستی خوا) بەر لە هەرشتێک لە مرۆڤ بوونی ئەودا دەردەکەوێت. لەلایەکیترەوە خودا زاتێکی خاوەن ئیرادەیە و ئەم ئیرادەیەی لە (ئافراندن لە نەبوو) وەرگرتووە، کە بەرهەمی ئیرادەی هێزی ئیرادەیەکی تەواو هزریدایە.

(باوەڕ بە «تپلیپ») لە مەسیحیەتدا لەسەربنەمای هەمان سێ تایبەتمەندی مرۆڤ روونکراوەتەوە. بۆ فیورباخ «تپلیپ» خستنەڕووی کێشمەکێشە دیاریکراوەکانی هەمان سروشتی مرۆڤە. خودا وەک باوک بکەری بیرکەرەوەیە، خودا وەک کوڕ، پێویستیە هەستیاری و سۆزداریەکانی مرۆڤە، لە ئەنجامیشدا خۆشەویستی نێوان ئەم کوڕ و باوکە، خۆی لە (روح القدس)دا دەبینێتەوە. بە وتەی فیورباخ ئەندێشەی کۆبونەوەی ئەم کوڕ و باوکە، هێشتا شتێکیان کەمە و پێویستە تەواو بکرێت، ئەندامێکی ژن زیاد دەکرێت کە خۆی لە (مەریەمی موقەدەس)دا دەبینێتەوە.

فیورباخ لە ئایدیای (مرۆڤبوونی خوا)شدا ئــارەزووی (خوابوونی مرۆڤ) دەبینێت و بەو ئەنجامە دەگات، کە «تپلیپ» (ئاگایی مرۆڤ لە ژیان لە تەواوی خۆیدایە). بە وتەی ئەو سەرجەمی ئەم بابەتانە نیشانی دەدات، کە ئاگایی ئاینی لەسەر بنەمای نادیارییەک بنیاتنراوە و تەنیا دەرکەوتنی کێشمەکێشەکانی سروشتی مرۆڤە.

فیورباخ جەخت لەسەر توانای تەواوی هەست لە ئایندا دەکاتەوە، هەستێک کە لە توانایدایە سەرجەم لەمپەڕە عەقڵیەکان تێکبشکێنێت و سەرجەم سنورەکانی سروشت تێکوەربدات، هەستێک کە ناتوانێت لەگەڵ دڵی مرۆڤ پێچەوانە بێت. بەڵگەی ئەم هەستە (پاڕانەوە)یە، چونکە لە کاتی پاڕانەوەدا مرۆڤ داوایەک لە دڵی خۆی دەکات و زاتی دۆخی خۆی وەک بەرزترین زاتی خوایی دەبینێت. بە وتەی فیورباخ باوەڕی بێ پاڕانەوە وێنا نەکراو و بێواتایە. لەهەمان کاتدا باوەڕی بەردەوام، باوەڕ بوونە بە موعجیزە، باوەڕ و موعجیزە لێکجیا نەکراوەن. فیورباخ (موعجیزە) بە ئارەزویەک دەناسێنێت کە (لەبەرامبەر راستەقینە و یاساکانی سروشت)ە، (ئارەزوی هاتنەدی کارێکی سەروسروشتی) و (شتێکی دەرکەوتو لە هێزی خەیاڵ و هزری مرۆڤ). (موعجیزە) لە هزر دێنەدەرەوە و دوبارە دەگەڕێنەوە بۆ هزر.

فیورباخ باس لەوە دەکات کە سەرجەم جزمە بنچینەییەکانی مەسیحی (ئارەزوی هاتووەدی دڵ)ن و (سروشتی مەسیحیەت) شتێکی بێجگە لە (سروشتی هزری مرۆڤ) نییە. پێدانی کەسایەتی بە خوا لە بوونی (عیسا)دا، بەڵگەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی کە بینینی خوا باڵاترین ئومێدی دڵی مرۆڤە، (عیسا)ش هێنانەدی و سەرکەوتنی ئەو ئومێدەیە.

بە وتەی فیورباخ ناسێنەرەوەی ئاین ئەوەیە کە ئەم رەوەندە هەڵڕژانی پێکهاتەکانی ناخی مرۆڤ بە ئاگاییەوە روو نادات. ئەگەر ئاین وەک ئاگایی لە خوا وەک ئاگایی مرۆڤ لەبەرچاو بگیرێت، نابێت لەوە بەوشێوەیە تێبگەیت، کە مرۆڤی ئاینی ئاگاداری ئەوە بووە کە ئاگایی ئەو لە خوا، ئاگایی ئەو لە ژیانە، چونکە سروشتی راستەقینەی ئاین پشت بەو بێئاگاییە دەبەستێت.

فیورباخ جەختێ لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خوا لەدەرەوەی هزری مرۆڤ نییە، ئەوە خوا نییە کە مرۆڤی وەک وێنەیەکی خۆی ئافراندووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە مرۆڤە کە خوای وەک خۆی ئافراندووە. مرۆڤ بەبێ ئاگایی و ئیرادە خوا وەک وێنەیەک لە خۆی دەخوڵقێنێت و دواتر رۆڵی پێدەبەخشێت، بەڵام ئەم ئافرێنراوە توانای بینینی ئەو رۆڵەی نییە. ئەمە تەنیا بابەت نییە، بەڵکو ئەم ئەفرێنراوە دواتر دەبێتە خاوەنی سەرجەم دەسەڵاتەکان و سەرجەم شوێنەکان کۆنترۆڵ دەکات، بەشێوەیەک کە مرۆڤ بۆ رەهایی ژیانی خۆی ئیتر توانا و شوێنێکی نییە. کەواتە مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە ئازاد دەبێت کە ئەو دەسەڵات و شوێنانە وەرگرێتەوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە خوا بۆ فیورباخ شتێکی بێجگە لە (دەرخەری بێئاگایی مرۆڤ) و (هەڵڕشتنی ناخی) ئەو نییە، خوا (جوانی و ئارەزووەکانی) مرۆڤە، خوا (وێنەیەک لە ئارەزوو، بەکەس بوو، رەهابووی مرۆڤە) و (کۆمەڵێک لە تێگەیشتن و ئەندێشەکانی) ئەوە، خوا ناوێکە کە مرۆڤ لە دەفتەری خۆیدا (باڵاترین و پیرۆزترین بەهاکان) لە ژێر پێی ئەو دەنوسێت، خوا (وێنەدانەوەی ناڵەی ئازاردەر) و (دڵۆپە فرمێسکی چۆڕاوی خۆشەویستی، لە قوڵترین پەراوێز لەسەر لەناوچوونی مرۆڤە).

بەپێی ئەو بەئەنجام گەیشتنەی فیورباخ و بە یەکسان دانانی ئاین و باوەڕ بە خوا، سەرجەمی ئاین بە وروژان و (وەڵامێکی هەڵە بە پرسیارە راستەکان) ناودەبات. لەم تێڕوانینەوە ئاین (نهێنیەکی ئاشکرابووی مرۆڤە)، (دانپێدانانی دەرەکی بە بیری ناوەکی) و (ئاشکرا کردنی نهێنی خۆشەویستی) ئەوە.

## پێوەری راستەقینەی ئاین و پێویستی رەخنەلێگرتنی

فیورباخ لە رەخنەگرتنیدا لە ئاین، لە نێوان (سروشتی راستەقینەی مرۆڤناسی) لەلایەک و (سروشتی ناراستەقینەی خواناسی) لەلایەکیترەوە، جیاوازی دادەنێت. ئەو رایدەگەیەنێت کە ناتوانرێت لە ئاین وەک رەفتاری مرۆڤ لەگەڵ زاتی ژیانی، کە سەرچاوەی راستەقینە و توانای رەوشتی ئەوە سەرنجی لێبدرێت، بەڵام سروشتی دژی ئەو کە سەرچاوەکەی ناڕاستەقینەیی، لەمپەڕ، دژبوونی هزر و ئەخلاق، خراپە، دەمارگیری ئاینیە لەبەرچاو نەگیرێت.

فیورباخ رایدەگەیەنێت باوەڕی بە ئاینی سروشتییە و مەبەستی ئەو لەو باوەڕە ئەوەیە، کە سەرجەم خورافاتەکانی لە خۆی دەرکردووە، تەنیا رووی کردۆتە بینینە عەقڵی و زانستیەکانی سروشت و تەنیا ئەم تێڕوانینە بە رەسمی دەناسێت. ئەو بەمشێوەیە جەخت دەکاتەوە کە تەنیا لایەنە دەروونی و دەروونناسیەکەی بۆ ئەو گرنگە، هەرجۆرێک تێڕوانینی بوونناسی (ئۆنتۆلۆژیک) (ontology) و خواناسی ئەو بەتەواوی رەتدەکاتەوە.

فیورباخ جەخت دەکاتەوە کە «خەیاڵی ئاین» بۆ مرۆڤ بەفیڕۆچوونی بنچینەیی هەیە و هێزی ژیانی راستەقینە، واتە ژیانی ئەم جیهانە و سەرزەوی ئەو دەڕفێنێت. راستی و گەورەیی لە ئایندا بۆ خورافە و سۆفیگەری دەگۆڕێت، رەفتاری دەمارگیری و بە پیرۆزدانان جێگەی رەوشتی راستەقینە دەگرێتەوە. ئەو پێیوایە کە ئاین باوەڕ بۆ مەبەستێک لە ناخدا دەگۆڕێت و ئەو بە بەرزتر لە سەرجەم یاسا سروشتییە رەوشتیەکان دادەنێت.

http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=62213

# مانیفێستە فەلسەفییەکانی فیورباخ

لوی ئالتیسێر

لە فارسییەوە: چنور فاتیح

**لا نۆڤێڵ کریتیک La Nouve**

(lle Critique ) داوای لێکردووم کە نووسینەکانی فیورباخ هاوپێچی کۆمەڵە [وتاری] ئێپی مەتە ( لە بڵاو کراوەکانی ( P. U. F)بکەم، کە چەند مانگ پێشتر بڵاو کرایەوە. خۆشحاڵ دەبم بە وەڵامدانەوەی کورتی هەندێک پرسیار بتوانم ئەم کارە بکەم.

من گرنگترین دەق و وتارەکانی فیورباخ کە ساڵەکانی نێوان 1839 بۆ 1845 لە لایەن خۆیەوە بڵاوکراونەتەوە، لە ژێر ناوی مانیفێستە فەلسەفییەکاندا کۆمکردوونەتەوە: دەروازەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی هیگل (1841)، پێشەکییەک لە سەر زاتی مەسیحییەت (1841)، تێزە کاتییەکان بۆ چاکسازیی فەلسەفە (1842)، بنەماکانی فەلسەفەی ئایندە (1843)، دەروازەیەک بۆ دووەم پێداچوونەوەی زاتی مەسیحییەت (1843) و وتارێک بۆ وەڵام دانەوەی هێرشەکانی شتێرنەر (1845). ئەم کۆمەڵە وتارە، سەرجەم بەرهەمەکانی فیورباخ لە نێوان 1839–1845 لە خۆ ناگرێت، بەڵام خاڵە پێویستەکانی هزری ئەو بە درێژایی ئەم ساڵە مێژووییانە، دەنوێنێنەوە.

بۆچی سەردێڕی " مانیفێستە فەلسەفییەکانت" هەڵبژاردووە؟

ئەم سەردێڕە هی فیورباخ نییە. بە دوو هۆکار ئەمەم هەڵبژاردووە: یەکەم زەینی و دووەم عەینی. هەر کەسێک کە دەقەکانی چاکسازیی

فەلسەفە و دەروازەیـەک بۆ بنەماکانی فەلسەفەی ئایندە بخوێنێتەوە، تێدەگات کە ئەوانە بەیاننامەی راستەقینە و راگەیاندنی پرخرۆشی ئیلهامی تیۆرین، کە بڕیارە مرۆڤ لە کۆت و بەندەکانی رزگار بکات. فیورباخ مرۆڤایەتی دەکاتە بەردەنگ. ئەو پەردە لە سەر مێژووی جیهانگیر لادەدات، داستان و درۆکان لەناو دەبات، راستی مرۆڤ ئاشکرا دەکات و رادەستی خۆی دەکاتەوە. زەمەن سەرڕێژ (fullness) بووە. مرۆڤایەتی بە شۆڕشێک ئاوسە کە پێدەچێت بەمزوانە روو بدات و خاوەندارێتی هەبوونی خۆی بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە. با مرۆڤ لە کۆتاییدا بەمە بزانێت کە ئەو لە راستیدا (reality) دەبێتە ئەو شتەی کە لە راستیدا (truth) هەیە: هەبوونگەلێکی یەکسان، ئازاد وەک برا.

ئەم چەشنە هاندان و پاڵنانە تا ئەو شوێنەی مەبەستی نوسەرەکەی بێت بە دڵنیاییەوە مانیفێستن؛ هەر وەکچۆن بۆ خوێنەرەکانیشی وەها بوون، بە تایبەت بۆ ئەو رۆشنبیرە گەنج و رادیکاڵانەی 1840 ەکان کە پێکەوە لە نێو دژوازییەکانی " ناچاریی ئەڵمانیا" و فەلسەفەی هیگڵی نوێدا گفتوگۆیان دەکرد. بۆچی 1840ەکان؟ چونکە چلەکان، ساڵانی ئەزموونیی ئەم فەلسەفەیە بوو. لە ١٨٤٠ەکان هیگڵییە گەنجەکان کە پێیانوابوو مێژوو ئامانجێکی هەیە ( واتا گەیشتن بە وڵاتی عەقڵ و ئازادی) بۆ گەیشتن بە هیواکانیان واتە کۆتایی سیستمی فیۆداڵی و پاشایەتیی پرۆس، هەڵگرتنی سانسۆر، کەمکردنەوەی دەوری کڵێسا و بە کورتی دامەزراندنی سیستمێکی پشت ئەستوور بە ئازادیی سیاسی، هزری و ئایینی چاویان بڕیبووە میرانگرەکانی پاشایەتی، بەڵام کاتێک فریدریک ویلهێلمی چوارەمی بە ناو " میرانگری لیبراڵ" گەیشتە دەسەڵات، دیسان بە لای تۆتالیتەریدا گەڕایەوە. ئەم سەر لەنوێ دانپێدانان و پشتڕاستکردنەوەی تۆتالیتاریزمە، زەبرێکی

کوشندەی لەم تیۆرە وەشاند، کە بنەما و بەکورتی سەرجەم هیواکانی [هیگڵییە گەنجەکان] بوو. لە بنچینەدا مێژوو دەبوو مێژووی عەقڵ و ئازادی بێت، بەڵام لە واقیعدا مێژووی بێ عەقڵی و کۆیلایەتی بوو. ئەم راستییانە وانەیەکیان بۆ فێربوون رەخساند: خودی هەبوونی ئەم دژوازییە راستەقینەیە.

بەڵام چۆن دەتوانرا ئەم وانەیە وەربگیرێت؟ لێرەدا زاتی مەسیحییەت دەرکەوت و دواتر نامیلکەکانی چاکسازیی فەلسەفەش. ڕەنگە ئەم دەقانە مرۆڤایەتییان ڕزگار نەکردبێت، بەڵام هیگڵییە گەنجەکانی لە چەقبەستوویی تیۆرییەکەیان رزگار کرد. هەر راست لە سەروبەندی گەورەترین ئاڵۆزیی نێوان هیگڵییە گەنجەکان، فیورباخ وەڵامی پڕبە پێستی پرسیار و مشت و مڕەکانیان سەبارەت بە مرۆڤ و مێژووی دایەوە. رەنگدانەوە و کاریگەری ئەم سێبووری و مەراقە چل ساڵ دواتر لە ئەنگڵسیشدا دەبینرێت. فیورباخ راست ئەو "فەلسەفە نوێیە" بوو کە هیگڵ و تێکڕای ئەو فەلسەفە هزرییەی (speculative) کردەوە بە تابلۆیەکی سپی (tabula rasa)، کە سەرجەم ئەو جیهانەی کە فەلسەفە ناچاری کردبوو لە سەر سەر بڕوات، دیسانەوە بخاتەوە سەر پێ، کە نەک تەنیا هەموو چەشنە نامۆبوون و وەهمێکی بە خراپ دانا، بەڵکو هۆکاری بوونی ئەوانەشی ئاڕاستە کرد و نا-عەقڵانیبوونی مێژووی بە ناوی عەقڵەوە، کردە بابەتی بیرکردنەوە، هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن، لە ئەنجامیشدا ئایدیا و راستی پێکەوە ئاشت کردەوە، پێویستیی ئەم دژوازییە لە جیهان و پێویستیی رزگارییەکەی تێگەیەنراو کرد. هەر بۆیە هیگڵییە نوێیەکان، هەر وەکچۆن ئەنگڵسی پیر ناچاربوو پەسندی بکات، تێکڕا لە ناکاو بوونە فیورباخی. لەم رووەشەوە کتێبەکەیان وەک مانیفێستێک وەرگرت کە ڕێگای داهاتوو رادەگەیەنێت.

بە تایبەتی چ شتێک لەم نوسینانەدا جێ سەرنج و باڵکێشە (سەرنجڕاکێش)؟

ئەم نوسینانە بە پلەی یەکەم خاوەن کەڵکێکی مێژوویین. من تەنیا بە هۆی بە ناوبانگی و نەمرییەوە بەرهەمەکانی چلەکانم هەڵنەبژاردووە ( کە لە راستیدا تا ئێستاش گرنگیی خۆیان پاراستووە، کاتێک هەندێک لە ئێگزیستانسیالیستەکان و تیۆلۆگەکان بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی کشان و هۆگرییەکی مۆدیرن سەیریان دەکەن)، بەڵکو بە پلەی یەکەم لە بەر ئەوەی ئەم بەرهەمانە هی ساتەوەختێکی مێژوویین و دەورێکی مێژوویی گرنگیان هەیە ( هەڵبەت لە نێوان بازنەیەکی سنووردار، بەڵام بازنەیەکی خاوەن داهاتویەکی روون). لە قەیرانی گەشەی تیۆریکی هیگڵییە گەنجەکاندا، فیورباخ هەم شایەتە و هەم ئەکتەریش. بۆ تێگەیشتن لە نوسینەکانی هیگڵییە گەنجەکانی 1840 و 1845ەکان خوێندنەوەی فیورباخ پێویستییەکە. بەتایبەت ئەم بابەتە دەریدەخات کە بەرهەمە سەرەتاییەکانی مارکس تا چ رادەیەک رەنگدانەوەی بیر و هزری فیورباخە. نەک هەر تێرمینۆلۆژیی مارکس لە نێوان 1842 بۆ 1845 ( بەخۆ نامۆبوون، هەستیی چەشن، هەستیی گشتی، بەراوەژوویی دانراو و گوزارە و ...) فیورباخییە، بەڵکوو پێدەچێت لەوەش گرنگتر خودی کێشەداری فەلسەفیی سەرەکی بێت. وتارگەلێک دەربارەی ئاریشەی جولەکە، هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی مافی هیگڵ، ناکرێ لە دەرەوەی زەمینەی کێشەداری فیورباخەوە لێی تێبگەیت. بە شێوازێکی سروشتی، ئەو بابەتە سەرەکییانەی مارکس داویەتە پێش چاو، بابەتە سەرەکییەکانی هزری فیورباخ نێدەپەڕێنێت، بەڵام پڕۆژە و کێشەداری تیۆرییەکەی هەر هەمان [فیورباخە]. ئەگەر بمانەوێت شێوازی دەربڕینی مارکس بەکار بهێنین، [ئەوا دەردەکەوێت] کە تا 1845 خۆی لەم کێشەدارە

جودا نەکردەوە. ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی یەکەم بەرهەمێکە کە دابڕانێکی وشیارانە و بنەبڕ لە فیورباخ و کاریگەرییە فەلسەفییەکانی پیشان دەداتن. خوێندنەوەی بەراوردکارانەی نوسینەکانی فیورباخ و بەرهەمە سەرەتاییەکانی مارکس، خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ بەرهەمەکانی مارکس و تێگەیشتنێکی باشتر لەم گەشە کردنە دەڕەخسێنێت.

**ئایا ئەم تێگەیشتنە مێژووییە  گرنگی تیۆری هەیە؟**

بە دڵنیاییەوە. کاتێک نوسینەکانی نێوان ساڵەکانی 1839 بۆ 1845ی فیورباخ بخوێنرێتەوە، دەتوانرێ  وەرگرتنی بە ئاشکرا ببینرێت، کە زۆربەی چەمکەکان بۆ پاساوی خویندنەوە ئەخلاقییەکانی مارکس دەکرێت، لەم بەرهەمانە وەرگیراون. دەربڕینی گرنگی وەک؛ " ئەم جیهانیی بوونی فەلسەفە". بەراوەژوویی نیهاد و گوزارە"، "بۆ مرۆڤ، ریشە خودی مرۆڤە"، " دەوڵەتی سیاسی، هەستیی چەشنی مرۆڤە"، " سەرکوت و بەدیهێنانی فەلسەفە"، " فەلسەفە سەری رزگاریی مرۆڤە و پڕۆلیتاریا دڵیەتی" ، هتد و هتد... ئەو دەستەواژانەن کە راستەوخۆ لە فیورباخەوە وەرگیراون، یان راستەوخۆ لەو ئیلهامیان وەرگرتووە. تەواوی دەربڕینە مرۆڤگەراییە نمونەییەکانی مارکس، فیورباخین. دەبێ قایل بین بەوەی کە مارکس تەنیا وتەی فیورباخ ناگێڕێتەوە و دووبارەی ناکاتەوە، ئەو فیورباخەی هەر وەک ئەم مانیفێستانە نیشانی دەدەن بەردەوام بیر لە سیاسەت دەکاتەوە، بەڵام بە دەگمەن قسەی لێدەکات. هەموو ئاڵۆزیی فیکری ئەو بە رەخنە گرتن لە ئایین، خواناسی و دەمامکی سکۆلاری خواناسی واتا فەلسەفەی فیکر و ئەندێشەیی بوو. بە پێچەوانەوە ئەوەی فیکر و هزری مارکسی گەنجی بە خۆوە خەریک کردبوو، لە پێشدا سیاسەت بوو و دواتر ئەو

شنەی کە سیاسەت بۆی دەبێتە بابەتێکی وەک بەهەشت: ژیانی بابەتیی مرۆڤی لە خۆ نامۆ، بەڵام سەبارەت بە پرسی جوولەکە، رەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ و ئەوانیتر و تەنانەت لە خێزانی پیرۆزیشدا، مارکس شتێک زیاتر لە فیورباخییەکی ئاوانگارد (پێشڕەو) نییە کە کێشەدارێکی ئەخلاقی بۆ تێگەیشتنی مێژووی مرۆڤایەتی بە کار دەهێنێت. بە دەربڕینێکی دی؛ دەتوانین بڵێین کە لەم کاتەدا، مارکس تیۆری لە خۆ نامۆ بوون، کە تیۆریی فیورباخ سەبارەت بە سروشتی مرۆڤە، لە سیاسەت و چالاکییە بابەتییەکانی مرۆڤدا بەکار دەهێنێت، بەر لە گەشەکردنی ئەمە بۆ ناو ئابووریی سیاسی لە دەستنوسە ئابووری و فەلسەفییەکانی 1844. ئەم بابەتە زۆر گرنگە کە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم چەمکە فیورباخیانە بناسین و بزانین نەک لەبەر هەڵسەنگاندنی هەموو شت بە پێی ستانداردی گەڕانەوەیی و بەڵگاندن ( ئەم چەمکە هی مارکسە و ئەوە هی فیورباخ) بەڵکو بۆ دوورکەوتنەوەی لەوەی کە کێشەدار، چەمکێک بە هی مارکس دابنێین کە خۆی داینەهێناون بەڵکو تەنیا قەرزی کردوون. تەنانەت گرینگتریشە کە بزانین ئەم چەمکانە نەک بە شێوەی تاک و تەنیا و جیاواز بەڵکو بە گشتی و وەک کۆمەڵێک بە قەرز وەرگیراون: ئەم کۆمەڵە بە تەواوی لە کێشەداری فیورباخەوە سەرچاوەی گرتووە. خاڵی گرنگیش هەر ئەمەیە. بە قەرز وەرگرتنی چەمکێک بە شێوەی جیاواز تەنیا دەتوانێت گرنگییەکی رێکەوتی و پلە دووی هەبێت. بە قەرز وەرگرتنی چەمکێک بە شێوەی جیاواز (لە بوارەکەی)، قەرزدار بەرامبەر بە دەق و ئەو بوارەی کە چەمکەکەی لێ هەڵهێنجاندووە، بەرپرس ناکات (بۆ نمونە قەرز وەرگرتن لە سمیت، ریکاردۆ، هیگڵ لە کاپیتاڵ). بەڵام بەقەرز وەرگرتنی کۆمەڵەیەکی سیستماتیکی پێکەوە پەیوەست لە چەمکەکان، قەرزکردنی کێشەدارێکی واقیعی ناتوانێت بە هەڵکەوت بێت

و کەسی قەرزوەرگریش لێی بەرپرسە. بە ڕای من بەراوردی مانیفێستە فەلسەفییەکانی فیورباخ و بەرهەمە سەرەتاییەکانی مارکس زۆر ئاشکرا نیشانی دەدات، کە مارکس بۆ ماوەی دوو یا سێ ساڵ کێشەداری فیورباخی وەرگرتبوو بە ڕاستی خۆی لەودا دەدۆزییەوە؛ بۆ ئەوەی باشتر لە واتای قسەکانی مارکس لەم قۆناغەدا تێبگەین و تەنانەت ئەوکاتەی کە ئەم چەمکانە کاریگەری لە سەر خوێندنەوەکانی دواتر ( بۆ نموونە لە مەیدانی سیاسەت، ژیانی کۆمەڵایەتی، چینی کرێکار، شۆڕش و هتد) دادەنێت و هەر بۆیەش پێدەچێت بەتەواوەتی مارکسیستی خۆ بنوێنێت، پێویستە کە لە ناوەندی ئەم بەراوردە شوناسییەدا دابنێین و بۆ سەرجەم دواهاتە تیۆریک و دەرەنجامەکانی بگەڕێین و پێیاندا بچینەوە. من هەست دەکەم کە ئەمە ئەرکێکی پێویستە، چونکە ئەگەر ئەمە ڕاست بێت کە مارکس گشت کێشەداری فیورباخ وەردەگرێت، کەواتە دابڕانی لە فیورباخ و " جودابوونەوە بە ناوبانگەکەی لە وشیارییە فەلسەفییە پێشووەکانی" دەلالەت لە گرتنە بەری کێشەدارێکی نوێ دەکات، کە تەنانەت ئەگەر هەندێک لە چەمکە پێشووەکانیش ئاوێتەی بێت، ئەم کارە لە ناو تێکڕاییدا ئەنجام و گرنگی بە شێوازێکی ڕیشەیی نوێ دەدات. پێی خۆشحاڵ دەبم بتوانم ئەم بابەتە لە ڕێگەی وێنەیەک لە مێژووی یۆنان ڕوونتر بکەمەوە کە مارکس خۆی بە کاری هێناوە: دوای پاشەکشەیەکی گەورە لە بەرامبەر هێزە پارسەکاندا، تێمیستۆکلیس پێشنیاری دایە دانیشتوانی ئاتێن، کە شارەکەیان بەجێ بهێڵن و داهاتووی شارەکەیان لە سەر تۆخمێکی نوێ واتا دەریا بنیات بنێن. شۆڕشی تیۆری مارکسیش دەقاودەق هەر ئەم بونیاتنان لە سەر تۆخمێکی نوێیە دوای ڕزگارکردنی لە تۆخمە کۆنەکان واتا تۆخمی فەلسەفەی هیگڵ و فیورباخ، بوو.

دەکرێ بە دوو شێواز سەیری ئەم کێشەدارە نوێیە بکرێت: سەرەتا، لە نوسینەکانی مارکسی پێگەیشتوودا ( ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، هەژاریی فەلسەفە، کاپیتاڵ و هتد)، بەڵام ئەم بەرهەمانە هیچ شیکردنەوە و دەربڕینێکی سیستماتیک لە هەڵوێستە تیۆرییەکانی مارکس بە بەراورد لەگەڵ دەربڕینەکانی هیگڵ بۆ فەلسەفەکەی خۆی لە دیاردەناسیی رۆح، ئەنسیکلۆپێدیای زانستە فەلسەفییەکان، لۆژیک، هەروەها شیکردنەوەکانی فیورباخ بۆ فەلسەفەکەی خۆی لە بنەماکانی فەلسەفەی ئاینده، لە خۆناگرێت. نوسینەکانی مارکس یان مشتومڕن ( ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، هەژاری فەلسەفە) و یان لێکدانەوەی سەلماندن ( کاپیتاڵ). ئەوەی کە بکرێ ناوی هەڵوێستی تیۆری مارکس یان بە هەندێک دوودڵییەوە فەلسەفەکەی، لێ بنێیت، لەم بەرهەمانەدا کاریگەری هەیە و ئەکتیڤە، بەڵام لەم بەرهەمانەدا نێژراوە و ئاوێنەی کەڵکەڵە رەخنەئامێزەکان و شێوازی خودی پەڕگیری (heuristic) ئەو بووە و ئاڵۆزکاوە. ئەگەر هەشبێت زۆر بە کەمی بە راشکاوی و سەبارەت بە خۆیان بە شێوازێکی سیستماتیک و بەربڵاو، کەوتوونەتە بەر باس. بێگومان ئەم دۆخە، ئەرکەکانی توێژەرەکان ئاسان ناکات. لێرەدا زانینی کێشەداری فیورباخ و ئەوەی کە بۆچی مارکس لە فیورباخ جودا بۆوە دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێت. لەبەر ئەوەی لە رێگەی فیورباخەوە دەتوانین دەسڕاگەیشتنێکی ناڕاستەوخۆمان بە کێشەدارە نوێیەکەی مارکس هەبێت. دەتوانین تێبگەین ئەمە چ کێشەدارێک بوو کە مارکس لێی دابڕا، ئەو ئاسۆ تیۆرییە نوێیانە کەشف بکەین کە دابڕان کردییەوە، ئەگەر ئەمە راست بێت کە دەکرێ کەسێک لە رووی ئەو شتانەی کە نەرێیان دەکات هەر بە قەد ئەو شتانەی کە بڕوای پێیانە، بناسین، ئەوکات دەتوانین بیرمەندێکی وردبینی وەک مارکس لە رووی لایەنەکانی جودابوونەوەی لە

فیورباخ به قەد دەربڕین و تێڕوانینەکانی دواتری بناسین و شیبکەینەوە. لەو ڕووەوە کە ئەم دابڕانە لە فیورباخ لە کاتێکی چارەنوسساز لە پرۆسەی بەرهەم هاتنی هەڵوێست و تێڕوانینی تیۆریی مارکسدا ڕوودەدات، ئەوا تێگەیشتنی فیورباخ دەبێتە کەرەستەیەکی بێ ئالتێرناتیڤ بۆ دەستراگەیشتن بە هەڵوێستی فەلسەفیی مارکس، کەرستەیەکی بەهێز و دەوڵەمەند بە هۆی دەلالەتە تیۆرییەکانییەوە.

هەستدەکەم لە هەندێک لایەنەوە مەسەلەی تێگەیشتنێکی باشتر لە پەیوەندیی نێوان مارکس و هیگڵ مومکین دەکات. ئەگەر ئەم دابڕانە لە نێوان مارکس و فیورباخ دا هەیە، کەواتە دەبێ رەخنەکانی مارکس لە هیگڵ کە لە زۆربەی بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا دەبینرێت تا ئەو جێگەی، کە دەگەڕێنەوە بۆ پێشگریمانە کۆتاییەکانی فەلسەفەکەی، وەک رەخنەی ناتەواو و تەنانەت هەڵەش لە بەرچاو بگیردرێت، چونکە ئەم رەخنانە، رەخنە لە روانگەی فیورباخن، تێڕوانینێک کە دواتر خودی مارکس رەتی کردەوە. ئێستا، زیاتر لە بەر ئاسانی، هۆگرییەکی بەردەوام و پاک هەیە، کە پێیوایە هەرچەندە مارکس دواتر تێڕوانینەکانی گۆڕی و باشتری کرد، بەڵام لە هەر حاڵدا رەخنەی مارکس لە هیگڵ لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا پاساوهەڵگرە و دەبێ بپارێزرێت، بەڵام بۆ ئەمەش دەبێ ئەم راستییە بنەڕەتییە کە مارکس کاتێک تێگەیی، کە رەخنەی فیورباخ لە هیگڵ رەخنەیەکە لە ناو خودی فەلسەفەی هیگڵەوە، وازی لێهێنا و خۆی لێی جودا کردەوە و لە بەرچاوی نەگرت، هەروەها ئەوەی کە فیورباخ هێشتا فەیلەسوفێک بوو کە هەرچەندە بە راشکاوانە رووکاری بینای هزری هیگڵی ژێراوژوور کرد، بەڵام پێکهاتەی کۆتایی و بنەماکانی واتا پێشگریمانە تیۆرییەکانی پاراست. لە تێڕوانینی مارکسەوە فیورباخ لە نێوان سنوورەکانی فەلسەفەی هێگڵدا وەستا بوو لەم

رووەوە، کە تەنیا بنەماکانی هیگڵی لە دژی خودی هیگڵ بەکاردەهێنا، ببوە زیندانیی ئەم فەلسەفەیە نەک رەخنەگریی. ئەو " تۆخمەکانی" ئەم فەلسەفەی نەگۆڕیبوو. رەخنەی راستەقینەی مارکسیستی لە هیگڵ رێک پشتی بە گۆڕینی ئەم تۆخمانە دەبەست، واتا پشتی بە تەرک کردن و وازهێنان لەو کێشەدارە فەلسەفییەی، کە فیورباخ زیندانییەکی سەرکەشی ئەو بوو.

بۆ ئەوەی سوودی تیۆریکی ئەم روبەڕوو بوونەو بەرجەستەیەی نێوان هزری مارکس و فیورباخ، کە کاریگەریی لە سەر مشت و مڕەکانی ئێستاش هەیە، کورت بکەمەوە دەبێ بڵێم ئەو شتەی لەم دابڕانە دووانەدا، سەرەتا لە هیگڵ و دواتر لە فیورباخ، خاوەن گرنگییە واتای راستەقینەی خودی وشەی فەلسەفەیە. فەلسەفەی مارکسیستی لە دژوازی لەگەڵ مۆدێلە کلاسیکەکانی فەلسەفەدا، دەتوانێ چی بێت؟ یان هەڵوێستی تیۆریی کێشەداری ئەو فەلسەفە سوننەتییەی هێگڵ دوایین تیۆریسیەنی بوو، فیورباخ بێهوودە هەوڵی خۆرزگار کردنی لێ دەدات، دەتوانێ چی بێت؟ دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بە شێوازێکی نەرێنی لە بەرهەمەکانی خودی فیورباخ تێبگەیت، ئەم دوا شایەتەی " وشیاری فەلسەفی" سەرەتایی مارکس، دوایین ئاوێنەیەکە، کە مارکس پێش نەرێ کردنی وێنە قەرزییەکەی و داڕشتنی وێنەی راستەقینەی خۆی، لەوێدا سەیری خۆی کرد.

**ئۆکتۆبەری 1960**

* ئەم دەقە وەرگێڕانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەیە، کە بێهزاد باقری کردوویەتی بە فارسی، لە ژمارە حەوتی گۆڤاری خاک دا بڵاوکراوەتەوە:

Trans. By Ben Brewster, The Penguin press 1969, FOR MARX, Louis Althusser

# لودویگ فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی

## کرێکارانی جیهان یەکگرن!

**ئەنگلس**

**لە فارسییەوە: سالار ڕەشید**

«مارکس و ئەنگلس بە لێبڕاوەترین شێواز، داکۆکییان لە ماتریالیزمی فەلسەفی کردووە و چەندین جار روونیانکردۆتەوە، کەهەر جۆرە لادانێک لەم بنەمایانە، هەڵەیەکی گەورەیە. تێروانینەکانیان زۆر بە ڕۆشنی و بە درێژی لەو دوو پەڕاوەی ئەنگلس: «فیورباخ» و «ئانتی دۆهرینگ»»، کە هاوشێوەی «مانیفێستی کۆمونیستـ»، لە ڕێزی ئەو کتێبانەیە کە دەبێت هەردەم لە بەردەستی هەر کرێکارێکی وشیاردا بێت، خستوەتەڕوو».

**لینین**

**پێشەکی**

کارل مارکس لە پێشەکی پەرتووکەکەی «دەربارەی رەخنە لە ئابوریی سیاسی»، چاپی بەرلین 1859، باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە ساڵی 1845 لە برۆکسل، پێکەوە بڕیاری ئەوەماندا کە «هەردووک پێکەوە، تێڕوانینەکانمان» یانی تێگەیشتنی ماتریالیستانە بۆ مێژوو، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن مارکسەوە داڕێژران «بەپێچەوانەی تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی دابڕێژین و لە ناوەرۆکی کارەکەوە، حیسابی خۆمان، لەگەڵ ویژدانی فەلسەفیی پێشوومان، یەکلا بکەینەوە. ئەم نیازەی ئێمە، بەشێوەی رەخنەگرتن لەو فەلسەفەیەی کەلە پاش هیگڵ پەیدابوو، بەئەنجام گەییشت. زۆر دەمێک بوو، دەستنوسەکە- کەپێکهاتبوو لە دوو بەرگی گەورە،

بەقەوارەی هەشتیەک- گەیشتبووە جێگای چاپ، یانی وستفالیا، کاتێک ئێمەیان ئاگادارکردەوە، کە بە هۆی گۆڕانی هەلومەرجەکەوە، مەحاڵە پەرتووکەکە لە چاپ بدرێ. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە بەمەبەستی سەرەکیمان - کە ڕۆشنکردنەوەی مەسەلەکان بوو بۆ خۆمان گەییشتبووین، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە، دەستنوسەکەمان خستە بەردەم رەخنەی مشکە کرتێنەرەکان.

لەو کاتەوە، چل ساڵ زیاتر تێپەڕیوە و مارکس کۆچی دوایی کردووە. بۆ هیچ یەکێکمان، ئەو هەلە نەڕەخساوە، کە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر بابەتی ناوبراو. ئێمە هەڵوێستی خۆمان لە زۆر بۆنەدا، سەبارەت بە هیگڵ خستوەتە ڕوو، بەڵام ئەم کارەمان لە هیچ نوسراوەیەکدا بەتەواوی بەئەنجام نەگەیاندوە. هەرچی دەربارەی فیورباخە، کەلە هەندێک لایەنی دیاریکراودا، ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هیگڵ و تیۆرییەکەی ئێمەیە، بەهیچ جۆرێک نەگەڕاوینەتەوە سەری. لەو ماوەیەدا، تێروانینی مارکس بۆ دنیا، لایەنگرانێکی لە دەرەوەی سنورەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا و تەواوی زمانە ئەدەبییەکانی دنیا بۆ پەیدا بوو. لەلایەکی دیکەوە، فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی لە دەرەوەی ئەڵمانیا، بە تایبەت لە ئینگلتەرا و لە وڵاتە ئەسکاندیناڤییەکان،جۆرێک بۆرژوانەی بە خۆی بینی. وەک دەرئەکەوێ، تەنانەت لە ئەڵمانیا، هەر هەموو ئەو چێشتە بێتامە ئیختیارییەیان پێئەگەیان، کەلە زانکۆکاندا بە ناوی فەلسەفەوە پێشکەشیان دەکرا.

لەبەرئەوە هەتا ئەهات زیاتر، ئەوەم لەلا گەڵاڵە دەبوو، کە چۆن تێڕوانینی خۆمان لەسەر فەلسەفەی هیگڵ، بەشێوەیەکی کورت و رێکوپێک، یانی چۆن لێیەوە دەستمانپێکرد و چۆن وازمان لێهینا، بخەمە ڕوو. هەروەها دەبێ بە تەواوەتی دان بەوەدا بنێم کە چۆن ئێمە قەرزارباری فیورباخین و چۆن لە سەردەمی تۆفان و هێرشدا(1)، لە پاش هیگڵ، لە هەموو

فەیلەسوفێکی دیکە زیاتر، کاریگەری گەورەی بەسەرمانەوە هەبوو. لەبەرئەوە من زۆر بە خۆشحاڵییەوە، پێشنیازی دەستەی دەرهێنەری گۆڤاری نوێی تزایت (2) «Neue Zwit» «م قبوڵکرد، کە ئەویش نوسینەوەی شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە لەو پەرتوکەی شتارکە کە لەسەر فیورباخ بوو. نوسینەکەم لە ژمارە چوارەم و پێنجەمی گۆڤاری ناوبراو لە ساڵی 1886دا بڵاوکرایەوە و ئێستاش بە چاپێکی سەربەخۆ، کە پێیدا چوومەتەوە، بڵاودەکرێتەوە.

پێش ئەوەی ئەم دێڕانە بۆ چاپخانە بنێرم، دەستنوسە کۆنەکەی ساڵانی 1845 1846–م پەیداکرد و جاررێکی تر دەرم کردەوە. لەم دەستنوسەدا، ئەو بەشەی کە تایبەتە بە فیورباخ، تەواو نەکراوە. ئەو بەشەی کە تەواو کراوە، بریتییە لە شیکردنەوەی ماتریالستانە بۆ مێژوو، ئەو شیکردنەوەیە بە تەنها ئەوەپیشان دەدات کە تا چ ڕادەیەک زانیاریمان لەو سەردەمەدا، لەبواری مێژوویی ئابوریدا ناتەواو بووە. بابەتی رەخنە لە تێۆری فیورباخ لە دەستنوسەکەدا نییە، هەربۆیە ئەم نوسینەم، ناتوانم پشتی پێ ببەستم. بەڵام لە یەکێک لە دەفتەرە کۆنەکانی مارکس، یانزە تێزەکەم، کە دەربارەی فیورباخە دۆزییەوە. ئەم تێزانە، تێبینیگەلێکن، کە بە خێرایی نوسراون و بە هیچ جۆرێک بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە نەکراون، پێویستنسسان بە ڕێکخستن و داڕشتنەوە هەیە. بەڵام بەهای ئەوانە، وەک یەکەمین بەڵگەنامەیەک، کە ناوکی بلیمەتی جیهانبینی نوێی لە خۆگرتوە، لەڕادەبەدەرە.

**فریدریک ئەنگلس**

**لەندەن شوبات 1888**

ئەم پێشەکییە ف.ئەنگلس، بۆ چاپێکی سەربەخۆی پەرتوکەکەی بە ناوی «لودڤیگ فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی»، کەلە ساڵی 1888 لە شتونگارت بڵاوکرایەوە.

لودڤیگ فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی

**بەشی یەکەم: هیگڵ**

ئەم بابەتەی کە لە بەردەستماندایە، ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ رۆژگارێک، کەلە ڕووی کاتەوە بە قەدەر یەک وەچە لە پاش ئێمەوەیە. بەڵام بۆ ئەم وەچەیەی کە ئێستا لە ئەڵمانیا ئەژین، بەجۆرێک بۆیان نامۆیە، وەک ئەوەی کە یەک سەدە نێوانیان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قۆناغە قۆناغی خۆئامادەکردنی ئەڵمانیا بۆ شۆڕشی 1848 بوو و هەۆچییەک لە دوای ئەوەوە، لای ئێمە ڕوویدابێت، تەنها بەردەوامی ساڵی 1848 و جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەیە، کە شۆڕش بەجێی هێشت.

لە ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەیەم، هەروەکو فەرەنسای سەدەی هەژدەیەم، شۆڕشی فەلسەفی سەرتایەک بوو بۆ شۆڕشی سیاسی. بەڵام چ جیاوازییەکی مەزن لە نێوان ئەو دوو شۆڕشە فەلسەفییەدا هەبوو! فەرەنسییەکان بە ئاشکرا لە بەرامبەر سەرتاپای زانستی فەرمی و کڵێسا و هەروەها زۆر جاریش لە بەرامبەر دەوڵەت، دەجەنگێن نوسراوەکانیان لەو دیو سنور، لە هۆڵەندا و ئینگلتەرا چاپ دەکران و بۆیە بە زۆریی خۆشیان ڕەوانەی باستیل دەکرد. بەلام ئەڵمانەکان بە پێچەوە، مامۆستا و پەروەردەکارانی لاوان، لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزرابوون، نوسراوەکانیان وەکو پەرتوکی پەروەردە و فێرکردن دانی پێدا نرابوو، هەروەها رێبازی هیگڵ، کە تاجی تێکڕای پەرەسەندنی فەلسەفییە، بەڕادەیەک بڵندکرایەوە کە بووە فەلسەفەی فەرمی شاهەنشاهیی پروسی! لە پشت سەری مامۆستایانێکی لەو چەشنە و لە دەربڕینە نارۆشن و خۆبەزلزانینەکانیانەوە، لە ڕستە قورس و بێزارکەرەکانیانەوە، چۆن دەکرێت شۆڕش پەیدابێت؟! ئەوانیش کە لەو رۆژگارەدا، بە نوێنەری شۆڕش دائەنران، یانی لیبراڵەکان، ئایا سەرسەخترین

دوژمنی ئەو فەلسەفەیە، کە ناڕۆشنی لە مێشکی مرۆڤ پێکدەهێنا، نەبوو؟ بەڵام ئەوەی کە نە دەوڵەت و نە لیبراڵەکان نەیان دەبینی، لانی کەم کەسێک، لە هەمان ساڵی 1833دا، بە ناوی هاینریش هاینەوە (3) دەیبینی.

با نمونەیەک بهێنمەوە. هیچ تێزێکی فەلسەفیی بە قەدەر ئەو تێزە بەناوبانگەی هیگڵ کە دەڵێت: «هەر واقیعییەک ماقوڵ و هەر ماقوڵێک واقیعییە»، نەبوەتە جێگای ڕێزی دەوڵەتە کورتبینەکان و دانی پێدا نەنراوە و نەبوەتە جێگای غەزەبی ئەو لیبراڵانەی کە لە کوردتبینیدا لەو دەوڵەتانە کەمتر نین.

ئەم تێزە بە ڕووکەش، پاساوێکە بۆ گشت ئەو شتانەی کە هەیە، فەلسەفەی ستەمکاری و ملهوڕی، دەوڵەتی پۆلیسی، دادگای پاشایەتی و سانسۆر پیرۆز ڕادەگرێت. فریدریک ولهیلمی سێیەم بەو جۆرە بیری دەکردەوە، لایەنگرانیشی بەو جۆرە بیریان دەکردەوە. بەڵام بەلای هیگڵەوە، هەر شتێک کە بوونی هەیە، بەهیچ جۆرێک، بەبێ قەیدوشەرت، واقیعی نییە. واقیعیبوونی هەرشتێک، پەیوەستە بەوەی، کە لە هەمانکاتدا پێویستیش بێت.

«واقیعییەت، لە میانەی پەرەسەندنی خۆیدا، بە شێوەی پێویستیی دەرئەکەوێ«. لەبەرئەوە، هیگڵ پێیوا نییە، کە هەر هەنگاوێکی دەوڵەت بەبێ چەندوچوون، شتێکی واقیعییە، خودی هیگڵ، بۆ نمونە، «یاسای باجی دیاریکراو»ی باس دەکرد، بەڵام ئەوەی کە پێویستییە، سەرئەنجام وەک ماقوڵ دەرئەکەوێ، بەم پێیە، ئەگەر ئەو تێزەی هیگڵ لەگەڵ دەوڵەتی پروسی ئەو سەردەمە بەکاربەرین، ئەوا تەنها ئەم مانایەی دەبێت: ئەم دەوڵەتە بەو ڕادەیەی کە پێویستە، بە هەمان ڕادەش ماقوڵە و لەگەڵ ژێریدا جووت دێنەوە. ئەگەر بەم حاڵەوە، لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم دەوڵەتە

گەندەڵە و پاساوی گەندەڵیی دەوڵەت، لە گەندەڵی دەستوپێوەندەوەیە. پروسییەکان ئەو دەمە، دەوڵەتێکی وایان هەبوو، کە شایانی خۆیان بێت.

بەڵام واقیعییەت، لە دیدگای هیگڵەوە، بەهیچ جۆرێک سیفەتگەلێکی لەو جۆرە نییە، کەلە هەموو هەلومەرج و سەردەمێکدا، پاشکۆی سیستمێکی سیاسیی وەیان کۆمەڵایەتی دیاریکراو بێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، کۆماری ڕۆمانی واقیعی بوو، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیش کە کۆماریی لە مەیدان وەدەرنا، ئەویش دیسانەوە واقیعی بوو. هەروەها پاشایەتیی فەرەنسا لە ساڵی 1789 بە ڕادەیەک ناواقیعی بوو. یانی بە ڕادەیەک کە پێویستی مانەوەی بە هیچ جۆرێک نەمابووەوە و بەڕادەیەک ناماقوڵ بوو، کە پێویست بوو شۆڕشی مەزن، کە هیگڵ هەمیشە بە شۆڕوشەوقێکی زۆرەوە باسی دەکرد، بیروخێنێت. لەبەرئەوە پاشایەتی لێرەدا ناواقیعیی، بەڵام شۆڕش واقیعی بوو. ڕێک بە هەمان شێوە، هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕابوردودا واقیعیی بوون، لە ڕەوتی پەرەسەندندا، دەبنە ناواقیعی و پێویستیبوون و مافی ژیانی خۆیان، هەروەها سیفەتی ماقوڵێنی، لە دەستدەدەن. واقیعەتی نوێ، کە بۆ ژیان بشێت، جێگاە واقیعەتی لەناوچوو دەگرێتەوە، ئەگەر هاتوو کۆنەکە ژیربوو، وە بەبێ بەرگریی، بە چارەنوسی خۆی ڕازی بوو، ڕێگایەکی ئاشتیانە و ئەگەریش لەبەرامبەر ئەم پێویستییەدا وەستایەوە، ئەوا ڕێگای توندوتیژی بەکاردەبرێت. بەو شێوەیە ئەم تێزەی هیگڵ، لە ژێرتیشکی دیالێکتێکی خودی هیگڵ، بەدژی خۆی دەگۆرێت: هەموو ئەو شتانەی کەلە مەیدانی مێژووی مرۆڤایەتیدا واقیعین، بە تێپەڕینی کات لەگەڵ ژیریدا پێچەوانە دەبنەوە، بەم پێیە هەموو واقیعەتێک بە تەبیعەتی خۆی ناماقوڵەو هەر لەسەرەتاوە مۆری ناماقوڵی لەخۆی داوە، هەروەها هەموو ئەوانەی کە لە مێشکی مرۆڤدا ماقوڵن، هەرچەندە لەگەڵ واقیعەتی بە ڕووکەش

دژایەتیشیان هەبێت، بڕیارە کە سبەی ڕۆژ بە واقیعەت بگۆڕێن.ئەو ئێزەی کە دەڵێت، هەموو شتێکی واقیعی، ماقوڵە، بەپێی هەموو ڕێساکانی ڕێبازی هیگڵی، ئێزێکی دیکە ئەویش هەر شتێک کە هەیە، شایستەی پوکانەوەیە دەگۆڕێت. بەڵام لەهەمانکاتدا گرنگیی واقیعی و مۆرێکی شۆڕشگێڕانەی فەلسەفەی هیگڵ (کە پێویستە ئێمە لێرەدا، توێژینەوەکەمان بە دوا قۆناغی بزوتنەوەی فەلسەفی، کە لە سەردەمی کانتەوە دەستپێکردووە، سنوردار بکەینەوە) لەوەدایە، کە فەلسەفەی هیگڵ دوا سنوری بۆ هەر جۆرە وێنایەک لە مەڕ دوا بەشی بەرهەمی بیر و کاری مرۆڤ دانا. لە دیدگای هیگڵەوە ئەوەی، کە دەبێ فەلسەفە بیزانێت ئەوەیە، کە ڕاستی کۆمەڵە بڕوایەکی وشک و ئامادەکراو نییە، کە لە دوای دۆزینەوەی ئەرکی مرۆڤ تەنها ئەوە بێت کە بچێت لەبەریان بکات، بەڵکو ئێستا ئیتر شوێنی ڕاستی خودی پرۆسەی زانین و پەرەسەندنی مێژووی دوورودرێژی زانستە، زانستێک کە لە پلە نزمەکانی زانستەوە بۆ پلە بەرز و بەرزترەکانی هەڵدەکشێت، بەڵام هەرگیز ناگاتە خاڵی بەناو ڕاستیی ڕەها ، کە ئیتر نەکرێ لەوە زیاتر مرۆڤ هەنگاوی زیاتر بنێ و کارێکی تری بۆ نەمابێتەوە، جگە لەوەی دەست بنێتە سەر دەست و لە نێو خەیاڵی جوانیی ئەو ڕاستییە ڕەهایەی کە بە دەستیهێناوە بتوێتەوە. ڕەوەندەکە بەم جۆرەیە، چ لە مەیدانی مەعریفەی فەلسەفی وەیان لەمەیدانی هەر مەعریفەیەکی دیکە و هەروەها لە مەیدانی چالاکی عەمەلیشدا. مێژووش بە هەمان شێوەی زانینە، هەرگیز لە حاڵەتێکی کامڵ و نمونەیی مرۆیی، بە سەرئەنجامێکی کۆتایی ناگات. کرمەڵگەی کامڵ و«دەوڵەتی» دوو شتن دەکرێ بە تەنها لە دنیای خەیاڵدا بوونی هەبێت، بەڵام مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە، هەموو سیستمە کۆمەڵایەتییەکان کە لە مێژوودا جێگای یەکتری دەگرنەوە، جگە لە قۆناغگەلێکی کاتیی پەرەسەندنی

کۆمەڵی مرۆیی، کە کۆتایی نییە لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ بەرز شتێکی تر نییە. هەر قۆناغێکی پێویست، کە قەرزارباری ئەو هەلومەرج و ڕژگارەیە کە تیایدا گەشەی کردووە، باش و پەسەندکراوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجە نوێ و باڵاترەدا، کە پلە بە پلە لە هەنگاوی خودی خۆیەوە پەیدا دەبێت و گەشە دەکات، باشی و پەسەندێتی لە دست دەدات و جێگەی بۆ چۆڵ دەکات. ئەم قۆناغە ناچار دەبێت کە جێگا بۆ قۆناغێکی باڵاتر چۆڵ بکات، کە ئەویش لە نۆرەی خۆیدا توشی داماوی و لەناوچوون دەبێت. هەروەکو چۆن بۆرژوازی بە هۆی پیشەسازی گەورە و کێبەرکێ و بازاڕی جیهانییەوە، تەواوی دامەزراوە لە مێژینە جێکەوتەکان، کە چەندین سەدەی دووردرێژ پیرۆز ڕاگیرابوون، تێکوپێک ئەشکێنێ، بە هەمانشێوە ئەم فەلسەفەی دیالێکتیکە، تەواوی ئەو وێنایانەی کە باسی ڕاستی ڕەها و کۆتایی و هەلومەرجی مرۆڤایەتیی ڕەها کە جوتبێنەوە لەگەڵیاندا دەکات، تێکوپێک ئەشکێنێ. بەلای فەلسەفەی دیالێکتیکییەوە، هیچ شتێکی کۆتایی، ڕەها و پیرۆز نییە ئەم فەلسەفەیە پێیوایە، لەناوچوون مەسەلەیەکی ناچارییە بۆ هەموو شتێک و هیچ شتێک جگە لە ڕەوتی بەردەمی گەشە و نەمان و بڵندبونەوەی بێ کۆتایی لە نزمەوە بۆ بەرز، توانای وەستانەوە لە بەرامبەریدا نییە. هەروەها بۆ خۆشی ڕەنگدانەوەیەکی سادەی ئەم پرۆسەیەیە لە هزری بیرمەنددا. ئەوە دروستە کە ئەم فەلسەفەیە لایەنی کۆنەپارێزانەشی هەیە، ئەویش بەو جۆرەی کە وەک شتێکی باش و پەسەند دەڕوانێتە هەر قۆناغێکی دیاریکراو لە پەرەسەندنی زانین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەلومەرج و سەردەمی خۆیدا نەک زیاتر. کۆنەپارێزی ئەم شێوە تێگەیشتنە ڕێژەییە، بەڵام لایەنە شۆڕشگێڕییەکەی ڕەهایە- ئەمە تەنها ڕەهایەکە کە فەلسەفەی دیالێکتیک پێی ڕازیی بێت.

ئێمە لێرەدا بە پێویستی نازانین لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە، کە ئایا ئەم شێوە تێگەیشتنە لەگەڵ هەلومەرجی هەنووکەیی زانستییە سروشتییەکاندا بە تەواوی ڕێک دێتەوە، ئەو زانستانەی کە پێشبینی ئەگەری لەناوچوونی گۆی زەوی و لەناوچوونی دانیشتوانەکەی بە دڵنیاییەکی ڕێژەییەوە دەکات و بە پێی ئەم بنەمایە، پێوایە کە مێژووی مرۆڤایەتیی جوڵەیەکی ڕوو لەسەر نییە بە تەنها، بەڵکو ڕوو لە خواریشە، بەڵام بە هەرحاڵ ئێمە هێشتا لەو خاڵی وەرچەرخانەی، کە مێژووی کۆمەڵگە جزڵەی ڕوو لە خواری خۆی لێیەوە دەسپێدەکات،گەلێک دوورین و ناشێتیش ئەو چاوەڕوانییەمان لە فەلسەفەی هیگڵ هەبێت، کە گرنگی بە مەسەلەیەک بدات کە زانستەکانی سروشت هەتاوەکو ئێستا لە دەستوری کاری خۆیاندا دایان نەناوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە باس بکرێت ئەوەیە، کە ئەو بۆچوونانەی لە سەرەوە لێی دواین، بەو شێوە لێبڕاوانەیەی ئێمە خستمانە ڕوو، هیگڵ نەیخستوەتە ڕوو. ئەوانە ئەنجامگیرییەکن کە ئەو ڕێبازەی ئەو بە ناچاری پێی دەگات، بەڵام خۆی هەرگیز بە ڕاشکاوییەکی لەو جۆرە، ئەم ئەنجامگیرییەی نەکردووە، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە کە هیگڵ ناچاربووە سیستمێک بنیات بنێت، سیستمی فەلسەفەیش بەپێی نەریتی باو هەر لە مێژەوە، دەبێت بەم یان بەو ڕاستییە ڕەهایە کۆتایی بێت. هەروەها ئەوە خودی هیگڵیشە، بە تایبەت لە پەرتووکی «لۆژییک»ەکەی خۆیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ڕاستییە نەمر جگە لە خودی پرۆسەی لۆژیکیی (بەمانایەکی تر: resp: مێژوویی) شتێکیتر نییە، هیگڵ خۆی بە ناچار دەزانێت کە کۆتاییەک بۆ ئەم پرۆسەیە دابنێت، چونکە سەرئەنجام ئەو پێویستە فەلسەفەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆتایی پێ بهێنێت. ئەو دەتوانێت لە «لۆژیک»دا، لەو کۆتاییە سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکات، چونکە

خاڵی کۆتایی یانی بیرۆکەی ڕەهاـ کە تەنها لەبەرئەوە ڕەهایە، چونکە ئەو هەرگیز ناتوانێت شتێکی لەبارەوە بڵێت_ لەوێدا خۆی «دەگوازێتەوە» (یانی دەگۆڕێت) بۆ سروشت پاشان لە شێوەی ڕۆح _ یانی بیر و مێژوو _ دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی. بەڵام لە کۆتایی هەر فەلسەفەیەکدا، بۆ گەڕانەوەیەکی لەم چەشنە بۆ خاڵی لێوەهەستان، تەنها یەک ڕێگا دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە کۆتایی مێژوو بەم شێوەیە وێنا بکات: مرۆڤایەتی، بەتەواوی دەستی بە زانینی بیرۆکەی ڕەها دەگات و ڕایدەگەیەنێت کە زانینی ئەم بیرۆکەی ڕەهایە، لەلایەن فەلسەفەی هیگڵەوە بەدەستهاتوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو ناوەرۆکێکی وشکەڵاتووی سیستمی هیگڵ وەکو ڕاستییەکی ڕەها ڕابگەیەنین، کە ئەمەش ناکۆکی لەگەڵ شێوازە دیالێکتیکییەکەی خۆی، کە هەموو شتێکی وشکەڵاتوو وێران دەکات. ئەمە یانی خنکاندنی لایەنی شۆڕشگێڕیی لە ژێر فشاری لایەنی لە ڕادەبەدەر هەڵاوسانی کۆنەپارێزانە، نەک لە مەیدانی زانینی فەلسەفی بە تەنها، بەڵکو لە بواری پراکتیکی مێژووییشدایە. مرۆڤایەتی کە بە هۆی هیگڵەوە بە بیرۆکەی ڕەها گەییشت، پێویستە لە مەیدانی پراکتیکیشدا تا ئەو ئاستە بچێتە پێش کە بتوانێت، گۆڕینی ئەم بیرۆکەی ڕەهایە بۆ واقیعەت فەراهەم بکات. بەم پێیە، بیرۆکەی ڕەها پێویستی نە دەکرد بۆ هاوچەرخەکانی خواستی سیاسی زۆر مەزن پێشکەش بکات، لەبەرئەم هۆیە، ئێمە لە کۆتایی «فەلسەفەی مافەکان»دا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە پێویستە بیرۆکەی ڕەها لە ژێر سایەی پاشایەتیی پایەپایەییدا، کە فریدریک ویلهیلمی سێیەم، پەیمانی بە دەستوپێوەندەکانی دەدا و پێی لەسەر دادەگرت، بەڵام بەجێی نەدەگەیاندبەم ئەنجامە بگات، یانی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی چینە دەسەتدارەکان، دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی سنوردار مامناوەندی، کە لەگەڵ

پەیوەندییەکانی وردەبۆرژوازی ئەو دەمەی ئەڵمان ڕێک دێنەوە. هەروەها هەوڵ دەدرێت کە ناڕاستەوخۆ، پێویستبوونی چینە نەجیبزادەکانمان بۆ بسەلمێنن.

بەهەمان شێوە، تەنها پێویستییە دەروونییەکانی سیستمە بە ڕادەی پێویست ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە بۆچی شێوازێکی بیرکردنەوەی لە ڕادەبەدەر شۆڕشگێڕانە، بە ئەنجامگیرییەکی سیاسیی زۆر ئاشتیانە دەگات. بەڵام شێوەی تایبەتی ئەم ئەنجامگیرییە بێگومان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیگڵ ئەڵمانی بووە و وەکو گۆتەی هاوچەرخی، بە ڕادەیەکی بەرچاو کورتبینی وردەبۆرژوازی بەسەردا زاڵبووە. گۆتەش هەروکو هیگڵ، هەر یەکەیان لە مەیدانی خۆی بە تەواوی مانا، زێوسی ئۆلۆمپی (4) واقیعی بوون، بەڵام نە یەکەمیان و نە دووەمیان، نەیانتوانی بە تەواوی خۆیان لە کورتبینی وردەبۆرژوازی ئەڵمانی رزگار بکەن.

بەڵام ئەو ڕێگەی لەوە نەگرت کە سیستمی هیگڵ، مەیدانگەلێک بگرێتەوە بە بەراورد لە تەک تەواوی سیستمەکانی پێشینی خۆی، گەلێک فراوانتر بێت و لەم مەیدانەدا، سەروەتێکی فیکری وەها بەدەستبهێنێ کە هەتاوەکو ئێستاش سەرمان لێی سوڕبمێنێ. هیگڵ لە فینۆمینۆلۆژی ڕۆح (کە ئەکرێت لەگەڵ زانستی کۆرپەلەناسی و کاهینناسی رۆح بەرابەر دابنرێت، پەرەسەندنی هەستی فەردیی لە قۆناغە جیاجیاکانیدا، بە کورتکراوەیی ئەو قۆناغانە دەچوێنرێت کە لە ڕووی مێژووییەوە هەستی مرۆیی پیایدا تێپەڕیوە). لە لۆژیک لە فەلسەفەی سروشت لە فەلسەفەی رۆح کە لە لقە مێژوویە فراوانەکانیدا، یانی فەلسەفەی مێژوو، ماف، ئاین، مێژوویی فەلسەفە و جوانناسیی... هتد. ڕۆشن کراوەتەوە هیگڵ هەوڵ دەدات، لەهەر مەیدانێک لەو مەیدانە مێژووییە جۆراوجۆرانەدا، ئەو هێڵی پەرەسەندنە کە لە ناو

ئەو مەیدانەدا گوزەردەکات، بدۆزێتەوە و دەستنیشانی بکات. هەروەها لەبەرئەوەی  هیگڵ نەک هەر بلیمەتێکی داهێنەر، بەڵکو زۆر دانا و خاوەن زانیاری و زانستێکی زۆر فراوان بوو، هەر بۆیە کارەکانی لە هەر شوێنێک کە پێی هەستابێت سەردەمێکی بە تەواوی هێناوەتەکایەوە. ئەوەش بۆخۆی ڕۆشنە کە پێویستیەکانی «سیستم»، لە زۆر لایەنەوە ناچاری کردووە کە لێرەدا پەنا بۆ داڕشتنی دروستکراو بەرێت، کە تا ئێستاش نەیارە بێ ئابڕووەکانی لەو بارەیەوە لە ڕادەبەدەر هاتوهاواریانە. ئەگەر کەسێک بێهودە خۆی بە تەماشاکردنی ئەو داڕشتنانەوە خەریک نەکات و بچێتە قوڵایی ئەو تەلارە مەزنەوە، گەنجینەیەکی یەکجار زۆری بەرچاودەکەوێت، کە هەتاوەکو ئێستا بەهای خۆی بە تەواوی پاراستوە. بەلای گشت فەیلەسوفەکانەوە، شتێک کە لە نێودەچێت «سیستم»ە، ئەمەش چونکە سیستمەکان لە پێویستیی ڕۆحی مرۆییەوە کە لەناوناچێت، یانی پێویستی زاڵبوون بەسەر تێکڕای ناکۆکییەکان، سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەگەر بە یەکجاریی، ناکۆکییەکان گشت لابران ئەوا ئێمە بە راستیی بە ناو ڕەها ئەگەین و مێژووی جیهان کۆتایی پێ دێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستە لەسەری کە بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر کارێکیش نەمابێتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات. بەو جۆرە ناکۆکییەکی تازە سەرهەڵدەدات، ناکۆکییەک کە توانای چارکردنی نییە. چاوەڕوانییەک کە لە فەلسەفە دەکرێت، کە بێت هەموو ناکۆکییەکان چارەسەر بکات، وەک ئەوەیە داوا لە فەیلەسوفێک بکرێت کارێک ئەنجام بدات، کە تەنها تێکڕای مرۆڤایەتی لە ڕەوتی پەرەسەندنی ڕوو لە پێشی خۆیدا دەتوانێت ئەنجامیبدات. کاتێک کە پەی بەم خاڵە دەبەین ـــ ئێمە لەوەدا لە هەر کەسێکی کە زیاتر قەرزارباری هیگڵین ـــ سەردمی هەرجۆرە فەلسەفەیەک، بە مانا کۆنەکەی ئەم وشەیە کۆتایی پێدێت. ئێمە «راستیە ڕەها» کە لە ڕووی پرانسیپەوە هیچ کەسێک بە

تەنها، لەم ڕێگایەدا ناتوانێت دەستی پێبگات، بەجێ دەهێڵین و لەبریی ئەوە، لە ڕێگەی زانستە جێکەوتەکان و بەگشتیکردنی ئەنجامگیرییەکانیان بە هۆی دیدگای دیالێکتیکییەوە، بکەوینە شوێن ڕاستیی ڕێژەیی، کە دەکرێ دستمان پێیڕابگات. فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتیی، لەگەڵ هیگڵ کۆتایی پێدێت، چونکە لەلایەکەوە ڕێبازکەی هیگڵ بەرئەنجامێکی مەزنە لە گشت ئەو پەرەسەندنانەی کەلە ڕابوردودا فەلسەفە بە خۆیەوە بینیویەتی و لەلایەکی ترەوە، خودی هیگڵ ئەگەرچی بێئاگایتنە بووە، ڕێگەیەکمان ئیشان دەدات کە لە تەنگەبەرییە پڕ پێچ و پەناکانی سیستمەکان بێینە دەر و ڕووە و مەعریفەی واقیعیی جێکەوتووی جیهان هەنگاو بنێین.

دژوارییەک لەوەدا نییە مرۆڤ درک بەوەبکات، کەسیستمی هیگڵ لە چینگەی ئەڵمانیای ئالودەبوو بە فەلسەفە دەبێت چ کاریگەرییەکی مەزنی هەبێت. ئەوە مارشێکی سەرکەوتوو بوو کە دەیان ساڵی خایاند و هەرگیز بەمەرگی هیگڵ کۆتایی نەهات. بەڵکو بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی ڕەها «هیگڵیزم»، بەتایبەت لە ساڵەکانی نێوان 1830 بۆ 1840، گەیشتە ئەوپەڕی، تەنانەت دوژمنەکانیشی کەم تا زۆر دانیان پێدا دەهێنا. لەو سلڵانەدا بە تایبەت بە شێوەیەکی ئاگایانە وەیان بێئاگایانە، تیۆرییەکانی هیگڵ بەشێوەیەکی فراوان لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا بەکار دەهێنرا، تەنانەت بووە هەوێنی بڵاوکراوە سادەکان و چاپکراوەکانی ڕۆژیش ، کە «ڕۆشنبیران»ی مامناوەندی کردبوویانە سەرچاوەی زەخیرەی تێڕوانینەکانیان. بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە تەواوی مەیدانەکاندا، جگە لە سەرەتایەک بۆ جەنگی ناوخۆیی، شتێکی تر نەبوو.

تێۆری هیگڵ بەشێوەیەکی گشتیی، هەروەکو بینیمان مەیدانێکی فراوانی بۆ تیۆرەکانی پراکتیکی حیزبیی زۆر لێکجیاواز بەجێهێشت، بەڵام لە

ژیانی تیۆری ئەو دەمەی ئەڵمانیا، لە پێش هەر شتێکی دی دووشت جێبایەخی پراکتیک بوون: ئاین و سیاسەت. هەر کەسێک زیاتر نرخی بۆ سیستمەکەی هیگڵ دایا، ئەوا لەهەر یەکە لەو دوو مەیدانە ئەشێ تارادەیەکی زۆرکۆنەپارێز بێت. بەڵام ئەو کەسەی میتۆدی دیالێکتیک بە شتێکی سەرەکی دادەنێت دەشێ چ لە سیاسەت چ لە ئاین، بکەوێتە نێو توندڕەوترین ئۆپۆزسیۆنەوە. خودی هیگڵ سەرباری لە ئارادابوونی چەخماخەی زۆری تورەیی شۆڕشگێڕانە لە دانراوەکانیدا، بەشێوەیەکی گشتی مەیلی بۆ لایەنە کۆنەپارێزەکە هەیە: سیستمەکەی هیگڵ گەلێک زیاتر لە میتۆدەکەی «کاری فیکریی سەنگین»ی بەسەر هیگڵدا سەپاندووە. نزیک بە کۆتایی سییەکان، قوتابخانەی هیگڵیی گەلێک ڕۆشنتر لە پێشا پارچەپارچەبوونی لێدەرکەوت. ئەوانەی کە پێیان دەوترا هیگڵییە لاوەکان _باڵی _ چەپ _ وردە وردە لە تێکۆشانیان لە دژی پیەتیستە ئەرتەدۆکسەکان(5) و کۆنەپەرستانی فیۆدال دەستیان لە هەڵوێستی فەلسەفیی خۆبەرزلزانانە لە بەرامبەر مەسەلە گەرمەکانی ڕۆژ، ئەو هەوڵوێستەی کە لە سۆنگەی ئەوەوە، لەلایەن دەوڵەتەوە مۆڵەت بە تیۆرییەکەیان درابوو و تەنانەت پارێزگاریشیان لێدەکرا، دەستدەکێشنەوە. کاتێک کە لە ساڵی 1840 ڕیاکاریی ئەرتەدۆکسی و کۆنەپەرستیی فیۆداڵی سەرکونگەر لە کەسایەتیی فریدریک ویلهێلمی چوارەمدا گەییشتە سەر تەختی پاشایەتیی، وای پێویست دەکرد، کە لایەنگیریی بۆ ئەم حیزب یان ئەوی تر بە ئاشکرا و بە دەنگی بڵند ڕابگەیەنرێ. جەنگین هەروەکو پێشا بە چەکی فەلسەفیی بە ئەنجام دەگات، بەڵام ئەم جارەیان لە پێناوی ئامانجی ڕووتی فەلسەفییدا نییە. قەسەوباسەکان ڕاستەوخۆ دەبارەی تێکشکاندنی ئاینی میراتیی و ئەو دەوڵەتەی لە ئارادایە بوو. ئەگەر دوا ئامانجە کردارەکییەکان لە «Deutsche Jahrbucher» (دۆیتشە یاربیوخێر)

(6)، زۆرجار لە ژێر پەردەی فەلسەفیدا خۆی نمایش دەکرد، ئەوا لە بریی ئەوە ئامۆژگاریی هیگڵییە لاوەکان لە «Rheinische Zeitung» (ڕاینیشە تزایتونگ) (7) لە ساڵی 1842دا، ڕاستەوخۆ فەلسەفەی بۆرژوا ڕادیکاڵی پەرەگرتوو بوو، ئەو پەردە فەلسەفیەش کە خۆیان لێوە پێچابوون تەنها بۆ چاوبەستەکێی سانسۆرچییان بوو.

بەڵام ڕێگای سیاسەت لەو دەمەدا زۆر سەخت بوو، بۆیە خەباتی سەرەکی ڕووی لە ئاین بوو. خەبات لە دژی ئاینیش لەو دەمەدا، بە تایبەت لە ساڵی 1840ەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خەباتێکی سیاسی بوو. پەڕاوەکەی شتراوس بە ناوی «ژیانی مەسیح» کەلە ساڵی 1835دا بڵاوکرایەوە یەکەمین تەکانێم بوو لەو بارەوە، پاشان برۆنۆ باوێر لە دژی تێۆری پەیدابوونی ئەفسانەکانی ئینجیل، کە لەو پەڕاوەدا باسکراوە وەستایەوە و هەوڵیدا ئەوە بسەلمێنێ، کە ژمارەیەکی زۆری چیرۆکەکانی ئینجیل لەلایەن خودی دانەرانی ئینجیلەکانەوە دروستکراون. مشتومڕی نێوان شتراوس و باوێر لە شێوەی خەباتی فەلسەفی، لە نێوان «خودئاگایی» و «جەوهەر»دا خۆی بینییەوە. مەسەلەی چۆنیەتیی پەیدابوونی چیرۆکەکانی ئینجیل سەبارەت بە موعجیزە یانی، ئایا ئەم چیرۆکانە لە ڕێگای دروستکردنی ئەفسانە و بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە بەپێی نەریتێک کە باوبووە، لە دەروونی کۆمۆنەکانەوە سەریانهەڵداوە یان دانەرانی ئینجیلەکان دایانهێناون، مەسەلەی مەعریفەی بەرەو ئەوە پەلکێش کرد کە: هێزی بزوێنەری سەرەکیی مێژووی جیهان کامەیە «جەوهەر»ە وەیان «هەست». لە کۆتاییدا شتیرنەر پەیدابوو، کە پەیامبەری ئەنارشیزمی هاوچەرخە __ کە بنکۆنین زۆر شتی لەوە وەرگرتوە و بە هێنانەمەیدانی «تاقانە»ی خاوەن سەروەریی خۆی «هەست»ی خاوەن سەروەریی تێپەڕاند(8).

ئێمە لێرەدا درێژە بەولایەنە لە ڕەوتی شیبونەوەی قوتابخانەی هیگڵیی نادەین. ئـەوەی زیاتر بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە: پێویستییە کرداریەکانی تێکۆشان لە دژی ئاینی جێکەوتە، پاڵی بە ژمارەیەکی زۆری ئەو هیگڵییانەی کە خاوەن باوەڕێکی زۆر پتەو بوون نا، کە بەرەو ماتریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی بڕۆن. لەو دەمەوە ئەوانە کەوتنە نێو بەربەرکانیکردنی سیستمی قوتابخانەکەی خۆیانەوە. لە کاتێکدا سروشت بەلای ماتریالیزمەوە تاکە مەسەلەی راستەقینەیە، لە سیستمی هیگڵدا بێجگە لە «گواستنەوە»ی بیرۆکەی ڕەها یانی پاشەکشەی بیرۆکەشتێکی تر نییە، بەهەرحاڵ بیرکردنەوە و بەرهەمی بیرکردنەوەش یانی بیرۆکە، لەم سیستمەدا شتی یەکەمە و سروشت کە لێیانەوە وەدەرهاتووە، تەنها بە خێری ئەوەی کە بیرۆکە تا ئەو شوێنە پاشەکشەی کردووە، بوونی هەیە. هیگڵییە لاوەکان لە نێو ئەم ناکۆکیانەدا بەشێوەی جۆراجۆر سەرگەردان بوون.

لەو کاتەدا دانراوەکەی فیورباخ بە ناوی «کرۆکی مەسیحییەت» (9) بڵاوکرایەوە، بەیەک پیاکێشان ئەو ناکۆکییەی لەناوبرد و سەرکەوتنی ماتریالیزمی سەرلەنوێ و ڕاشکاوانە ڕاگەیاند. سروشت سەربەخۆ لە هەر فەلسەفەیەک بوونی هەیە. سروشت ئەو بناغەیە نەشونمامان کردووە. لە دەرەوەی سروشت و مرۆڤ شتێک نییە، هەرچی ئەو زیندەوەرانەی ئاسمانە کە لە خەیاڵی ئاینی ئێمەوە لەدایکبوونە، جگە لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵیی خودی بوونی خۆمان شتێکی تر نییە. بەو شێوەیە تەلیسمەکە وردووخاش کرا، «سیستم»ەکە تێکدرا و خرایە لاوە ناکۆکییەکەش تەنها بە دۆزینەوەی ئەو واقیعە سادەیەی، کە ئەم ناکۆکییە جگە لەوەی لە خەیاڵی ئێمەدایە بوونێکی تری نییە، چارەسەر بوو. پێویستە مرۆڤ کاریگەریی ڕزگاریبوخشی ئەم پەڕاوە هەستپێبکات، تاوەکو بیرۆکەیەکی لەو جۆرە

بەدەستبهێنێ. شۆڕوشەوق و وروژانەکە هەموو لایەکی گرتەوە: هەموومان یەکسەر بووینە فیورباخیی. مرۆڤ دەتوانێت بە خوێندنەوەی «خێزانی پیرۆز» بۆی دەربکەوێ، کە مارکس سەرباری هەر تێبینییەکی رەخنەگرانەی، بە چ شۆڕشەوقێکەوە پێشوازیی لەم تیۆرە نوێیە کرد و تا چ ڕادەیەک کاری تێکرد.

تەنانەت کەموکوڕییەکیش کە لە پەڕاوەکەی فیورباخدا هەبوو، لەو دەمەدا کاریگەریی فیورباخی بەهێز دەکرد. شێوازی ئەدەبیی فیورباخ، کە لە هەندێک شوێن دروستکرا و بوو، خوێنەرێکی زۆری بۆخۆی بەکێش دەکرد، بەهەرحاڵ ئەمە لەپاش ساڵانێکی دورودرێژی باڵادەستیی هیگڵیزمی موجەڕەد و تەماویی سروەیەکی ڕەوانبەخش بوو. پێویستە هەمان شت، لەسەر بەخوداوەندکردنی خۆشەویستی بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر بڵێین. ئەگەر ئەم بەخوداوەندکردنە پاساوێکیشی نەبێت، دەکرێت ئەوە بکرێنە بیانوو، کە ئەمە وەک پەرچەکردارێک لە دژی زەبروزەنگ و دەسەڵاتی «بیرکردنەوەی پەیتی»، کە بە هیچ کلۆجێک توانای بەرگەرگرتنی نەدەکرا، پیشان بدرێت. بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێ، کە «سۆسیالیزمی ڕاستەقینە» بە تەواوی خۆی بەو دوو لایەنە لاوازەی دیدگای فیورباخەوە هەڵواسی، ئەو «سۆسیالیزم»ەی کە لە 1844 ەوە لە ئەڵمانیا، هەروەکو پەتایەک لە ناوەندی «ڕۆشنبیران»دا تەشەنەی کرد، ئەو «سۆسیالیزم»ەی کە تیایدا، ڕستەی ئەدەبی جێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بە هۆی «خۆشەویستی»، جێگەی ڕزگارکردنی پرۆلیتاریا لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی ئابووری بەرهەمهێنانی، دەگرتەوە بە کورتییەکەی بڵێن، نوقمی بێزراوترین جۆەکانی گفتاری ئەدەبی و چەنەبازیی سۆزی خۆشەویستی ببوو. بەڕێز کارل گرون نوێنەرێکی نمونەیی ئەم ڕەوتە بوو.

پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچی کە قوتابخانەی هیگڵیی هەڵوەشایەوە، بەڵام ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی هیگڵی هێشتا، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. شتراوس و باوێر هەر یەکەیان لایەنێک لە لایەنەکانییان بەدەستەوە گرتبوو، کە بە وێنەی چەکی پلمیک لە دژی یەکتر بەکاریان دەبرد. فیورباخ سیستمەکەی تێکشکاند و بە سانایی خستییە پەراوێزەوە، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەم فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکی هەڵەیە مانای ئەوە نییە کە ئیتر بەسەریدا زاڵبووینە. ئەوەش مەحاڵە کە تەنها بە هۆی گوێنەدانەوە، کارێکی ئەوەندە مەزن، وەکو فەلسەفەی هیگڵی، کە لە پەرەسەندنی ڕۆحیی میللەتێکدا کاریگەرییەکی خۆی «بڵند» بکرێتەوە، یانی ئەرکی ڕەخنەیە کە شێوەکەی تێکبشکێنێ و ناوەرۆکێکی تازەش کە ئەو بەدەستیهێناوە، رزگار بکات. دەواتر دەبینین کە ئەم مەسەلەیە بە چ شێوەیەک چارەسەرکراوە.

بەڵام لەم نێوەدا، شۆڕی 1848 ڕێک بە هەمان بێپەروایییەک کە چۆن فیورباخ هیگڵی خستە کەنارەوە، گشت جۆرە فەلسەفەیەکی خستە کەنارەوە. لەهەمان کاتدا خودی فیورباخیشی خستەدواوە.

**بەشی دووەم: ماتریالیزم**

مەسەلەی بنەڕەتی گەورە لە گشت فەلسەفەیەک، بەتایبەت لە فەلسەفەی هاوچەرخدا، بریتییە لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان فیکر و بوون. هەر لە کۆنترین چاخەکانەوە لەو کاتەوە، کە مرۆڤ هێشتا بچوکترین زانیاریی دەربارەی پێکهاتەی لەشی خۆی نە دەزانـی و نەی دەتوانی لێکدانەوەیەک بۆ خەوبینین بکات ، بەو بڕوایە گەیشتووە، کە سەرچاوەی فیکر و هەستی خودی لەشی نییە، بەڵکو ئەو روحەیە کە لەو لەشەدا

جێگیر بووە و لە پاش مردن بەجێی دێڵێت، لەوکاتەوە ئیتر دەبوو بیر لە پەیوەندی نێوان ئەو روحە و جیهانی دەرەوە بکاتەوە. ئەگەر روح لەکاتی مەرگ لە جەستە جیا دەبێتەوە و درێژە بە ژیان دەدات، ئەوا هیچ خۆیەک لە ئارادا نییە تاوەکو بە مەرگێکی تایبەتی بۆ روح ڕازیبن. بەو شێوەیە بیرۆکەی نەمریی روح سەری هەڵدا، کە لەو پلەیە لە پەرەسەندن مایەی هیچ سەرەخۆشییەک نەبوو، بەڵکو بە وێنەی چارەنوسێکی ناچاریی دەهاتە پێشچاو هەروەکو لای گریکەکانی بە بەڵایەکی راستەقینە دەژمێردرا. ئەوە پێویستییەکی ئاینی بۆ سەرەخۆشی نەبوو، کە لە هەموو جێگەیەک بووە هۆی هێنانەکایەوەی خەیاڵی بێزارکەری نەمریی کەسەکان، بەڵکو ڕاستییەکی سادە بوو، کە ئەویش بریتی بوو لەوەی پاش قبووڵکردنی روح لەلایەن مرۆڤەوە بەهۆی بیرتەسکی بیرکدنەوەی گشتییەوە، بەهیچ جۆرێک مرۆڤ نەی دەتوانی ئەوە بۆ خۆی ڕۆشنبکاتەوە، کە لە پاش مردنی جەستە روح بۆ کوێ ئەچێت. ڕێک بەم شێوەیە، لە میانەی دیاریکردنی هێزەکانی شروشتدا، یەکەمین خوداکان کە لە رەوتی پەرەسەندنی دواتری ئاینزیاتر و زیاتر، وێنەی هێزەکانی دەرەوەی سروشتی بە خۆوەگرت و هەتا لە کۆتاییدا و لە مێشکی مرۆڤ لە ئەنجامی پرۆسەی تەجریددا خەریکبوو بڵێم: پرۆسەی دڵۆپاندن کە لە ڕەوتی پەرەسەندنی مێشکدا، شتێکی زۆر سروشتییە لە فرەخوداییەوە، کە خاوەن دەسەڵاتێکی سنورداری تا ئەم ڕادەیە یان تا ئەو ڕادەیەیە، کە هەندێکیان هەندێکی تریان دیاری دەکەن چەمکی خودای تاکوتەنیا و ڕەهای ئاینە یەکتاییەکان پەیدابوو.

بەم پێیە ڕیشەی بەرزترین مەسەلەیەک لە تەواوی فەلسەفەدا، مەسەلەی پەیوەندی نێوان فیکر و بوون، روح و سروشت بۆ ئەو وێنا سنوردار و تەماییانەی کە لەلای مرۆڤ لە سەردەمی دڕندەییدا هەبووە،

کە هیچی لە ڕیشەی هەر ئاینێک لەم وێنایانەدا کەمتر نییە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەم مەسەلەیە کاتێک توانی بەوپەڕی هێزەوە خۆی بنوێنێ و تەواوی گرنگی خۆی وەربگرێ، کە خەڵکی ئەوروپا لە خەوی سڕبووی دوورودرێژی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحیەت بێدار بووەوە. مەسەلەی پەیوەندی فیکر بە بوون مەسەلی ئەوەی کە روح لە پێشە و یەکەمە یان سروشت ئەو مەسەلەیەی، کە لە فەلسەفەی سکۆلاستیکی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، ڕۆڵی گرنگی گێڕا و لە بەرامبەر کەنیسەدا شێوەیەکی توندی بە خۆوە گرت و بەم جۆرە خۆی نواند: ئایا جیهان لەلایەن خوداوە ئافرێندراوە، یان هەر لە ئەزەلەوە هەبووە؟

فەیلەسوفەکان بە پێی وەڵامێک کە بەم پرسیارەی دەدەنەوە، بەسەر دوو ئۆردووگای گەورەدا دابەش دەبن. ئەوانەی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە روح لە پێش سروشتەوەیە ئەوانەی دواتر و سەرەنجام بەم شێوەیە یان بەوی تر، دانیان بە ئافراندنی جیهاندا نا (دەبێت ئەوە بڵێین کە فەیلەسوفەکان بۆ نمونە لەلای هیگڵ ئافراندنی جیهان زۆر جار شێوەیەکی ئاڵۆزتر و نا باوتریان وەک لە مەسیحییەت بە خۆیانەوە گرتووە)، کەمپی ئایدیالیستی پێکدەهێنن. بەڵام ئەوانەی کە پێیانوایە سروشت بنەڕەتییە، ئەوا سەربە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ماتریالیزمن.

ئەم دوو دەستەواژەیە: نمونەییزم و ماتریالیزم، جگە لەم مانایە هیچ شتێکی دی نییە و بەکارهێنانیشی لێرەدا، تەنها بەو مانایەیە. دواتر دەبینین کاتێک کە مانایەک تر بەسەر ئەم دەستەواژانەدا دەدەن چ ناڕۆشنییەک دێتەکایەوە.

بەڵام مەسەلەی پەیوەندی نێوان فیکر و بوون، ڕوخسارێکی تریش لە خۆدەگرێت: پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەکانمان سەبارەت بە جیهانی

دەورووبەرمان و خودی ئەم جیهانە چییە؟ ئایا بیرکردنەوەی ئێمە لە توانایدایە کە جیهانی واقیعی بناسێت ئایا لە وێنا و چەمکەکانمان لە مەڕ جیهانی واقیعی دەتوانین ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانە و واقیعی بەدەست بهێنین؟ ئەم مەسەلەیە لە زمانی فەلسەفیدا بە مەسەلەی جوتهاتنەوەی فیکر و بوون ناودەبرێت. زۆربەی فەیلەسوفە گەورەکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە پۆزێتف داوەتەوە. بۆ نمونە وەڵامی پۆزەتیڤی هیگڵ بەم مەسەلەیە، خۆی بۆ خۆی ڕۆشنە: ئەوەی لە جیهانی واقیعیدا دەیزانین ئەوە ڕێک ناوەرۆکە فیکرییەکەیەتی، کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا، جیهان پیادەکراوی بیرۆکەی ڕەهایە، کە هەر لە ئەزەلەوە لە شوێنێک سەربەخۆ لە جیهان و پێش جیهان بوونی هەبووە. ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە کە فیکر دەتوانێت دەربارەی ئەو ناوەرۆکە زانیاری بەدەستبهێنێ کە خۆی پێشوەخت ناوەرۆکی فیکرە. بە هەمان ئەندازەش ئەوە ڕۆشنە کە ئەوەی پێویستە لێرەدا بیسەلمێنین ئەویە کە هەر لەسەرتاوە بە تایبەت، بە شێوەیەکی نهێنی هەبووە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک ڕێگە لە هیگڵ ناگرێت کە لە سەلماندنەکەی، دەربارەی جوتهاتنەوەی نێوان فیکر و بوون، بەم ئەنجامگیرییە بگات. بەو پێیە بیرکردنەوەی ئەم بڕیاری ڕاست و دروستیی فەلسەفەکەی دەدات، مانای وایە کە فەلسەفەکەی ئەم تاکە فەلسەفەی ڕاست و دروستە و پێویستە مرۆڤایەتی بە حوکمی جوتهاتنەوەی فیکر و بوون ئەم فەلسەفەیە بە پەلە لەمەیدانی تیۆرەوە بۆ مەیدانی جێبەجێکرد بگوازێتەوە و سەرانسەر جیهان بەگوێرەی پرانسیپەکانی هیگڵ بگۆڕێت. ئەم ناڕۆشنییە تایبەتمەندیی هیگڵ و زۆربەی هەرەزۆری فەیلەسوفەکانی ترە.

بەڵام لە کەناری ئەمەدا، ژمارەیەکی تر لە فەیلەسوفەکان هەن، کە توانای ناسین یان بەلای کەمەوە توانای ناسینی تەواوەتی جیهان، ڕەت

دەکەنەوە. لە نێو فەیلەسوفە هاوچەرخەکاندا پێویستە قامک بخەینە سەر هیوم و کانت، کە بەم کۆمەڵەیەوە پەیوەستن و ڕۆڵی زۆر گەورەیان لە پەرەپێدانی فەلسەفەداگێڕاوە. هیگڵ بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم تێڕوانینە تا ئەو جێگایەی کە دیدگای نمونەییستی ڕێگە دەدات قسەی بڕێنەرەوەی کردووە. ئەو شتەش کە فیورباخ لە ڕووی ماتریالیستییەوە بۆی زیادکردووە، زیاتر گاڵتەجاڕانەیە تا بگات بەوەی کە قووڵ بێت. بەڵام بڕێنەوەترین ڕەتکردنەوە بۆ ئەم فریوکارییە فەلسەفییە و گشت فریوکارییەکی تر پراکتیک بە تایبەت تاقیکردنەوە و پیشەسازییە. هەر کاتێک توانیمان دروستیی تێگەیشتنمان بۆ دیاردەیەکی سروشتیی بە سازکردنی ئەو دیاردەیە لەلایەن خۆمانەوە و بە هێنانەکایەوەی ئەو دیاردەیە لە دەروونی هەولومەرجەکانی خۆیەوە، سەرباری ئمانەش بۆ مەبەستەکانی خۆمان بەکاری بهێنین بسەلمێنین ئەوکاتە ئیتر کۆتایی بەو تێگەیشتنەی کانت سەبارەت بە « شت لە خۆیدا»، کەلە تواناادا نییە درک بکرێت دێت. ئەو مادەکیمیاوییانەی کە پێکهاتەی تەنی ڕوەک و گیانەورانە تا ئەو دەمەی کە کیمیای ئۆرگانیک یەک لە دوای یەکیانی ئامادەکرد هەروەکو «شت لە خۆیدا» مابووەوە، بەم کارە «شت لە خۆیدا» بە شت بۆ ئێمە گۆڕدرا بۆ نمونە ئێمە ئێستا ئالیزیرین کە مادەیەکی ڕەنگکردنە لە ڕووەکی ڕۆنیاسدایە (الفوه)، لە ڕەگی ڕۆنیاسەوە کەلە کێڵگەکاندا دەچێنرێت دەرناهێنین، بەڵکو بە نرخێکی هەرزانتر و بەشێوەیەکی زۆر ساناتر لە قەترانی خەڵوزی بەردینەوە دەری دەهێنین. سیستمی خۆریی کۆپەرنیک بۆ سێ سەد ساڵ هەر وەکو گریمانەیەک ماوەتەوە، ئەگەری ڕاست و دروستییەکەی بە ڕادەیەکی زۆر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە چوارچێوەی گریمانەیەک تێپەڕی بوو. بەڵام کاتێک کە لوڤیریی بە پشتبەستن بەژمارەگەلێک کە ئەم سیستمە بەدەستی هێنابوو،

نەک هەر سەلماندی کە هەسارەیەکی تر دەبێت هەبێ، کە تا ئەو دەمە نەدۆزرابۆوە، بەڵکو بە هۆی ژمێریارییەوە، ئەو جێگایەشی دەستنیشان کرد، کە ئەم هەسارەیە لە بۆشایی ئاسنان ئیتر ئەو کاتە دروستیی سیستمی کۆپەرنیک سەلمێندرا. ئەگەر کانتیستە نوێکان لە ئەڵمانیا لە هەوڵی زیندووکردنەوەی بیروباوەڕەکانی کانتدان و ئاگنوستیکەکانیش لە ئینگلتەرا لە هەوڵی زیندووکردنەوەی بیروباوەڕەکانی هیومدان (بیروباوەڕێک کە هەرگیز لەو شوێنەدا نەمردووە)، سەرباری ئەوەی کە دەمێکە لە بارەی تیۆر و پراتیکەوە ڕەتکراوەتەوەن پێویستە بووترێت کە ئەم کارە لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە هەنگاوێکی بەرەو پاش دیسانەوە لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە شێوەیەکی شەمنۆکانەی قبوڵکردنی ماتریالیزمە بە نهێنی و خۆ بێبەریکردنە لێی بە ئاشکرا.

بەڵام لەو ماوە دوورودرێژەی کە لە دیکارتەوە تا هیگڵ لە هۆبسەوە تا فیورباخ درێژەی هەیە، بەپێچەوانەی ئەوان وێنای دەکەن ئەوەی کە فەیلەسوفەکان بەرەوپێشیان برد، بە تەنها فیکری پەتی نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ڕاستیدا ئەوەی ئەوان بەرەوپێشیان برد بە شێوەیەکی تایبەت،پێشخستنی سروشتناسی و پیشەسازی پێشخستنێکی بە جۆش و گورج بوو، ئەم مەسەلەیە هەر لە سەرەتاوە لەلای ماتریالیستەکان سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام سیستمی نمونەییستەکان کە ئەوانیش زیاتر وەک لە پێشوو، بە چەمکگەلی نمونەییستی ئاخنرابوو لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بە هۆی چەمکی پانتئیستی (یەکێتی بوون: وەحدە الوجود/ و.کوردی)یەوە، ناکۆکی نێوان روح و مادە چارەسەر بکەن. سەرئەنجام لەسیستمی هیگڵدا کار بەوە گەییشت، کە ئەم سیستمە چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە ماتریالیستە تەنها ئەوەیە کە لنگەوقوچ بەشێوەی نمونەییستی ڕاوەستاوە.

پاش ئەم قسانە ئیتر ئەوە ڕۆشنە کە بۆچی شتارکە، کاتێک دێتە سەر باسی تایبەتمەندییەکانی فیورباخ، پێش هەر شتێک لە هەڵوێستی فیورباخ لەم مەسەلە بنەڕەتییەدا، یانی مەسەلەی پەیوەندی فیکر و بوون دەکۆڵێتەوە. لە دوای پێشەکییەکی کورت کە تیایدا تیۆری فەیلەسوفەکانی پێشین بە تایبەت لە کانتەوە بە زبانێکی لە ڕادەبەدەری قورسی فەلسەفیی خرایەڕوو، بەجۆرێک کە  هیگڵ لەو دانراوەدا مافی خۆی پێ نەدراوە، چونکە شتارکە بە شێوەیەکی زۆر فۆرماڵی خۆی بە هەندێک بڕگە لە دانراوەکانی  هیگڵ ئەبەستێتەوە ڕەوتی گەشەکردنی خودی «میتافیزیک»ی فیورباخ کەلە دانراوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم فەیلەسوفە سەبارەت بەم باسە ڕەنگدەداتەوە، خراوەتەڕوو. ئەم باسە بە وردی و زۆر بە ڕۆشنیی خراوەتەڕوو. بەڵام ئەوەی زیانی بەم باسە گەیاندووە ، هەروەکو زیانی بە سەرتاپای پەڕاوەکەی شتارکە گەیاندوە، ئەو هەموو جەستەواژە فەلسەفییانەیە، کە مەرج نەبوو بەکاربهێنرایە. ئەم هەموو دەستەواژانە کاتێک باسەکەی قورستر دەکات کە نوسەر خۆی بە بەکارهێنانی دستەواژەی قوتابخانەیەکەوە نابەستێتەوە وەیان بەلای کومەوە، ئەو دەستەواژانەی کە هی خودی فیورباخن، بەڵکو دەستەواژەی قوتابخانە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەمڕۆکە بە چەشنی پەتا بە ناوی گرایشاتی فەلسەفییەوە بڵاودەبنەوە، تێکەڵ دەکات و بەکاریان ئەهێنێ.

ڕەوتی پەرەسەندنی فیورباخ، ڕەوتی پەرەسەندنی کەسێکی هیگڵییە ئەگەرچی فیورباخ هەرگیز،  هیگڵییەکی ئەتەدۆکس نەبووە بەرەو ماتریالیزم. لە قۆناغێکی دیاریکراوی ئەم پەرەسەندنەدا، فیورباخ پەیوەندی خۆی بە تەواوی لەگەڵ سیستمی نمونەییستی بەر لە خۆی دەپچڕێنێت. سەرئەنجام بەهێزێکی لەشکان نەهاتووەوە بەو درکە گەیشت، کە «بیرۆکەی ڕەها»

کە بەلای  هیگڵەوە پێش بوونی زەوی کەوتووە، «لە ئازادبوونی چەمکە لۆژیکییەکان» بەر لە پەیدابوونی جیهان جگە لە پاشماوەی خەیاڵی بڕوابوون بە خالقێکی ئەودیو سروشتەوە، شتێکی دی نییە و جیهانی مادی کە ئێمە خۆشمان هەر سەر بەوین و بەهۆی هەستەکانەوە دەشێ درک بکرێت، تاکە جیهانی واقیعییە. هەرچی هەست وبیرکردنەوەی ئێمەیە هەرچەندە وەک شتگەلێک کە لە سەرووی هەستەوە بێت دێنە پێش چاو، بەرهەمی ئۆرگانێکی مادیی جەستەیە واتە مێشک. مادە بەرهەمی روح نییە، بەڵکو خودی روح جگە لە باڵاترین بەرهەمی مادە، شتێکی تر نییە. بێگومان ئەمە ماتریالیستێکی پوختە، بەڵام کاتێک فیورباخ بەم خاڵە دەگات، لە ناکاو وازئەهێنێ و ناتوانێت بەسەر ئەو خورافە فەلسەفییە لوە کە بە کرۆکی مەسەلەکەوە پەیوەست نییە، بەڵام پەیوەستە بە وشەی «ماتریالیزم»ەوە، زاڵبێت.

ئەو دەڵێت: «بەلای منەوە ماتریالیزم بناغەی بینای ماهییەتی مرۆیی و زانستی مرۆییە، بەڵام بەلای منەوە ئەم ماتریالیزمە ئەو شتە نییە وەک بەلای فیزیۆلۆگ و سروشتناسەکان، بە مانای بەرتەسکی وشە بێت، هەروەکو بۆ مولیشوت بەو جۆرەیە، کەبەپێی ڕوانگە و پسپۆرییەک کە هەیانە ناکرێت بەو جۆرە نەبێت واتە بەلای منەوە ماتریالیزم، خودی بیناکە نییە. کاتێک کە بەرەو دوا دەگەڕێنەوە، من بەتەواویی لەگەڵ ماتریالیستەکانم کاتێک کە بەرەو پێشەوە ئەڕۆین لەگەڵیاندا نیم.

فیورباخ لێرەدا، ماتریالیزم وەکو جیهانبینییەکی گشتی کە لەسەر بنچینەی تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە پەیوەندی نێوان مادە و روح بنیاتنراوە لەگەڵ ئەو شێوە تایبەتییەی کە ئەم جیهانبینییە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی یانی لە سەدەی هەژدەیەم بە خۆیەوە وتبووی تێکەڵ دەکات.

سەرباری ئەوەش فیورباخ لە نێوان ئەم ماتریالیزمە و ئەو شێوە سواوە گشتییەی کە ماتریالیزمی سەدەی هەژدەیەم ئەمڕۆ بەو جۆرەی لە مێشکی سروشتناس و پزیشکەکان درێژەی هەیە، کەلە پەنجاکاندا موژدەبەخشە (مبشر) گەڕیدەکان بوخنەر و فوگت و مۆلیشوت بانگەشەیان بۆ دەکرد تێکەڵ دەکات. بەڵام ماتریالیزمیش هەروەک نمونەییزم چەندین قۆناغی پەرەسەندنی بە خۆوە بینیوە. ماتریالیزم لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکدا کە سەردەمێکی نوێ ئەهێنێتە کایەوە، تەنانەت با ئەو دۆزینەوەیە لە بواری مێژووی سروشتناسیشەوە بێت، پێویستە بە ناچاری شێوەی خۆی بگۆڕێت. هەروەها لە کاتەوەی کە مێژوو بە شێوەیەکی ماتریالیستانە شی دەکرێتەوە، دەرگای نوێ بۆ پەرەسەندنی ماتریالیزم ئاوەڵا بووە.

ماتریالیزمی سەدەی ڕابردوو(11)، زۆرتر ماتریالیزمێکی میکانیکی بوو، چونکە لە نێو گشت زانستە یروشتییەکانی ئەو ڕۆژگـارەدا تەنها میکانیک و بە تایبەت میکانیکی تەنە ڕەقەکان « زەمینی و ئاسمانی)، یان بە دەربڕینێکی کورت میکانیکی کێشکردن بوو بە تەنها بە کاملییەکی دیاریکراو گەیشتبوو. کیمیا هێشتا لە قۆناغی ساواییدا بوو و تیۆری فلۆژیستۆن (12) بەسەریدا زاڵ بوو. بایۆلۆژی هێشتا لە بێشکەدا بوو، لێکۆڵینەوەی ئۆرگانیزمی ڕوەکی و ئاژەڵی بە شێوەیەکی سەرەتایی بوو و بەهۆکاری میکانیکی ڕووت، لێکئەدرایەوە. لە دیدی ماتریالیستەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە، مرۆڤ برینی بوو لەو جۆرە دەزگایەی کە ئاژەڵ لە دیدی دیکارتەوە هەی بوو. بەکاربردنی بنەماکانی میکانیک بەم شێوە تاک و ڕەهایە بۆ ئەو پرۆسانەی کە سروشتێکی کیمیاوی و ئۆرگانیکییان هەیە بەجۆرێک هێشتا یاساکانی میکانیک کاری خۆی دەکات، بەڵام لەلایەن یاساگەلێکی تری بەرزترەوە خراوەتە ڕیزی دواوە_ یەکەمین تەسکبینیی

خودی تایبەتمەندیەکانی ماتریالیزمی کلاسکی فەرەنسی پێکدەهێنێت، کە لەو ڕژگارەدا شتێکی ناچاریی بوو.

دووەمین تەسکبینیی تایبەتمەندی ئەم ماتریالیزمە، بریتییە لە بێتوانایی ئەم ماتریالیزمە لە درککردنی جیهان بە وێنەی پرۆسەیەک و بە وێنەی ئاوەها مادەیەک کە لە حاڵی پەرەسەندنی مێژوویی بەردەوامدایە. ئەمەش لەگەڵ هەلومەرجی سروشتناسی و ڕێبازی بیرکردنەوەی فەلسەفیی میتافیزیکی واتە دژی دیاڵکتیک، لەو ڕۆژگارەدا کە بەو هەلومەرجەوە پەیوەست بوو جووتدێنەوە. سروشت لە بزوتنەوەیەکی هەمیشەییدایە: ئەم بابەتەش لەو سەردەمە ئەزانرا. بەڵام ئەم بزوتنەوەیە بە پێی تێگەییشتنی باوی ئەو دەمە، هەمیشە لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە، بەم جۆرە لە بنەڕەتدا لە هەمان شوێن دەمێنێنەوە واتە: هەمیشە بەهەمان ئەنجامگیری دەگاتەوە. لەو ڕۆژگارەدا ئەم تێگەیشتنە شتێکی ناچاریی بوو. تیۆری کانت دەربارەی پەیدابوونی کۆمەڵەی خۆر تازە هاتبووەکایەوە و هێشتا هەروەک قسەیەکی خۆش سەیر دەکرا. هەرچی مێژووی پەرەسەندنی زەوی، واتە زەویناسی بوو هێشتا بە هیچ جۆرێک نە ئەزانرا. لەو کاتەدا وانست بە شێوەیەکی گشتی، لە توانیدا نەبوو کە بیرۆکەی پەیدابوونی بوونەوەرە زیندووەکانی ئێستا لە ریگەی گەشەکردنێکی دوورودرێژ، لە سادەوە بۆ ئاڵۆز بەشێوەیەکی وانستی بسەلمێنێ. لەبەرئەوە تیۆری نامێژوویی دەربارەی سروشت وەک شتێکی ناچاری بوو. لەم ڕووەوە ناکرێت ئەم کەموکوڕییە بخرێتە ئەستۆی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم تەنانەت بە خودی هیگڵیشەوە. بەلای هیگڵەوە سروشت، کە «بەخۆنامۆبوون»ێکی سادەی فیکرە، ناتوانێت لە کاتدا پەرەبسێنێ دەتوانێت شێوە جۆربەجۆرەکانی خۆی تەنها لە شوێنیندا فراوان بکاتەوە بەم شێوەیە دەرئەکەوێ، کە سروشت ناچارە هەمان بزوتنەوەی

پەرەسەندن تەواوی ئەو قۆناغانەی پەرەسەندن کە لە خۆی گرتووە، لە هەمان کاتدا و یەک لە تەنیشتی یەک دووبـراە بکاتەوە. هیگڵ ئەو خورافەیەی کە دەڵێت، پەرەسەندن لە شوێن و لە دەرەوەی کات کە مەرجی بنەڕەتییە بۆ پەرەسەندن لە وەختێکدا بەسەر سروشتدا سەپاندی: کە زەمیناسی و کۆرپەلەناسی و فیزیۆلۆژی ڕوەک و گیانەوەر و کیمیای ئۆرگانیک گوییشتبوونە ئاستێکی باش، لە وەختێکدا کە لە سەر بنچینەی ئەم زانستە نوێیانەلەگشت جێگایەک گریمانەی بەر لە تیۆری پەرەسەندن کە دواتر هاتەکایەوە، پەیدابوون (بۆ نمونە هەروەکو لەلای گۆتە و لامارک). بەڵام سیتسەمەکە بەم جۆرە حوکمی دەکرد، میتۆدەکەش بۆ ڕازیکردنی سیستمەکە، دەبوو ناپاکی لە خۆی بکات.

لە بواری مێژووشدا بەهەمانشێوە، تێگەیشتی مێژوویی بۆ شتەکان لە ئارادا نەبوو. لێرەدا خەبات لە دژی پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست سەرنجڕاکێشە. سەدەکانی ناوەڕاست بە وێنەی وەستانێکی سادە لە ڕەوتی مێژوو دەژمێرن، کە هۆکارەکەی ئەو بەربەرییەتە گشتییە بووکە هەزار ساڵی خایەند. هیچ کەسێک سەرنجی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی کە لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدەستهات، لە فراوانبوونەوەی داوێنی فەرهەنگی لە ئەوروپا لە میللەتانی گەورە کە توانی ژیانییان هەبوو، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەک لە تەنیشتی یەکتر پەیدابوون و سەرئەنجام لەو سەرکەوتنە تەکنیکییە گەورانەی سەدەکانی چواردەیەم و پانزەیەم نەدا. بەو شێوەیە لە ئارادابوونی تێگەیشتێکی دروست لە پەیوەندییە مێژووییە گەورەکان ئەستەم بوو لە باشترین حاڵەتیشدا مێژوو جگە لە کۆمەڵێک نمونە و ێنە، کە لە خزمەتی فەیلەسوفەکاندا بێت شتێکی تر نەبوو.

کۆششکارانێک کەلە ساڵانی پەنجاکان لە ئەڵمانیا ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی ماتریالیزمیان لە ئەستۆ گرتبوو، لە هیچ بارێکەوە لە سنوری وانەی مامۆستاکانیان تێ نە ئەپەڕین. سەرکەوتنە تازە بە تازەکانی سروشتناسیش سودێکی بۆیان نەبوو مەگەر وەکو بەڵگەگەلێکی تازە لە دژی هەبوونی خوڵقێنەری گەردوون بەکاربهێنن. ئەوان تەنانەت لە بیری ئەوشدا نەبوونە کە پەرەی زیاتر بە تیۆری بدەن. نمونەییزم کە لەو دەمەدا کارامەییەکەی وشکی کردبوو و لەلایەن شۆڕشی 1848ەوە تووشی برینێکی کوشندە ببوو بەوەی، کە لەو دەمەدا ماتریالیزمیشی ئەبینی کە دوچاری داکەوتنێکی زۆر هاتووە دڵخۆش دەبوو. فیورباخ بە تەواوەتی لەسەر حەق بوو کاتێک کە خۆی لە هرە جۆرە ماتریالیستێکی لەم چەشنە بێبەریی دەکرد، بەڵام ئەو مافەی نەبوو، کە وانەی گەڕیدە موژدەبەخشەکان و ماتریالیزم بە مانا گشتییەکەی تێکەڵ بە یەکتری بکات.

لەگەڵ ئەوەدا پێویستە کە دوو حاڵەت لەبەرچاو بگرین. یەکەم سروشتناسی لە سەردەمی فیورباخدا بە پرۆسەیەکی سەختی هەڵهاتن (احتمار)دا تێئەپەڕی، کە تەنها لەم پێنزە ساڵەی دواییدا بە سەرئەنجامی ڕۆشنی ڕێژەیی قەوارەیەکی وەها کە پێشتر نەبینرابوو کەڵەکە بوو، بەڵام لە توانادا نەبوو کە پەیوەندی و پاشان نەزمێک لە نێوان پەشێویی ئەو دۆزینەوانە، کە بە خێراییەکی زۆر یەک لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبوون، بدۆزرێتەوە مەگەر بەم دواییە نەبێت. ئەوە ڕاستە کە فیورباخ هاودەمی سێ دۆزینەوەی زۆر گرنگ بوو کە بریتی بوون لە دۆزینەوەی خانە تیۆری گۆڕانی وزە، تیۆری پەرەسەندن کە بە ناوی داروینەوە ناونرا. بەڵام فەیلەسوفێک کە گۆشەگیرانە لە گوندێک ژیان بەسەربەرێت، لە کوێ بۆی دەکریت کە بە ئەندازەی پێویست بە دوای پێشڕەوییەکانی زانست

بکەوێت، ئاوەکو بتوانێت بە ڕادەی پێویست پەی بە بەهای ئەو دۆزینەوانە ببات، کە لە کاتێکدا خودی زانایانی زانستەکانی سروشت لەو سەردەمەدا گومانیان لەوانە هەبوو، یان چۆنیەتی بەکارهێنانیان نەدەزانی؟ گوناهێک کە لێرەدا بۆ هەلومەرجی شەرمهێنەری ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، کە لەسایەیدا بە تەنها کەسانێکی هیچوپوچی بێمایەی چینەکەر و خۆهەڵکێش کورسییەکانی خوێندنی فەلسەفەیان داگیرکردووە، لە کاتێکدا فیورباخ لە ڕدەبەدەر لەو هیچوپوچە بێمایانە لە پێشتربوو، دەبوو بە ناچاری ژیانێکی جوتیارانە لە سوچی کوێرە دێیەکدا، بە دابڕاوی بەرێتەسەر. کەواتە فیورباخ لەوەدا گوناهێکی نەبووە، لە کاتێکدا دەبینین کە تێگەیشتنی مێژوویی بۆ سروشت کە ئازەبەئازە فەراهەمە و هەموو ئەو بەشە تەسک و یەکلایەنانەی کە لە ماتریالیزمی فەرەنسیدا هەبوو لەناوبردووە، ئەو دەستی پێ ڕانەئەگەیشت.

دووەم فیورباخ بە تـەواوی لەسەر حەق بوو کاتێک کە وتی ماتریالیزمی زانستی سروشتی بە تەنها (بنچینەی بینای زانستی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت، بەڵام هێشتا خودی بیناکە نییە)، چونکە ئێمە نەک هەر لە سروشت، بەڵکو لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشدا ژیان بەسەر دەبەین، کە مێژووی پەرەسەندن و زانیاری ئەو لە هی سروشت کەمتر نییە. کەواتە ئەرکێک کە دەبێ ئەنجام بدرێت گونجاندنی زانستی کۆمەڵە، یانی ئێکڕای ئەو زانستانەی بە زانستی مێژوویی و فەلسەفی ناودەبرێن، لەگەڵ بنچینەی ماتریالیزم و دووبارە بیناکردنەوەی لەسەر ئەو بنچینەیە. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لە چارەی فیورباخ نە نوسرابوو. ئەو لێرەدا سەرباری «پایە» ماتریالیستییەکەی هێشتا لە کۆتوبەندی نمونەییستی کۆن ڕزگاری نەبووە ئەمەش بۆخۆی دانی پێدا ناوە لەو کاتەیدا کە دەڵێت: «کاتێک کە بەرەو ڕابـردوو دەگەڕێمەوە، من بە تەواوەتی لەگەڵ ماتریالیستەکانم کاتێک

بەرەو پێش دەڕۆم لەگەڵیاندا نیم» وتێروانینی ساڵی 1840 یان 1844 خۆی ئێنەپەڕاندووە، ئەمەش دیسانەوە بە دیاریکراوی بە حوکمی گۆشەنشینی خۆی کە بەهۆی خەسڵەتێکەوە کە هەیبووە، لە هەر فەیلەسەفێکی تر زیاتر پێویستی بە تێکەڵبوونی کۆمەڵگا هەبوو، ناچاربووە بیروباوەڕەکانی خۆی نەک لە چاوپێکەوتنی دۆستانە وەیان دوژمنانە لەگەڵ کەسانێکی هاوئاستی خۆی، بەڵکو لە تەنهاییدا دابنێت. وادتر بە شێوەیەکی درێژتر ئەچێتە سەر باسی ئەوەی کە فیورباخ، تا چ ئاستێکی بەرز لەم بوارەی کە باسمان کرد، نمونەییستانە ماوەتەوە.

ئەو خاڵەش باس بکەین کە شتارکە نمونەییستیی فیورباخ، لەو شتەی کە بە واقیعی هەیە نابینێت. «فیورباخ نمونەییسنە، بروای بە پەرەسەندنی مرۆڤایەتی هەیە» (ل19). «لەگەڵ ئەوەدا نمونەییزم وەک پایە و بناغەی هەموو شتێک دەمێنێتەوە. ڕیالیزم تەنها ئەو دەمەی کە بەدووی نیازە نمونەییسنەکانماندا دەکەوین، لە گومڕایی دەمان پارێزێ. مەگەر بەزەیی خۆشەویستیی خزمەتکردنی ڕاستیی و ڕەوایی هێزگەلی نمونەییستی نین؟» (ل8).

یەکەم نمونەییزم لێرەدا هیچ مانایەکی نییە جگە لە هەوڵدان لە پێناوی ئامانجە نمونەییەکاندا نەبێت. بەڵام ئەم ئامانجانە بە ناچاری ئەوپەرەکەی بە تەنها بە نمونەییزمی کانت و «ئیمپراتیف کاتەگۆریک» (حوکمی یەکلایەکەرەوە بەپێی دەقە عەرەبییەکە _ و. کوردی)ەکەیەوە پەیوەستە. بەڵام تەنانەت کانت بۆخۆی ناوی فەلسەفەکەی ناوە «نمونەییزمی ترنساندانتال» (نمونەییزمی پێش تاقیکردنەوە بەپێی دەقە عەرەبییەکە (و.کوردی)، لەبەرئەوە نییە کە لە ناوەرۆکدا باسی نمونەییە ئەخلاقییەکان دەکات، بەڵکو ئەم مەسەلەیە هۆکاری تری هەیە، کە لای شتارکە ڕۆشنە.

ئەو خورافەیەی کە دەڵێت کرۆکی نمونەییزمی فەلسەفیی بریتییە، لە بڕوابوون بە نمونەییی ئەخلاقی یانی کۆمەڵایەتی لە دەرەوە فەلسەفە و لەلای هیچوپوچە تەسکبیرە ئەڵمانییەکان ئەوانەی کە چینەی وردە خۆراکی زانستی فەلسەفیی پێویستی خۆیان لە شیعرکانی شیلەرەوە دەکەن. هیچ کەسێک بە ڕادەی  هیگڵ رەخنەی توند لە «ئیمپراتیف کاتەگۆرێک»ی بێتواناى کانت ناگرێت (بێتوانا لەو بارەوە کە خوازیاری مەحاڵە و لەبەرئەوە هەرگیز بە ئەنجامێکی واقیعی ناگات)، هەروەها هیچ کەس توندتر لەو شێوەیەی  هیگڵ گاڵتەی بەو گرایشە هیچوپوچە و تەسکبیرانەیە بۆ ئەو خەونانەی کە دەربارەی نمونەییگەلێک بوون کە جێبەجێ نە دەبوون و لەلایەن شیلەرەوە بڵاودەکرانەوە نەدەکرد (بڕوانە بۆ نمونە پەرتوکی «فینۆمینۆلۆژیاگ یانی «زانستی دیارە ناوازەکان»). لەگەڵ ئەوەشدا  هیگڵ بە تەواوەتی نمونەییست بوو.

دووەم بە هیچ جۆرێک ناکرێت لەو واقیعە لابدەیت، کە هەموو ئەو شتانەی پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێن بۆ بەئەنجامگەیاندنی چالاکییەک پێویستە بە مێشکیدا تێ بپەڕێت تەنانەت مرۆڤ خواردن و خواردنەوەشی بە کاریگەریی هەستکردن بە برسێتی و تینوێتی کە لە مێشکیدا ڕەنگدەداتەوە دەستپێدەکات ئەو کاتەش کە هەستی تێربوون لە مێشکیدا ڕەنگی دایەوە، دەست لە خواردن هەڵدەگرێت. کاریگەرییەکانی جیهانی دەرەوە لەسەر مرۆڤ لە مێشکدا ئەنەخشێ و بەشێوەی هەستەکان، بیرۆکەکان پاڵنەرەکان، ئارەزووەکان، یان بە شێوەی «مەیلە نمونەییەکان» ڕەنگدەدەنەوە و بەم شێوەیەش ئەو مەیلانەی کە باسمانکردن بۆ «هێزە نمونەییەکان» ئەگۆڕێن. ئەگەر کەسێک تەنها بەوەی کە «مەیلە نمونەییەکان»ی هەیە و بڕوای بە کاریگەریی «هێزە نمونەییەکان» بەسەر خۆیەوە هەیە، ئیتر ببێتە کەسێکی

نمونەیییست ئەوا هەر کەسێک بە ڕادەیەکی ئاسایی کەموزۆر گەشەی کردبێت، بە تەبیعەتی خۆیی نمونەییستە و ئەوەی کە لەم نێوانەدا دەمێنێتەوە و ناڕۆشنە ئەوەیە، چۆن ئیتر دەکرێت لە دنیادا ماتریالیستەکان هەبن؟

سێیەم یڕوابوون بەوەی کە مرۆڤایەتیی __ لانیکەم لە ئێستادا__ بەشێوەیەکی گشتی بەرەو پێشەوە ئەڕوات بەهیچ جۆرێک پەیوەست نابێتەوە بەو ناکۆکییەی کە لە نێوان ماتریالیزم و نمونەییزمدا هەیە. ماتریالیستە فەرەنسییەکان تا ڕادەیەک دەمارگیرانە بەم بڕوایەوە پەیوەستبوون،- لانیکەم لە ڤۆڵتێر و ڕۆسۆوە کە بڕوایان بە بوونی خودا وەک ئافێنەری جیهان هەبوو __ و زۆرجار گەورەترین قوربانی شەخسییان لە پێناودا داوە. ئەگەر کەسێک تەواوی ژیانی خۆی لە پێناوی «ڕاستی و ڕەوایی» بە مانی باشی ئەم وشانە تەرخانکردبێت ئەوا بۆ نمونە ئەو کەسە دیدرۆ بووە. کاتێک کە شتارکە تەواوی ئەمانە بە نمونەییزم ناوزەد دەکات، جگە لە پیشاندانی ئەوەی کە بەلای ئەوەوە، وشەی «ماتریالیزم» و لە پاڵیشیدا تێکڕای ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوانی ئەم دوو ئاڕاستەیەدا هەیە، هەرجۆرە مانایەکی لە دەستداوە شتێکی دیکە نییە.

شتارکە ئالێرەدا بە کردەوە لە بەرامبەر خورافەیەک کە لە دژی ناوی ماتریالیزم لەلایەن هیچوپوچە بیرتەسکەکانەوە ئەکرێت پاشەکشە دەکات، پاشەکشەیەک کە لێخۆشبوونی تیادا نییە، ئەگەرچی ئەشێ کە بێئاگاییانە بووبێت، ڕیشەی خورافەیەک کە لەلای ئەو هیچوپوچە بیرتەسکانەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تۆمەتە کۆنانەی کە لەلایەن کەشیشەکانەوە بۆ ماتریالیزم یانی زۆرخۆریی بەدمەستی شەهوەت، ئارەزووەجەستەییەکان، لەخۆباییبوون، پارەپەرستی، پیسکەیی، تەماح، قازانجپەرستیی، سەوداگەریی (مچاربە) لە

بۆرسەدا و بە کورتییەی هەموو کارێکی چەپەڵ کە ئەو بـوخـۆی بە دزییەوە ئەی کاث، هەروەها بەلای ئەوەوە نمونەییزم یانی بڕوابوون بە چاکە و بەخشندەیی خۆشویستنی گشت مرۆڤایەتی و بەشێوەیەکی گشتی بڕوابوون بە «جیهانێکی باشتر» کو لەلای کەسانی تر بانگەشەی بۆ دەکاث، بەڵام بۆخۆی تەنها ئەو دەمە بڕوای پێی هەیە کە تووشی مایەپەچی یان سەرئێشەی پاش مەستبوون هاتبێت، بە کورتییەکەی سەردەمێک کە پێویستە ئەو قۆناغە نەویستراوە تێپەڕێنێ کە بەرئەنجامی زیادەڕەویی «ماتریالیستی» ئاسایی خۆیەتی. لەو کاتەدا گۆرانییە پەسەندکراوەکەی خۆی دەڵێتەوە: مرۆڤ چییە؟ نیوە گیانەوەر، نیوە فریشتە.

ئەو شتانەی لێدەرچێت لە باقی شتەکانی تردا شترکە، لە بەرامبەر هێرش و تیۆری ئەو مامۆستایانەی ک ئەمڕۆکە لە ئەڵمانیا بە ناوی فەیلەسوفەوە هاتوهاواریانە، سەرسەختانە لە هەوڵی داکۆکیکردن بووە لە فیورباخ، بێگومان ئەمە بەلای کەسانێکەوە کە بایەخ بەو نەوەیە دەدەن کە لە فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی ماونەتەوە مەسەلەیەکی گرنگە، ئەمە بۆ خودی شتارکەش وە مەسەلەیەکی پێویست دەهاتە پێشچاو. بەڵام ئێمە خوێنەر دەبەخشین.

**بەشی سێیەم: فیورباخ**

نمونەییزمی واقیعیی فیورباخ ئەو کاتە بە خێرایی دەردەکەوێت، کە لە فەلسەفەکەیدا بچینە سەر مەسەلەی ڕەوشت و ئاین. فیورباخ بە هیچ جۆرێک گەرەکی نییە کە ئاین هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو مەبەستی ئەو کامڵکردنی بوو خودی فولسەفە دەبێت لە ئاییندا بتوێنەوە.

«قۆناغەکانی مرۆڤایەتی تەنها بە ئاڵوگۆڕە ئاینییەکان لە یەکدی

جودا ئەکرێنەوە، بزوتنەوەی مێژوویی تەنها ئەو دەمە بە بناغەیەکی قوڵ دەگاتا، کە بە قوڵی ڕۆچووبێتە نێو دڵی مرۆڤەوە. دڵیش فۆرمی ئاین نییە، لەبەرئەوە ناشێت کە بووترێت، پێویستە ئاین دیسانەوە لە دڵدا جێگیر بێت، دڵ جەوهەری ئاینە» (لە پەڕاوی شتارکەوە وەرگیراوە ل. 168).

بەپێی تیۆری فیورباخن ئاین پەیوەندی هاودڵیی نێوان مرۆڤی لەگەڵ مرۆڤێکی تره و لەسەر بنەمای سۆز دامەزراوە، پەیوەندییەک کە هەتاوەکو ئێستا بەدوای راستیی خۆیدا، لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵیی بۆ واقیع بە هۆی خودایەک، یان چەند خودایەکەوە، کە هەموو ڕەنگدانەوە خەیاڵییەکان لە سروشتی مرۆییدا هەن دەگەڕێ ئێستاکەش ڕاستەوخۆ و بە بێ هیچ ناوەندێک لە خۆشەویستی نێوان «من»و «تۆ»دا دەی بینێتەوە. بەو جۆرە سەرئەنجام مەسەلەکە بەلای فیورباخەوە بەوە دەگات، کە خۆشەویستی سێکسی یەکێکە لە بەرزترین، وەیان بەرزترین شێوەیە بۆ پەیڕەویکردن لە ئاینە نوێکەی.

پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ کە لەسەر خۆشەویستی دامەزراوە، بەتایبەت پەیوەندی نێوان تاکەکانی دوو سێکسی مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە لە ئارادابووە، بەڵام سەبارەت بە خۆشەویستی سێکسی بە شێوەیەکی تایبەت، پێویستە بڵێین کە ئەم خۆشەویستییە لە ماوەی هەشتسەد ساڵی دواییدا گرنگی خۆی پەیداکرد و ڕێوشوێنێکی بۆخۆی داگیرکرد بەجۆرێک کە بووە تەوەرەیەکی پێویستی وا کە هەرچی هونەر هەیە، بە دەوریـدا بچەرخێن. ئاینە جێکەوتەکانی کە هەن تەنها لەو چوارچێوەیەدا خۆ قەتیس دەکەن، کە لە ڕادەبەدەر رێکخستنی خۆشەویستی سێکسی لەلایەن دەوڵەتەوە یانی یاساکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری پیرۆز دەکەن، ئەو ئایینانەی کە ڕەنگە سبەی ڕۆژ بە تەواوەتی لە نێوبچن بەبێ

ئەوەی لە پراکتیکدا کەمترین ئاڵوگۆڕێک بەسەر خۆشەویستی و دۆستایەتیدا بێت. ئاینی مەسیحی لە فەرەنسا لە ساڵەکانی 1739–1798 بە جۆرێک نەما کە خودی ناپلیۆن نەیتوانی هەروا بە ئاسانی و بەبێ بەرگری بیگێڕێتەوە، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە هەست بە پێویستی شتێک لە جۆری ئاینە نوێکەی فیورباخ نە دەکرا، تاوەکو جێگەی ئەو بگرێتەوە.

نمونەییستی فیورباخ لێرە لەوەدایە، کە ئەو خۆشەویستی سێکسی دۆستایەتی بەزەیی خۆنەویستی و شتی تری لەم بابەتانە، یانی تێکڕای پەیوەندییە مرۆییەکان کە لەسەر بنچینەی ئارەزووی هەردوولا دامەزراوە وەک شتێک لە خۆیدا یانی بەبێ پەیوەستکردنی ئەوانە بە سیستمێکی ئاینی تایبەت، کە بەلای ئەوەوە بە ڕابـردوەوە پەیوەستە لێکناداتەوە، بەڵام ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم پەیوەندییانە تەنها ئەو دەمە مانای تەواوی خۆیان دەبەخشن کە بە دەستەواژەی «ئاین» پیرۆز بکرێن. مەسەلەی سەرەکی بەلای ئەوەوە لەسەر لە ئارادابوونی ئەم پەیوەندییە مرۆڤایەتییە پەتییە نییە، بەڵکو مەسەلە لەسەر تێڕوانینی خەڵکە بۆ ئەم پەیوەندییە بە وێنەی ئاینێکی نوێ و ڕاستەقینە. ئەو تەنها ئەو کاتە ئامادەیە دان بە کامڵی ئەوانەدا بنێت، کە بە مۆری ئاین مۆر کرابن. وشەی Religion (ئاین) لە کرداری religare ەوە هاتوە و لە سەرەتادا بە مانانی پەیوەندی بووە. لەبەرئەوە هەر جۆرە پەیوەندییەکی دولایەنەی نێوان دووکەس ئاینە. ئەم جۆر یاریکردنە قوتار بکات. بۆ وشەکان ئەو واتایە دانابڕن کە لە میانەی پەرەسەندنی مێژووییەوە بە خۆیانەوە گرتویانە، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ڕیشەی زمانەوانەیی وشەکان. بۆئەوەی وشەی ئاین کە لە بیرەوەرییەکانی نمونەییزمدا خۆشەویستە نەپوکێنەوە خۆشەویستی سێکسی و پەیوەندی سێکی تا ئاستی «ئاین» بڵند دەکەنەوە. لە ساڵانی چلەکاندا

ڕیفۆرمیستە پاریسییەکان کە سەر بە ڕێبازی لوئی بلان بوون و لە ڕوانگەی ئەوانەوە مرۆڤ بەبێ ئاین مانەندی دڕندەیەکی کێوییە و بە ئێمە دەڵێن: «Donc 1 atheisme cest votr religion!» ڕێک بەو جۆرە داوەری دەکەن. کاتێک فیورباخ لە هەوڵی بنیاتنانی ئاینی ڕاستەقینە لەسەر بنەمای خەسڵەتی ماتریالیستی سروشتدا بوو، بەو کەسەی دەکرد کە پێی وابوو کیمیای هاوچەرخ کیمیاگەریی ڕاستەقینەیە. ئەگەر بشێت کە ئاین دەستبەرداری خودا بێت، ئەوا کیمیاگەریش دەتوانێت دەستبەرداری بەردی فەلسەفی بێت. سەرباری ئەوە پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوانی کیمیاگەریی و ئایندا هەیە. بەردی فەلسەفی زۆر تایبەتمەدنی تێدایە، کە بە تایبەتمەندیی خوداوەند دەچێت کیمیاگەرانی میسری و یۆنایش، لە دوو سەدەی یەکەمی زایینیدا بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بیرتلو و کوپ بە ئێمەیان داوە، دەستیان هەبووە لە دانانی ئاینی مەسیحیدا.

جەختکردنەوەی فیورباخ لەسەر ئەوەی کە «قۆناغەکانی مرۆڤایەتیی تەنها بە ئاڵوگۆڕە ئاینییەکان لە یەکتری جودا دەکرێنەوە»، بە تەواویی نادروستە. وەرچەرخانی مێژوویی گەورە بە بێ ئەوەی هاوکات ئاڵوگۆڕێک لە ئایندا هاتبێتە کایەوە، ڕوویداوە ئەوەی تا ڕادەیەک لەم ڕووەوە لەبەرچاوبگیرێ، تەنها سێ ئاینی جیانی یانی بودایی و مەسیحی و ئیسلامە، کە هاوشانی ئەوانە هەندێک ئاڵوگۆڕ پێکهاتووە. ئاینە کۆنەکان کە لە نێو هۆز و میللەتەکان بە شێوەیەکی خۆبەخۆ دەرکەوتون، خەسڵەتی پڕوپاگەندەیی نەبووە و هەر کاتێک هۆزەکان یان خەڵکی سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدابێت ئەوا ئایینیش تەواوی هێزی بەرگری خۆی لەدەست دەدات. لەلای ئەڵمانەکان بۆ بە ئەنجامگەیشتنی ئەم کارە بەریەککەوتنێکی کەم لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی جیهانی ڕۆم کە لە حاڵی هەڵوەشانەوەدا بوو

لەگەڵ ئاینی مەسیحی جیهانی کە لەو دەمەدا ڕۆمەکان تازە چووبوونە سەری و وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی ئابوری و سیاسی و روحییان بوو بەس بوو. تەنها لە پەیوەند بەم ئاینە جیهانییەوە کە کەموزۆر بە شێوەیەکی دەسکرد پەیدابوون، بەتایبەت مەسیحی و ئیسلام دەکرێت بوترێت، کە بزوتنەوە گشتییە مێژووییەکان ڕەنگی ئاینیان بە خۆوە گرتبوو. بەڵام تەنانەت لە بواری بڵاوبوونەوەی مەسیحیەتیشدا، ئەو شۆڕشانەی کە بە ڕاستی گرنگییەکی گشتییان هەبوو، تەنها لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تێکۆشانی بـۆرژوازی، لە پێناوی ڕزگاری خۆیدا یانی لە سەدەی سیانزەهەمەوە تا دەگاتە کۆتایی سەدەی هەڤدەهەم ئەم ڕەنگەی لە خۆ گرتبوو. هۆکاری ئەم مەسەلەیەش بە پێچەوانەی ئەوەی کە فیورباخ پێوابوو، بە خەسڵەتی دڵی مرۆڤ و پێویستییە ئاینییەکانی لیکبدرێنەوە، بەڵکو بە ئێکڕای مێژووی سدەکانی ناوەڕاست، کە جگە لە یەک شێوە ئایدیۆلۆژی یانی ئاین و لاهوت، بە شتێکی دی ئاشنا نەبووە لێکدەدرێنەوە، بەڵام بۆرژوازی لە سەدەی هەژدەیەمدا بە ئەندازەی پێوست هێزێکی وای پەیداکرد کە بتوانێت ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بە خۆی هەبێت، کە هاوشانی هەلومەرجی چینایەتی خۆی بێت ئەو کاتە شۆڕشی مەزن و تەواوی خۆی یانی شۆڕشی فەرەنسا ئەنجام دا ئەو ئاینی، تەنها بە پشتبەستن بە بیروباوەڕی حقوقی و سیاسی، بە لاوە گرنگ نەبوو، مەگەر بەو ڕادەیەی کە ئاین کۆسپی لە ڕێگایدا پێکهێنابێت. بەڵام بۆرژوازی تەنانەت بە خەیاڵیشیدا نە ئەهات، کە لە جێی ئاینی کۆن، ئاینێکی نوێ دابنێ. ئاشکرایە کە ڕۆبسپیر لەم ڕووەوە توشی چ ناکامییەک هات (13).

لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئێستا ئێمە بە ناچاری ژیانی تێدا بەسەر دەبەین و لەسەر ناکۆکی چینایەتی و دەسەڵاتی چینایەتی بنیاتنراوە، توانای

دەربڕینی هەستە پەتییە مرۆڤایەتییەکان سەربارەت بە پەیوەندییەکانی خۆمان بە کەسانی دیکەوە، بە ڕادەیەکی یەکجار کەمە، بچوکترین هۆکارێک بەدەستەوە نییە کە هەمدیسانەوە، ئەو توانایە کەمتر بکەینەوە ئەوەش بە بڵندکردنەوەی ئەو هەستانە بۆ ئاستی ئاین. بەم شێوەیە زانستی مێژووی باو بە تایبەت لە ئەڵمانیا، تێگەیشتنی ئێمەی بۆ جەنگە چینایەتییە مێژووییە گەورەکان تاریک کردووە و پێویست بەوە ناکات ئەم تێگەیشتنە بە یەکجاری بکەینە شتێکی مەحاڵ لە ڕێگای گۆڕینی مێژووی ئەم خەباتەوە، ئەویش بەوەی کە بکرێتە پاشکۆیەکی سادەی مێژووی کڵێسا. هەر لێرەوە کە ئەمڕۆ چەندە لە فیورباخ دوورکەوتووینەتەوە. ئێستا تەنانەت خوێندنەوەی لایەنە «زۆر جوان»ەکانی دانراوەکانی فیورباخ کە تیایدا ئاینی نوێی خۆشەویستی هەڵئەنێ ئەستەمە.

تەنها ئاینێک کە فیورباخ بە قووڵی لێی کۆڵیبێتەوە، ئاینی مەسیحی بووە ئاینی جیهانی ڕۆژئاوا، کە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی بنیاتنراوە. فیورباخ ئەوە پیشان دەدات کە خودی مەسیحییەت جگە لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵی مـرۆڤ شتێکی تر نییە. بـەڵام ئەم خودایە بە نۆبەی خۆی بەرهەمی بزوتنەوەیەکی دوورودرێژی تەجرید و چڕبوونەوەی ژمارەیەکی زۆروزەبەندی خوادیانی کۆنی خێڵ و میللەتانە. بەهەمان شێوە ئەو مرۆڤەی کە ئەم خودایە ڕەنگدانەوەی ئەو مرۆڤێکی واقیعی نییە، بەڵکو ئەویش کورتکراوە و چڕبووەوەی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤگەلی واقیعییە، ئەم مرۆڤە مرۆڤێکی تەجریدییە یانی ئەمیش وێنایەکی فیکرییە. خودی فیورباخیش کە لە هەموو لاپەڕەیەکدا وەعزی ئەوە دەدات، کە ڕۆچینە نێو ئارەزووە جەستەییەکان و داوامان لێ دەکات کە نوقمی جیهانی مەلموس و واقیعی بین کاتێک، کە دەبێت قسە نەک سەبارەت بە پەیوەندی سێکسین بەڵکو

سەبارەت بە پەیوەندی تری نێوان مرۆڤەکان بکات، لە ڕادەبەدەر دەکەوێتە نێو تەجریدەوە.

فیورباخ لە هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، جگە لە لایەنێک کە ئەویش ڕەوشتە شتێکی تر نابینێت. لێرەدا جارێکی تر هەژاریی سەرسوڕهێنەری فیورباخ بە بەراورد لەگەڵ هیگڵ سەرساممان دەکات. بەلای هیگڵەوە، زانستی ڕەوشت یان تیۆرەکەی لە مەڕ ڕەوشت فەلسەفەی مافە، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی ئەمانە دەگرێتەوە: خێزان، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت.

لێرەدا، بە هەر ئەندازەیەک شێواز نمونەییستییە بەهەمان ئەندازە ناوەرۆک ڕیالیستییە. ئەم ناوەرۆکە سەرباری ڕەوشت تێکڕای مەیدانی ماف و ئابوری و سیاسەت دەگرێتەوە. بەڵام بەلای فیورباخەوە مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانەیە. فیورباخ لە ڕووی شێوازەوە ڕیالیستییە و مرۆڤ خاڵی لێوە هەستانییەتی، بەڵام هیچ قسەیەک دەربارەی جیهانێک کە ئەو مرۆڤە ژیانی تێدا دەکات ناهێنێتە گۆڕ، لەبەرئەوە مرۆڤ بەلای فیورباخەوە بە هەمان ئەو مرۆڤە موجەڕەدەی کە لە فەلسەفەی ئایندا دەبینرێ دەمێنێتەوە. ئەو مرۆڤە لە سکی دایکەوە پەیدا نەبووە، بەڵکو هەوەکو چۆن پەروانە لە قۆزاخە دێتە دەرەوە، لە خودای ئاینە یەکتاپەرستییەکانەوە هاتوەتە دەر. لەبەرئەوە، ئەو مرۆڤە لە جیهانی واقیعی کە خاوەن پەرەسەندنی مێژوویی و سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراوە ناژێت. ئەگەرچی تێکەڵی لەگەڵ خەڵکانی تردا هەیە، بەڵام هەر یەکێک لەو خەڵکانە بە ڕادەی خودی موجەڕەدە. لە فەلسەفەی ئایندا بەلای کەمەوە ژن و پیاو لەیەک جیا دەکەینەوە، بەڵام لە ڕەوشتدا ئەم جیاوازییە دەپوکێنەوە. ئەوە ڕاستە کە لە لای فیورباخ بە دەگمەن بابەتگەلی وەکو ئەمەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێت:

«لە کۆشکەکاندا بە جۆرێکی تر وەک لەوەی لە کۆلیتەکاندا هەیە بیر دەکرێتەوە»، «ئەگەر بەهۆی برسێتی و کوێرەوەری، هیچ مەوادێکی خۆراکی لە لەشتدا نەبوو، ئەوا لە مێشک و هەست و دڵیشتدا، هیچ خۆراکێکت بۆ ڕەوشت پێ نابێت»، «دەبێت سیاسەت ببێتە ئاینمان» ...هتد.

بەڵام فیورباخ بە هیچ جۆرێک ناتوانێت ئەم بابەتگەلانە بەکاربهێنێ، لەلای ئەو ئەوانە تەنها دەربڕینن و تەنانەت شترکە ناچارە دان بەوەدا بنێت، کە سیاسەت لەلای فیورباخ مەیدانێکە دەستڕاگەییشتن پێی ئەستەمە و» زانست دەربارەی کۆمەڵ وەیان سۆسیۆلۆژی__ terra incognita» .

لەو جێگایەدا کە فیورباخ ناکۆکی نێوان خێر و شەڕ لێکدەداتەوە، بەهەمان ئەندازە تێگەیشتنی ڕووکەشییانەی فیورباخمان بە بەراورد لەگەڵ هیگڵ بۆ دەردەکەوێت.

هیگڵ ئەنوسێت: «کەسانێک هەن پێیان وایە ئەگەر بڵێن: مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی خێرەوەمەندە، ئەوا بیرۆکەیەکیان خستوەتە ڕوو، یەکجار قوڵ، بەڵام ئەوە فەرامۆش دەکەن کە لە ڕستەی: مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی شەڕەنگێزە بیرۆکەیەکی زۆر قوڵتر هەیە».

شەڕ بەلای هیگڵەوە ئەو فۆرمەیە کە هێزی بزوێنەری پەرەسەندنی مێژوویی تێدا بەرجەستە بووە. ئەم بیرۆکەیەش دوو واتای هەیە: لە لایەکەوە هەر هەنگاوێکی تازە بۆ پێشەوە، بە ناچاری وا ئەنوێنێت کە سوکایەتییە بە یەکێک لە شتە پیرۆزەکان یاخیبوونە لە دژی هەلومەرجی کۆن و بەسەرچوو، بەڵام پیرۆزە بەهۆی نەریتەوە. لەلایەکی ترەوە، لەو کاتەوەی کە ناکۆکی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان پەیدابووە ئاشوبی ناپەسەندی مرۆڤ وەکو چاوچنۆکی دەسەڵاتخوازی بوونەتە نوێڵی پەرەسەندنی مێژوویی. بۆ نمونە مێژووی فیۆدالیزم و بۆرژوازی، سەلمێنەری هەمیشەیی ئەم مەسەلەیەن.

بەڵام تەنانەت ئەوە بە مێشکی فیورباخدا نەهاتووە، کە لە ڕۆڵی مێژوویی شەڕی ئەخلاقی بکۆڵێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی مەیدانی مێژوو بۆ فیورباخ شیا و ئاسودە نییە. تەنانەت ئەم وتەیەی:

«ئەو دەمەی کە مرۆڤ لە دامێنی سروشتەوە هاتە دەرەوە، جگە لە بوونەوەرێکی سروشتیی پەتیی نەک مرۆڤ شتێکی تر نەبوو. مرۆڤ بەرهەمی مرۆڤ و فەرهەنگ و مێژووە».

تەنانەت ئەم قسەیەش لەلای فیورباخ، قسەیەکی بێبەرهەم بوو.

پاش هەموو ئەو شتانەی کە وترا، ئێستا ئەوە ڕۆشنە کە ئەو قسانەی فیورباخ دەربارەی ڕەوشت بە ئێمەی ئەڵێ، شتگەلێکی زۆر چروساوەیە . لەلای مرۆڤ تێکۆشان لە پێناوی بەختەوەرییدا، شتێکی خۆڕسکە هەر بۆیە دەبێت ئەم تێکۆشانە ببێتە بناغەی ڕەوشت. بەڵام ئەم تێکۆشانە لە پێناوی بەختەوەریدا، لەدوو ڕووەوە مل بۆ ڕستکردنەوە کەچ دەکات. یەکەم لە ڕووی سەرئەنجامە سروشتییەکانی کردارەکانمانەوە: لە پاش مەستی ژانەسەر و لە پاش زێدەڕۆیی کە دەبێتە خوو، نەخۆشی دێت. دووەم لە ڕووی سەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی کردارەکانمانەوە: ئەگەر ئێمە ڕێز لە هەمان ئەو تێکۆشانەی کە کەسانی دیکە بۆ بەختەوەریی ئەیدەن نەگرین، ئەوا ئەوان بەرگری دەکەن و دەبنە کۆسپی بەردەم تێکۆشانی ئێمە لە پێناوی بەختەوەریدا. لێرەدا ئەو ئەنجامگیرییە بەدەستدێت، ئەگەر ئێمە خوازیاری ئەوەین کە تێکۆشانمان لە پێناوی بەختەوەریدا سەرکەوتوو بێت، پێویستە بزانین کە چۆن بە شێوەیەکی دروست سەرئەنجامی کارەکانمان هەڵئەسەنگێنین و سەرباری ئەوەش ڕیز لە مافی کەسانی دیکە، کە هەمان تێکۆشانیان هەیە ئەگرین. کەواتە، ڕێسای بنەڕەتیی ڕەوشت لەلای فیورباخن کە هەموو ڕێساکانی تری لێوە هەڵئەگۆزن برێتییە لە بەرتەسککردنەوەی عەقڵانییانە سەبارەت

بە خۆمان و بە خۆشەویسنی (هەمیشە خۆشەویسنی!) لە پەیوەندیمان بە کەسانی دیکەوە. نە پاساوە زۆر هۆشمەندانەکانی فیورباخ، نە پیاهەڵدانە زێدەڕۆییەکانی شنارکە، ناتوانن هیچوپوچی ئەم دوو و سێ حوکمە بشارنەوە.

ئەگەر مرۆڤ بایەخی هەر بە خۆی دا، ئەوا تەنها لە هەندێک حاڵەتی زۆر کەمدا، کە ئەویش بە هیچ جۆرێک کەڵکی نەبۆ خۆیی و نە بۆ کەسانی دیکەش دەبێت، دەتوانێت سەرکەوتن لەو کۆششەی لە پێناوی بەختەوەریدا ئەیکات بەدەستبهێنێ. پێویستە ئەو لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیوەندی بگرێت و بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خۆی، خاوەنی هۆیەکانی وەک: خۆراک، هاوسەر، پەڕاو، گفتوگۆ، وتووێژ، چالاکی، ستومەکی بەکاربردن بۆ ژیان و شتومەکی کاربێت. لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان ئەوتا گریمانەی ڕەوشت لەلای فیورباخ هەر لە سەرەتاوە، گریمانەی ئەوە دادەنێت، کە هەموو ئەو شتومەک و هۆیانە بێئەملاوئەولا لە بەردەستی هەموو مرۆڤێکدایە، وەیان ئەوەتا ئەو ڕەوشنە بە تەنها، ئامۆژگاریی جوان فەرماییش دەکات، کە نایانە دی و لەلای کەسانێک کە لەو هۆیانە بێبەشن، بەهای تاڵە موویەکی نییە.

**لەم بارەیەوە خودی فیورباخ بە ڕشکاوی دەڵێت:**

«لە کۆشکەکاندا بە جۆرێکی تر وەک لەوەی لە کۆلینەکاندا هەیە بیر دەکرێتەوە»، «ئەگەر بەهۆی برسێتی و کوێرەوەری، هیچ مەوادێکی خۆراکی لە لەشتدا نەبوو، ئەوا لە مێشک و هەست و دڵیشتدا، هیچ خۆراکێکت بۆ ڕەوشت پێ نابێت».

ئایا، سەبارەت بە مافی یەکسانی لە بەختەوەریی بۆ گشت کەسێک، هەلومەرجێکی باشتر لەوە لە ئارادایە؟ فیورباخ ئەم مافە بەبێ قەید و مەرج داوا دەکات و پێوایە کە لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا پێویستە. بەڵام لە کەیەوە تێکڕای خەڵکی، دان بەم مافەدا دەنێن؟ ئایا لە سەردەمەکانی

ڕابوردودا هیچ کاتێک مافی یەکسانی لە بەختەوەریی بۆ گشت کەسێک، لە نێوان کۆیلە و کۆیلەداران، وەیان لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە نێوان سێرفەکان و بارۆنەکان ، بۆتە جێگەی قسەوباس؟ ئایا تێکۆشانی چینە ستەمکێشەکان لە پێناوی بەختەوەرییدا، بێبەزەییانەو «بەپێی یاسا» نەبوەتە قوربانی هەمان ئەو تێکۆشانەی کە چینە دەسەڵاندارەکان لە پێناوی بەختەوەریدا ئەی دەن؟ بەڵێ بەو جۆرە بوو، بەڵام ئەمە پێچەوانەی ڕەوشت بوو، بەڵام ئەمڕۆ مافی بەرابەر، دانی پیادا نراوە. تەنها بە قسە دانی پێدانراوە، ئەویش لەو کاتەوە کە بۆرژوازی ناچار بوو، لە تێکۆشانیدا دژی فیۆدالیزم و بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی سەرمایەداری تـەواوی ئیمتیازاتی پلەوپایەکان(«مراتب».و. کوردی)، یانی ئیمتیازاتە کەسایەتییەکان لە نێوبەرێت و بەرابەریی لە مافە دادوەرییەکان بۆ تاک سەرتا لە چوارچێوەی مافە تایبەتییەکان و پاشانیش وردەوردە لە مەیدانی مافەکانی دەوڵەت («مافە گشتییەکان» بە پێی دەقە فارسییەکە. و. کوردی)، بڕیار بدات.

بەڵام مافە نمونەییە خۆراکییەکان شتگەلێکی زۆر کۆنن بۆ تێکۆشان لە پێناوی بەختەوەریدا. تێکۆشان لە پێناوی بەختەوەریی لە هەموو شت زیاتر لە ڕێگەی هۆیە مادییەکانەوە ئەچێتە سەر و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە سۆنگەی ئەمەوەیە کە هەوڵدەدات، تاوەکو زۆربەی هەرە زۆری ئەو تاکانەی کە مافی یەکسانیان هەیە، تەنها خاوەنی شتگەلێکی کەمی زۆر پێویست بن، کە بۆ ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری پێویستن. بەم شێوەیە ئەوە جێگەی گومانە کە سەرمایەداری ڕێزێکی زیاتر لە مافی یەکسانی زۆربە بگرێت بۆ بەختەوەری، وەک لەوەی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی گرتوویانە. ئایا هەلومەرجێکی باشتر لە پەیوەند بە هۆیە ڕۆحییەکان بۆ فەراهەمکردنی بەختەوەریین هەروەها هۆیەکانی فێرکردن، لە ئارادایە؟ مەگەر خودی

«ئەو مامۆسای خوێندنگا سەرەتاییی کە لە جەنگی سادوا سەرکەوت» (14) کەسایەتییەکی ئەفسانەیی نەبوو؟

لەوانەش زیاتر. بەپێی تیۆری ڕەوشتی فیورباخ، بۆرسە بەرزترین پەرستگای ڕەوسشتە، ئەگەر بێتو ژیرانە سەوداگەری بەڕیوە بچێت. ئەگەر تێکۆشانی من لە پێناوی بەختەوەری بەرەو بۆرسەم ببات و ئەگەر بزانم لەوێدا سەرنجامی کارەکانم بە دروستی سەنگوپێوانە بکەم، بە جۆرێک کە ئەم کارانە بۆ من جگە خۆشی شتێکی تر بۆ نەهێنێ و هیچ جۆرە زیانێکم پێ نەگەیەنێت، یانی ئەگەر من هەمیشە قازانج بکەم، ئەو دەمە ئامۆژگارییەکەی فیورباخ دێنەدی. بڕوانن کە من لەم بارەیەوە بە هیچ جۆرێک کۆسپ ناخەمە بەردەم هاوشێوەی خۆم کە بۆ بەختەوەریی تێئەکۆشێت. هاوشێوەکەمیش هەروەکو من، بە ویستی خۆی بۆ بۆرسە هاتووە. ئەو کە مامەڵەی کێبەرکێم لەگەڵدا دەکات، بە هەمان شێوەی من بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریی تێوەکۆشێت. ئەگەر پارەکانی دۆڕاند ئەوە نیشانەی بێڕەوشتی کردارەکانییەتی، چونکە سەرئەنجامی کردارەکانی نادروست هەڵسەنگاندووە. من ئەتوانم ئەو بە سزای شاییستەی خۆی بگەیەنم، تەنانەت ئەتوانم بە ناونیشانی ڕامانت (15)ی هاوچەرخ، سەربەرزانە سنگی خۆم دەرپەڕێنم. لە بۆرسەدا تەنانەت خۆشەویستیش دەستەواژەیەکی سۆزیی پەتی نییە، بەڵکو فەرمانڕەوایە، لەبەرئەوە هەریەکە بە کۆمەکی کەسانی تر، تێکۆشانی خۆی لە پێناوی بەختەوەریدا بە سەرکەوتن دەگەیەنێت، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە پێویستە خۆشەویستی بیکات و جێبەجێبوونی بە کردەوەی خۆشەویستیش لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر من سەرئەنجامی کارەکانی خۆمم بە دروستی پێشبینی کرد، یانی ئەگەر سەرکەوتوانە یاریم کرد، ئەوکاتە بە دڵنیاییەوە پابەندی گشت خواستە ئەخلاقییەکانی فیورباخ ئەبم،

سەرباری ئەوەش دەوڵەمەند ئەبم. بە مانایەکی تر، مەبەست و ئارەووەکانی فیورباخ هەرچییەک بن، ڕەوشنەکەی لەسەر شێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمڕۆ بڕڕوە.

بەڵام خۆشەویستی! بەڵێ، خۆشەویستی بەلای فیورباخەوە هەمیشە و لە گشت شوێنێک موعجیزە دروست دەکات و پێویستە مرۆڤ لە هەموو دژوارییەکانی ژیانی عەمەلی ڕزگار بکات ئەمە دەربارەی کۆمەڵگەیەکە کە بۆ چینە بەرژەوەند ناکۆکەکانی دابەش بووە! بەم جۆرە فەلسەفەکەی فیورباخ دوا مۆرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی کە ماوەتەوە لە دەست دەدات و تەنها گۆرانییەکی کۆن دەمێنێتەوە کە دەڵێت: یەکتریان خۆشبوێت، بەبێ جیاوازی لە پلەوپایە و سێکس، یەکتری لە باوەش بگرن، ژیانێکی ئاشتییانە، ئاشتییەکی گشتی، بەرپا بکەن! بە کورتییەکەی ئەوەی بەسەر تیۆری ڕەوشتی فیورباخدا هاتوە، هەمان ئەو شتەیە کە بەسەر تێکڕای تیۆرەکانی پێشیندا هاتوون. ئەم ڕەوشتە بە بەر هەموو سەردەمێک و هەموو گەلێک و هەموو هەلومەرجێدا براوە، ڕێک لەبەرئەوە، لە هیچ کات و لە هیچ شوێنێکدا بۆ جێبەجێکردن دەستناداث. ئەم ڕەوشتە بە هەمان ئەندازەی حوکمی ئیمپراتیڤ (بڕێنەرەوە/ و.کوردی)ی هیگڵ لە بەرامبەر جیهانی واقیعی دەستەوەستانە. لە ڕاستیدا هەر چینێک و تەنانەت هەر پیشەیەکیش ڕەوشتی تایبەتی خۆیی هەیە، سەرباری ئەوە هەرکاتێک بزانێت رووبەڕووی سزا نابێتەوە، لە دژی ئەوەستێتەوە، بەڵام لە پەیوەند بە خۆشەویستییەوە کە پێویستە هەموو شتێک یەکگرتوو بکات، بە شێوەی جەنگ، شکاڵا، ناکۆکی خانەوادەگی، تەڵاق و چەوسانەوەی هەندێک بۆ هەندێکی تر، دەردەکەوێت.

ئیتر چۆن دەبێت، کە ئەو تەکانە بەهێزەی فیورباخ بە بزوتنەوەی

هزریی دا، بۆ خۆی بە تەواویی بێ بەرهەم بێت؟ زۆر بە سادەیی، لەبەرئەوەی فیورباخ ئەو ڕێگایەی کە لە جیهانی تەجریدییەوە کە خودی فیورباخ هەتاوەکو مردن نەفرەتی لێکرد، بەرەو جیهانی زیندووی واقیعی ئەبرد، نەدۆزییەوە. ئەو بە هەموو هێزێکییەوە خۆی بە سروشت و مرۆڤەوە چەسپاندبوو، بەڵام سروشت و مرۆڤ لەلای ئەو، جگە لە دوو وشە، شتێکی دی نەبوون. ئەو لەسەر سروشتی واقیعی نەی دەتوانی شتێکی ڕۆشن بڵێت، بۆئەوەی لە مرۆڤێکی موجەڕەدەوە هەروەکو فیورباخ وێنای دەکرد، بگەینە مرۆڤێکی زیندووی واقیعی، پێویستە ئەو مرۆڤانە لە کردارە مێژووییەکانەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە، بەڵام فیورباخ بە توندی لە دژی ئەوە وەستایەوە، لەبەرئەوە ساڵی 1848 (16) کە لێی تێناگات، هیچ مانایەکی نەبوو، جگە لە داپچڕانی یەکجارەکی لەگەڵ جیهانی واقیعی و چوونە نێو گۆشەگیری تەواوەتی نەبێت. تاوانی ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی هەمدیسان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەڵمانیا، کە ئەوی بەئەنجامێک گەیاند جێگای بەزەیی بێت، بەڵام ئەو هەنگاوەی کە فیورباخ نەی نا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بنرێت. پێویستە پەرستنی مرۆڤی موجەڕەد کە ناوکی ئاینی نوێی فیورباخی پێکدەهێنێت، بە زانستێک بگۆڕێت، کە پەیوەندە بە خەڵکی واقیعی و پەرەسەندنی مێژووییانەوە. ئەم پەرەسەندنە دوایی تیۆری فیورباخ، کە چوارچێوەی فەلسەفەی فیورباخی، مارکس، لە ساڵی 1845، لە پەڕاوی «خێزانی پیرۆز»دا دەستیپێکرد.

**بەشی چوارەم: مارکس**

شتراوس، باوێر، شتیرنەر و فیورباخ، تا ئەو جێگایەی کە مەیدانی فەلسەفەیان بەجێ نەهێشتووە، نەوەکانی فەلسەفەی هیگڵی بوون. شتراوس لە پاش ئەو دوو پەڕاوەی «ژیانی مەسیح» و «دۆگماتیک»، ژیانی خۆی بۆ

ئەدەبیاتی فەلسەفی و مێژوویی کڵێسایی بە شێواوی ڕینانی تەرخانکرد. هەرچی باوێرە، بە تەنها لە بواری سەرهەڵدانی مەسیحییەتدا، تا ڕادەیەک کاری پڕ بایەخی ئەنجامدا. شتێرنەر، تەنانەت پاش تێکەڵکردنی باکۆنین و پرۆدۆن لەگەڵ یەکتر و لە ئاو هەڵکێشانی (تعمید) ئەم تێکەڵکردنە بە ناوی «ئەنارشیزم»ەوە، هەروەکو ڕووداوێکی خۆشی گاڵتەئامێز مایەوە. بە تەنها فیورباخ فەلسەفەکارێکی بەرجەستە بوو، بەڵام فیورباخ نەک هەر نەیتوانی لە چوارچێوەی فەلسەفەیەک کە خۆی بە زانستی زانستەکانی لە قەڵەم دەدا و بەسەر هەموو زانستەکاندا دەفڕێت و لە یەکەیەکدا کۆیان دەکاتەوە، تێبپەڕێت (چونکە ئەم فەلسەفەیە لە ڕوانگەی فیورباخەوە هەروەک شتێکی پیرۆز کە نابێت دەستی لێبدرێت، مایەوە)، بەڵکو تەنانەت بە ناونیشانی فەیلەسوفێکیش لە نیوەی ڕێدا وەستا. فیورباخ لە ژێرەوە ماتریالیست و لە سەرەوە نمونەییست بوو. فیورباخ نەیتوانی بە چەکی رەخنە بەسەر هیگڵدا زاڵ بێت، بەڵکو ئەو ئەوی وەک شتێکی وەها مە بۆ بەکارهێنان ناشێت خستە کەنارەوە، لە کاتێکدا خودی خۆی نەی دەتوانی لە بەرامبەر سامانی دەوڵەمەندی هەمەلایەنەی هیگڵی، جگە لە ئاینی فسەڵی ئەوین و ڕەوشتی لاواز و زەبوون، هیچ شتێکی پۆزەتیف بهێنێت.

بەڵام لەگەڵ پوکانەوەی قوتابخانەی هیگڵیدا، ئاڕاستەیەکیتریش پەیدا بوو، کە تاقە ئاڕاستە بوو بە ڕاستیی بەرهەمێک بێنێنە بەر، ئەم ئاڕاستەیەش بە شێوەیەکی گشتی، بە ناوی مارکسەوە پەیوەستە .

لێرەدا دابڕانێک لە فەلسەفەی هیگڵ، لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕوانگەی ماتریالیستی، هاتەکایەوە. ئەم مانای وایە، پشتیوانانی ئەم ئاڕاستەیە بڕیاریان داوە جیهانی واقیعی سروشت ومێژوو هەر بەو جۆرەی کە لە دیدی هەموو ئەوانەی بە بێ قبوڵکردنی پێشوەختی خەیاڵاتی نمونەییستی لێیدەڕوانن،

درک بکەن، ئەوانە بڕیاریان داوە، هەموو ئەو خەیاڵە نمونەییستییانەی کە یەکناگرێنەوە لەگەڵ ئەو ڕاستیانەی لە پەیوەندییەکی تایبەتییدان لەگەڵی نەک لە پەیوەندییەکی خەیاڵی، بە بێ بەزەییانە، بکەنە قوربانی. ماتریالیزمیش بە شێوەیەکی گشتیی جگە لەمە، مانایەکی دیکەی نییە. جیایی ڕێبازی تازە بە تەنها لەوەدا بوو، کە بۆ یەکەمین جارە سەبارەت بە تێگەییشتنی ماتریالیستیی بۆ جیهان، شێوازێکی جیدی بگیردرێتەبەر و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ، لە کەمەوە لە ڕووی هێڵە گشتییەکانییەوە.

هەروا بە سوک و سانایی  هیگڵ نەخرایە کەنارەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لایەنە شۆڕشگێڕییەکانی فەلسەفەکەی، کە لە سەرەوە باسمان کرد، واتە مێتۆدە دیالێکتیکییەکەی ئەو، کرایە خاڵی دەستپێک. بەڵام ئەم مێتۆدە بە شێوازە  هیگڵییەکەی، بێ کەڵک بوو. دیالێکتیک لەلای هیگڵ بریتییەلە پەرەسەندنی خۆبەخۆی بیرۆکە. بیرۆکەی ڕەها نازانین لە کوێ نەک هەر لە ئەزەلەوە هەیە، بەڵکو رۆحی حەقیقی و ژیانی بەخشی تەواوی ئەم جیهانەیە. ئەم بیرۆکەیە بۆئەوەی بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە، لە میانەی هەموو ئەو قۆناغە سەرەتاییانەوە کە لە پەڕاوی «لۆژیک»دا بە درێژی روونکراونەتەوە، کە ئەو قۆناغانەش لە نێو بیرۆکەکە دان، پەرەدەستێنێت. پاشان ئەم بیرۆکە ڕەهایە دوای ئەوەی بە خۆی «نامۆدەبێت»، خودی خۆی «دەگوازێتەوە» و بۆ سروشت دەگۆڕێت، بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، پاش ئەوەی شێوەی پێویستی سروشتی بە خۆگرت، بە پەرەسەندنێکی نوێدا تێدەپەڕێت و سەرئەنجام لە وجودی مرۆڤدا سەرلەنوێ بە خودئاگایی دەگات. بەڵام ئەم خودئاگاییە لە مێژوودا جارێکی دی لە حاڵەتی بەرایی قوتار دەبێت تا ئەو دەمەی سەرئەنجام لە فەلسەفەی  هیگڵ بیرۆکەی ڕەها بە تەواویی بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە.

پەرەسەندنی دیالێکتیکی، کە لە سروشت و مێژوودا دەردەکەوێت، واتە پەیوەندی هۆکاریی (السببیە/ و.کوردی) ئەو بزوتنەوە پێشڕەوەندەی کە لە میانەی هەموو پێچ و پەنا و هەر هەنگاوگەلێکی کاتیی بەرەوپاش، ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە کە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە پەرەبستێنێت، بەلای هیگڵەوە تەنها ڕەنگدانەوەی بزاوتی خۆبەخۆی بیرۆکەیە کە لە ئەزەلەوە لە شوێنێکی نەزانراوەوە، بەڵام سەربەخۆ لە هەر مێشکێکی بیرکەرەوەی مرۆیی لە ڕەوت دایە. ئەم شێواندنە فیکرییە دەبوو لە ناو ببرێت. کاتێک ئێمە بۆ ڕوانگەی ماتریالیستی گەڕاینەوە، سەرلەنوێ لە بیرۆکە مرۆییەکاندا، ڕەنگدانەوەی شتگەلە واقیعییەکانمان بینی، ئەمە لە جیاتی ئەوەی لە شتگەلە واقیعییەکاندا ڕەنگدانەوەی ئەم یان ئەو قۆناغە لە بیرۆکەی ڕەها ببینین. بەم جۆرە دیالێکتیک بووە زانستی یاسا گشتییەکانی بزوتنەوە چ لە جیهانی دەرەوە، یان لە بیرۆکەی مرۆییدا: لیرەدا دوو کۆمەڵە یاسا هەن کە لە ناوەرۆکدا وەک یەکن، بەڵام لە دەربڕینیاندا لێک جودان، واتە مێشکی مرۆیی دەکارێت کە بە هوشیارییەوە پیادەیان بکات، لە کاتێکدا ئەوان لە سروشتدا هەتا هەنووکە، زۆرجار لە مێژووی مرۆییشدا__ بە بێ ئاگایانە، بەشێوازی پێویستییەکی دەرەکی، لە میانەی زنجیرەیەکی بێ پایان لە ڕێگای ڕبکەوتی ڕوکەشەوە، ڕێگای خۆیان دەدۆزنـەوە. بەم شێوەیە خودی دیالێکتیکی بیرۆکەکان، جگە لە ڕەنگدانەوەی هوشیارانەی بزوتنەوەی دیالێکتیکی جیهانی واقیعی شتێکی تر نییە. هاوشانی ئەمە، دیالێکتیکی هیگڵی سەرەوخوار بۆوە، بە واتایەکی دروستتر، سەرلەنوێ لەسەر پێییەکانی خۆی وەستایەوە، چونکە پێشووتر لەسەر سەر ڕاوەستابوو. شتێک کە شایانی باسە ئەوەیە، ئەوە تەنها ئێمە نین کە ئەم دیالێکتیکی ماتریالیستییەمان، کە ئێستا ئیتر ساڵانێکی دوورودرێژە باشترین هۆی کارکردنمان و بڕندەترین

چەکی دەستمانە، دۆزیوەتەوە، بەڵکو بە جیا لە ئێمە و تەنانەت بە جیا لە هیگڵیش، کریکارێکی ئەڵمانی بە ناوی یوسف دیتسگن ، ئەمەی دۆزیوەتەوە.

بەم شێوەیە لایەنە شۆڕشگێڕانەکەی فەلسەفەی هیگڵی، زیندوو بووەوە و لە هەمان کاتدا لەو بەرگە نمونەییستییەی کە لە جێبەجێبوونی هاوئاهەنگی ئەوانە، لەفەلسەفەی هیگڵیدا، کۆسپی پێک دەهێنا، ڕزگارکرا. بیرۆکەی مەزنی بنەڕەتیی کە دەڵێت، جیهان لە شتگەلی ئامادە و تەواوکراو پێکنەهاتووە، بەڵکو کۆمەڵێک پرۆسەیە، کە شتەکان تیایدا بە وەستاوی دێنە پێش چاو، هەروەها وێنای ئەوانە کە بەرهەمی مێشکن، واتە چەمکەکان، لە گۆڕانی بەردەوام دان و دەمێک سەرهەڵدەدەن و دەمێکی دی لە بەین دەچن و لەم نێوەدا پەرەسەندن، سەرباری هەر ڕێکەوتێکی بە ڕووکەش و هەر پاشەکشەیەکی کاتیی، سەرئەنجام ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە __ ئەم بیرۆکە مەزنە بنەڕەتییە لە سەردەمی هیگڵەوە تا ڕادەیەک لە هوشیاری گشتیدا جێگیر بووە، بە جۆرێک کە زەحمەتە کەسێک بتوانێت لە شێوە گشتییەکەیدا نکۆڵی لێبکات، بەڵام دانپێدانان بە قسە شتێکە و جێبەجێکردنی بۆ هەر بارێک بە جیاکار و لە هەر بەشێک لە بەشەکانی توێژینەوە شتێکیترە. ئەگەر ئێمە لە توێژینەوەکانماندا هەمیشە پەیڕەویمان لەم خاڵە کرد، ئەوا ئیتر چاوەڕوانیکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری یەکجاری و ڕاستیی هەتاهەتایی، یەکجار و بۆ هەمیشە دەسڕینەوە، ئێمە هەرگیز ئەوەمان لە یاد نەچێت، کە تەواوی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان هێناون، بە ناچاری سنوردارە و بەو هەلومەرجەوە پەیوەستە کە زانیارییەکەمان لێیەوە چنگ کەوتووە. لە هەمان کاتدا ئیتر ڕێزی لە رادەبەدەری ناکۆکییەکانی وەکو ناکۆکی نێوان ڕاستی و هەڵە، چاکە و خراپە لێکچوو و لێکجیاواز، پێویستی و ڕێکەوتن

یانی ناکۆکیگەلێک کە بۆ میتافیزێک، کۆن بەڵام هێشتا لە ڕادەبەدەر بڵاو، سەخت بوو، ناتوانن کاریگەرییان لەسەر دەروونی ئێمە هەبێت. ئێمە دەزانین کە ئەم ناکۆکییانە تەنها بەهایەکی ڕێژەییان هەیە: واتە ئەوەی کە ئێستا بە ڕاستی دەژمێردرێت، لایەنی هەڵەی تێدایە، کە ئێستا شاراوەیە، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگار خۆی دەردەخات، ڕێک بەهەمان شێوە ئەوەی کە ئەمڕۆ بە هەڵە ناوزەد دەکرێت، لایەکی ڕاستیی تێدایە کە بە هۆی ئەوەوە دەکرا پێشوتر بە ڕاست دابنرایە، ئەوەی کە بە پێویست ناوزەدکراوە، لە ڕێکەوتی پەتی پێکهاتووە و ئەوەی کە بە ڕێکەوت دەژمێردرێت فۆرمێکە پێویستیی، خۆی لە ژێریدا حەشارداوە.. هتد.

شێوازی کۆنی توێژینەوە و بیرکردنەوە کە هیگڵ بە «میتافیزیکی» ناوی دەبات، کە شتەکان وریاتر بە ناونیشانی شتگەلی تەواو و لە گۆڕان نەهاتوو لەبەرچاو دەگرێت، کە هێشتا پاشماوەکەی لە هزردا بنج پتەوە، لە سەردەمی خۆیدا پاساوێکی دیرۆکیی گەورە هەبووە. پێویستە سەرتا لە شتەکان بتوێژرێنەوە تا بکرێت هەنگاو بۆ توێژینەوەی پرۆسەکان هەڵبهێنرێنەوە. پێویستە یەکەم جار ماهییەتی ئەم یان ئەو شتە دیاریکراوە بزانرێت، تا بەکاربێت لەو گۆڕانانەی کە بەسەریاندا دێن بکۆڵێنەوە. بارەکە بۆ زانستە سروشتییەکان کتومت بەم جۆرە بوو. میتافیزیکی کۆن کە پێی وابوو پێکهاتەی شتەکان بە سەرئەنجامی خۆیان گەیشتون، لە سروشتناسییەوە نەشونمای کرد، کە لە شتە گیاندار و بێ گیانەکانی سروشتی، وا دەکۆڵێتەوە، وەک ئەوەی شتگەلێکن، پێکهاتەیان بە سەرئەنجامی خۆیان گەییشتوون. بەڵام کاتێک پانتایی توێژینەوەکان لە شتگەلی دابڕاو لەیەک گەییشتە ئاستێک کە هەڵهێنانەوەی هەنگاوی یەکلاکەرەوەی تازە بەرەو پێش لە توانادابێت، واتە دەستدانە توێژینەوەی سیستماتیکی ئەو گۆڕانانەی کە لە خودی

سروشتدا بەسەر ئەو شتانەدا دێت، ئەو دەمە لە مەیدانی فەلسەفەشدا، زەنگی مەرگی میتافیزیکی کۆن لێ دەدرێت. لە ڕاستیدا ئەگەر تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو سروشتناسی، زیاتر زانستی کەڵەکە (تراکم)، زانستی ئەو شتانەی کە پێکهاتنیان بە سەرئەنجام گەییشتوە، بوو ئەوا ئیتر لەم سەدەیەی ئێمەدا بووە بە زانستی پۆلێنکردن، زانستی پرۆسەکان، زانستی پەیدابوون و پەرەسەندنی شتەکان و ئەو پەیوەندییانەی کە ئەو پرۆسە سروشتیانە لە یەکەیەکی گەورەدا کۆدەکاتەوە. فیزیۆلۆژی کە لەو کارلێکی لە ئۆرگانیزمی ڕووەک و گیانەوەردا هەن دەکۆڵێتەوە، کۆرپەلەناسی کە لە پەرەسەندنی هەر ئۆرگانێک لە کۆرپەییەوە تا پێدەگات دەکۆڵێتەوە، زەمیناسی کە لە پێکهاتنی بەرەبەری توێکڵی زەوی دەکۆڵێتەوە، تێکڕای ئەم زانستانە لە نەوکانی ئەم چەرخەی ئێمەن.

زانستی پەیوەندی پرۆسە (کارلێک، تفعل)کان کە لە سروشتدا ڕوودەدەن، بەهۆی سێ دۆزینەوەی مەزنەوە بە تایبەت، هەنگاوی مەزنی بەرەو پێش نا:

یەکەم، دۆزینەوەی سێڵ (خانە) بەو پێناسەیەی، ئەو یەکەیەی کە لە ئەنجامی زۆربوون و دابەشبوونەوە تەواوی پەیکەری ڕووەک وگیاندار گەشە دەکات. ئەم دۆزینەوەیە نەک تەنها هەر ئێمەی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە پەرەسەندن و نەشونمای گشت ئۆرگانیزمە باڵاکان بەپێی یەک ڕێسای گشتی ڕوودەدەن، بەڵکو بە نیشاندانی ئامادەیی سێڵەکان بۆ گۆڕان، ئەو ڕێگایەشی دەستنیشان کرد کە لە ئۆرگانیزماکاندا دەبێتە هۆی گۆڕانی چەندایەتی و سەرئەنجام ئەو ئۆرگانیزمانە دەتوانن پرۆسەی پەرەسەندن کە شتێکی زیاترە لە پەرەسەندنی فەردی ڕووت، تەی بکەن.

دووەم، دۆزینەوەی گۆڕانی وزە کە نیشانی دا، هەموو ئەوانەی پێیان دەوترێت هێزەکان، کە پێش هەر شتێک لە سروشتی نا ئۆرگانیکدا کاری خۆیان دەکەن هێزی میکانیکی و تەواوکەرەکەی کە بە ماتەوزە تێودەبرێت، گەرما، تیشک (ڕوناکی، Resp گەرمای تیشکدەر)، کارەبا، موگناتیس، وزەی کیمیاوی ئەوانە شێوەی جۆراوجۆری دەرکەوتنی بزوتنمەوەی گشتین، کە لە هاوسەنگییەکی چەندایەتی دیاریکراودا بۆ یەکتر دەگۆڕێن، بە جۆرێک کە هەرکاتێک بڕێک لە یەکێکیاندا دیار نەمێنێ، لە بری ئەوە بڕێکی دیاریکرارو لە یەکێکی تر دەرئەکەوێ، بە جۆرە هەموو بزوتنەوەیەک لە سروشتدا لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی لێک بەستراو لەگەڵ یەکتر، لە شێوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

لە کۆتایی، سێیەم ئەو سەلماندنە لۆژیکییەی کە بۆ یەکمین جار لە لایەن داروینەوە خرایە ڕوو کە دەڵێت، هەموو ئەو ئۆرگانیزمانەی کە هەنووکە دەوروبەرمانیان گرتووە، لە نێویشیاندا مرۆڤ، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی پەرەسەندنی ژمارەیەکی بچوکی ناوکی لە بنەڕەت تاک خەنەیی، کە خودی ئەم ناوکە بە نۆرەی خۆی لە پرۆتۆپلازم یان سپێنە، کە بە ڕێگەی کیمیایی پەیدابووە، پێکهاتووە.

بەهۆی ئەم سێ دۆزینەوە گەورەیە و بەهۆی سەرکەتنە گەورەکانی تری سروشتناسییەوە، ئەمرۆ ئێمە دەتوانین، نەک تەنها هەر پەیوەندی نێوان پرۆسەکانی سروشت لە مەیدانی جۆراوجۆرەکاندا کە هەن بدۆزینەوە، بەڵکو دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی، ئەو پەیوەندییەی کە ئەم مەیدانە هەمە جۆرانەش لێک دەبەستێت، بدۆزێنەوە. بەم چەشنە بە کۆمەکی ئەو زانیارییانەی کە خودی سروشتناسی ئەزمونگەری بەدەستی هێناوە، دەتوانرێت بەشێوەیەکی تا ڕادەیـەک سیستماتیک، تابلۆیەکی گشتیی

سروشت بەو پێیەی کە یەکەیەکی ئێهەڵکێشە، پیشان بدرێت. خستنەڕووی تابلۆیەکی گشتیی سروسشتی لەم چەشنە لە ڕابوردودا، ئەرکی ئەو بەشە بوو کە پێی دەگوترا فەلسەفەی سروشتی، کە لە توانایدا نەبوو بە کارێکی وابکات مەگەر لە بری پەیوەندییە واقیعییەکانی نێوان دیاردەکان کە هێشتا لەلای ڕۆشن نەبوو، پەیوەندییە نمونەیی و خەیاڵییەکان دابنێت، دانانی خەیاڵەکانی لە شوێنی واقیعەکان، بۆشاییە واقیعییەکان تەنها بە وێناکان پڕ دەبنەوە. کاتێک ئەمەی کرد، بیرۆکەی بلیمەتانەی زۆروزەبەندی وت، پێشبینی زۆری بۆ دۆزینەوەکان کە دواتر هاتنەدی کرد، بەڵام لەهەمان کاتدا شنە پڕوپوچەکانیشی کەم نەبوون. لەو دەمەدا جگە لەمە شتێکی دی لە توانادا نەبوو، بەڵام هەنووکە ئەوە بەسە، کە بە تێڕوانینێکی دیالێکتیکییانە، واتە لە ڕوانگەی پەیوەندی تایبەتی نێوان ئەم بەرئەنجامانەوە، بڕوانینە بەرئەنجامەکانی توێژینەوەی سروشت، بۆئەوەی «سیستمی سروشت»بە جۆرێک دابنێین کە وەڵامگۆی سەردەمەکەمان بێت و درکی خەسڵەتی دیالێکتیکی ئەم پەیوەندییە تەنانەت لە مێشکی ئەو توێژەرانەی سروشت، کە بـەدەر لە ویستی خۆیان، بە ڕێگایەکی میتافیزیکییانە پـەروەردە کراون، بچەسپێت ئەمڕۆکە وئیدی، دەورانی کۆتایی فەلسەفەی سروشت هات. هەرجۆرە کۆششێک بۆ زیندوکردنەوەی نەک هەر زیادەیە، بەڵکو هەنگاوێکیشە بەرەو دوا.

بەڵام ئەوەی کە بەسەر سروشتدا، کە ئێستا ئێمە بە وێنەی پرۆسەی مێژوویی پەرەسەندن درکی دەکەین، جێبەجێ دەبێت، بەسەر هەموو بەشەکانی مێژووی کۆمەڵیش، هەروەها بەسەر تێکڕای ئەو زانستانەی کە لە مەسەلە مرۆڤایەتی (خودایی)یەکان دەکۆڵنەوە، جێبەجێ دەبێت. فەلسەفەی مێژوو، ماف و ئاین... هتد. هەروەکو فەلسەفەی سروشت،

بریتی بوون لەوەی کە پەیوەندی ساختەی دروسنکراوی فەیلەسوفەکان، جێگەی پەیوەندی واقیعی گرتبۆوە، کە پێویستە لە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە بدۆزێتەوە و بریتی بوون لەوەی، کە مێژوو بەگشت و بەشە لێکجیاکانییەوە جێبەجێبوونی بەرەبەر و بەردەوامی ئایدیاکان بوو، هەڵبەتە تەنها ئایدیا پەسەندکراوەکانی لای هەر فەیلەسوفێکی دیاریکراو. لەم ڕوانگەیەوە بەو بەرئەنجامە دەگەیت، کە مێژوو بە شێوەیەکی نا ئاگایانە بەڵام بە ناچاریی لە پێناوی بەدیهاتنی ئامانجێکی نمونەیی دیاریکراو، کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە، کار دەکات، بۆ نمونە ئەم ئامانجە بەلای هیگڵەوە، بەدیهێنانی بیرۆکە ڕەهاکەیەتی، کە پێیوایە، هەوڵی هەمیشەیی بەرەو ئەم ئایدیا ڕەهایە، پەیوەندی دەروونی ڕووداوە مێژووییەکان پێکدێنێت. بەم جۆرە لە شوێن پەیوەندیی واقیعی کە هێشتا ڕۆشن نەبوو، زاتێک (خودا)ی نوێ، شاراوە و ناهۆشیار- یان وردەوردە بە هوشیاریی دەگات، قەرار دەگرێت. پاشان لێرەشدا، ڕێک بەو جۆرەی کە لە مەیدانی سروشت روویدا، پێویستە ئەم پەیوەندییە ساختە و دروسنکراوانە بخرێنە لاوە، تاوەکو پەیوەندییە واقیعییەکان بدۆزرێنەوە. سەرئەنجام ئەم ئەرکە بە دۆزینەوەی ئەو یاسا گشتییانەی بزوتنەوەوە پەیوەستە کە لە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆییدا بە وێنەی یاسای زاڵ کاری خۆیان کردووە.

بەڵام مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵ، لە یەک خاڵدا، لەگەڵ مێژووی پەرەسەندنی سروشت، جیاوازی بنەڕەتی هەیە. ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە لە سروشن (بەو ڕادەیەی کە ئێمە کاردانەوەی مرۆڤ لەسەری بخەینە لاوە)دا، تەنها هێزە کوێر و نا ئاگاکان کار لە یەکتری دەکەن و لە میانەی کاریگەرییەکانیانەوە لە سەر یەکتر، یاسا گشتییەکان پەیدا دەبن. لێرەدا هیچ ئامانجێکی هوشیارانە و خوازراو لە ئارادا نییە: نە لە ڕێکەوتە ڕووکەشە

بێشومارەکان و لە ڕوودا بینراو، نە لەو دوا بەرئەنجامانەی کە جەخت لەسەر هەبوونی نەزمێکی قانونمەندانە لە دەروونی ئەو ڕێکەوتانە دەکەنەوە. بەڵام لە مێژووی کۆمەڵدا مەسەلەکە بە پێچەوانەیە، لە مێژووی کۆمەڵدا، ئەو مرۆڤانەی کە بەهرەی هوشیارییان هەیە چالاکی دەنوێنن و بە هۆی بیرکردنەوە، یان کاریگەری سۆز کار دەکەن و ئامانجێکی دیاریکراو لەبەرچاو دەگرن. لێرەدا هیچ کارێک بە بێ نیازێکی وشیارانە و بە بێ ئامانجێکی داواکراو بە ئەنجام ناگات. بەڵام مەترسی ئەم جیاوازییە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی بە تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی سەردەم و رووداوە جیاوازەکان بەهەر ئەندازەیەک بێت، هێشتا بە هیچ شێوەیەک شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ڕەوتی مێژوو پابەندی یاسای گشتی دەروونییە. لە راستیدا رێکەوت، بە شێوەیەکی گشتی و وەک دێتە دیتن، لەم مەیدانەشدا و لە ئاستی دیاردەکان، سەرباری ئەو ئامانجانەی کە ئاگایانە خواستی هەموو تاکێکە هەریەکە بە جودا، فەرمانڕەوایە. ئەوەی خوازیارین، لە هەندێک حاڵەتی کەمدا نەبێت نایەتەدی، بەڵام ئەو ئامانجانەی کە خەڵکی لە بەردەم خۆیانیان داناوە، زۆر کات تووشی بەیەکدادان و ناکۆکی دێن، یان مرۆڤ دستی پێیان ڕاناگات، هۆیەکانی جێبەجێکردنەوە. بەیەکدادانی کۆششە بێشومارە جودا (منفرد)کان و کردارە بێشومارە جوداکان لە مەیدانی مێژوودا، دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی هەلومەرجێک کە بە تەواویی هاوشێوەی ئەو هەلومەرجە زاڵەیە کە بێئاگایانە لە سروشتدا فەرمانڕەوایە. کە لەو کردارانە ئەوکەونەوە، بە تەواویی نەخوازراون. ئەگەر ئەم بەرئەنجامانە لە سەرەتادا وا دەربکەون، کە لەگەڵ ئامانجە خوازراوەکەدا جووت دێنەوە، بەڵام لە دواییندا هەڵگری شتێکە کە لە شتە خوازراوەکەوە دوورە. بەو جۆرە بەو سەرئەنجامە دەگاتە، کە رێکەوت لە مەیدانی دیاردەکانی مێژووشدا تێکڕا و بەهەمان

شێوە، فەرمانڕەوایە. بەڵام لە هەر شوێنێک گەمەی ڕێکەوت کەوتە ڕوو، ئەوا هەمیشە خودی ئەو ڕێکەوتە لەوێدا، ملکەچی یاسای دەروونی و نهێنییە. گشت مەسەلەکەش بە تەنها، دۆزینەوەی ئەم یاسایانەیە.

ڕەوتی مێژوو هەر چۆنێک بێت، خەڵکی بەمجۆرە دروستی دەکەن: هەر کەسێک پەیڕەوی لەو ئامانجانە دەکات، کە بە هوشیارییەوە لەبەردەم خۆی دایناوە، سەرئەنجامی گشتی ئەم هەموو کۆششانەی کە بە ئاڕاستەی جیاواز کار دەکەن و کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانیان لە جیهانی دەرەکیدا، ئەوا مێژوو ڕێک ئەوەیە. بەم پێیە، مەسەلەکە لەو چوارچێوەیەدا دەمێنێتەوە کە ئەم ژمارە فراوانەی لە خەڵکی جودا، خوازیاری چین. سۆز یان بیرکردنەوە ئیرادە دیاری دەکات، بەڵام ئەو پاڵنەرانەی کە بە نۆبەی خۆیان ڕاستەوخۆ سۆز و بیرکردنەوە دیاری دەکەن، گەلێک لایەنی جۆراوجۆری هەن. دەشێت سەروەختێک شتگەلی دەرەکی بن، سەروەختێکیتر پاڵنەرە نمونەییەکان: ناوبانگخوازی «خزمەتکردنی ڕاستیی و ڕەوایی»، کینەی شەخسی و تەنانەت جۆرەها ئارەزووی (هەوەس) کەسێتیی ڕووت. بەڵام لە لایەکەوە، ئەو کۆششە فراوانە جودایانانەمان بینی کە لە مێژوودا کار دەکەن و زۆر وەخت بەو ئەنجامەی کە لە بەردەم خۆیانیان داناوە، نەگەیشتون، بەڵکو زۆرجار بە ئەنجامێکی تەواو پێچەوانە لەوەی کە مەبەستە گەیشتوون، لەبەرئەوەی ئەم پاڵنەرانەش بۆ سەرئەنجامی کۆتایی، تەنها گرنگیی پلەی دوویان هەن.

لەلایەکی تـرەوە، مەسەلەیەکی تـازە پەیدا دەبێت: ئەو هێزە بزوێنەرانە کامانەن کە بە نۆبەی خۆیان لە پشتسەری ئەم پاڵنەرانەدا خۆیان حەشارداوە، ئەو هۆکارە مێژووییانە چین کە شێوەی ئەم پاڵنەرانە لە مێشکی خەڵکانی کارکەر بەخۆی دەگرێت؟

ماتریالیزمی کۆن هەرگیز، ئەم پرسیارەی لە خۆی نەکردووە. لەبەرئەوە ڕوانگەی ئەو بۆ مێژوو تا ئەو جێگایەی کە بە شێوەیەکی گشتی خاوەن ڕوانگەیەکی لەو جۆرە بێت لە بنچینەدا ڕوانگەیەکی پراگماتیک (pragmaatic، عملی)ی بوو: دادوەریی ئەو بۆ هەر شتێک بە پێی پاڵنەری کردارە، پیاوانی مێژوو بە شەرافەتمەند و کەڵەکباز دابەش دەکات، پێیوایە کە وەک باوە، شەرەفمەندان شکست ئەخۆن و کەڵەکبازانیش سەرئەکەون. لێرەوە بۆخۆی بەو ئەنجامگیرییە دەگات، کە پەند لە مێژوودا یەکجار کەمە، بەڵام بۆ ئێمە ئەم ئەنجامە دێتە دەست کە ماتریالیزمی کۆن لە مەیدانی مێژوودا ناپاکی لە خۆی کردووە، چونکە پێیوایە، هێزە پاڵنەرە نمونەییەکان کە لەوێدا کار دەکەن دوا هۆکاری ڕووداوەکانن، لە جیاتی ئەوەی لەوە بکۆڵێتەوە کە چ شتێک لە پشت ئەوەوە خۆی حەشار داوە و پاڵنەرەکانی ئەم هێزە پاڵنەرانە چین. نەبوونی هاوئاهەنگی ناگەڕێتەوە بۆ دانان بە بوونی هێزە پاڵنەر نمونەییەکان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لەوێدا دەوەستێت و دوورتر ناڕوات، تاوەکو بە هۆکاری بزوێنەری ئەم هێزە پاڵنەرە نمونەییە بگات. بە پێچەوانەوە، فەلسەفەی مێژوو، بە تایبەت لە کەسی هیگڵدا، دان بەوەدا دەنێت، کە پاڵنەری کەسایەتییە مێژوییەکان، ژ ڕووکەشەکان یان ڕاستەقینەکان، بەهیچ جۆرێک دوا هۆکاری ڕووداوە مێژووییەکان نین و لە پشت ئەم پاڵنەرانەوە هێزی بزوێنەری دیکە خۆیان حەشارداوە، کە پێویستە بە دوویاندا بگەڕێین. بەڵام فەلسەفەی مێژوو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم هێزانە لە خودی مێژوودا ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە دەرەوە لە ئایدیۆلۆژی فەلسەفییەوە دەیان هێنێت. بۆ نمونە، لە جیاتی شیکردنەوەی مێژووی یونانی کۆن بە پێی پەیوەندییە ناوخۆییەکەی، هیگڵ زۆر بە سادەیی ڕای دەگەیەنێت، کە ئەم مێژووە جگە لە دانانی «شێوەکانی تاکێکی قەشەنک» و

بە عەمەلیکردنی یەک «هونەری ناوازە» وەک ئەوەی کە هەیە، شتێکی تر نییە.  هیگڵ بەم بۆنەیوە تێبینیگەلێکی بەرز و قوڵ و فراوان سەبارەت بە یۆنانییە کۆنەکان دەدات، بەڵام لەم سەردەمەدا شیکردنەوەیەکی لەو چەشنە کە تەنها ڕستەسازییەکی پەتین، ئێمە ڕازی ناکات.

بەم پێیە، کاتێک قسە دێتە سەر توێژینەوە لەسەر ئەو هێزە بزوێنەرانەی کە لە پشت پاڵنەری کەسایەتییە مێژووییەکانەوە وێستاون (ئیتر ئەوانە بە ئاگاییەوە بن، وەیان هەروەکو زۆر کات بینراوە بە ناگایی)، بە مانیەکی تر کاتێک قسە دێتە سەر توێژینەوە لە هێزگەلێک کە دەرئەنجام هێزی بزوینەری واقیعیی مێژوو پێک دەهێنن، نابێت پاڵنەری تاکە جوداکان، تەنانەت ئەگەر چەندەش دەرکەوتبن، بە ڕادەی ئەو پاڵنەرانەی کە جەماوەرێکی زۆری خەڵکی، سەرتاپا گەلێک، لەنێو هەر گەلێکیش بە نۆبەی خۆی، سەرتاپای یەک چین، ئەهێنێتە جوڵە، لەبەرچاوبگیرێن. ئەوەی لێرەدا گرنگە، تەقینەوە کورتماوەکان و چەخماخە هەنوکەییەکان نییە، بەڵکو ئەو بزوتنەوە درێژخایەنانەیە کە پێویستی ئاڵوگۆڕی مێژوویی گەورە دەهێننە کایەوە. توێژینەوە لەو هۆکارە بزوێنەرانەی کە بە ڕۆشنیی یان نا ڕۆشن، ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی ئیدئۆلۆژیک و تەنانەت خەیاڵی لە مێشکی جەماوەری هەڵسوڕاو و ڕابەرانیدا، ئەوانەی پێیان ئەگوترێت پیاوانی مەزن وەک پاڵنەری هۆشیار، ڕەنگدەداتەوە یانی گرتنەبەری تاکە ڕێگایەک کە بە زانینی ئەو یاسایانە دەگاتە، کە لە مێژوودا بە گشتی و لە سەردەمە جیاوازەکان و لە وڵاتە جیاوازەکاندا فەرمانڕەوا بوونە. هەموو ئەو شتانەی کە خەڵکی ئەبزوێنێ، بە ناچاری دەبێت بە هزریاندا گوزەر بکات. بەڵام ئەوەی کە لەم هزرەدا چ شێوەیەک بە خۆ دەگرێت، ئەوە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە هەلومەرجەکەوە پەیوەستە. ئێستا ئیتر کرێکاران ئامرازەکانی

تێکناشکێنن، هەر بەو جۆرەی کەلە ساڵی 1848 لە ڕاین کردیان. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە، کە ئەوان لە بەکارهێنانی ئامرازەکاندا، بەشێوازی سەرمایەداری ڕازین.

بەڵام ئەگەر توێژینەوە لە هۆکارە بزوێنەرەکانی مێژوو لە تەواوی قوناغەکانی ڕابردو بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم هۆکارانە و بەرئەنجامەکانیان شێواو و شاراوە بوو، لە تواناداا نەبووبێت، ئەوا لەم چەرخەی ئێمەدا ئەم پەیوەندییانە بە ئەندازەیەک سادەبوونەتەوە، کە تەنانەت سەرئەنجام، کردنەوەی هێماکان لە توانادا بێت. لە سەردەمی پەیدابوونی پیشەسازی گەورەوە، واتە لانیکەم لە سەردەمی پەیمانی ساڵی 1815ی ئەوروپاوە، لە ئینگلتەرا، بەلای هیچ یەکێکەوە ئەوە شاراوە نەبوو، کە چەقی قورسایی سەرتاپای تێکۆشانی سیاسی لەم وڵاتەدا بریتی بوو، لە هەوڵی دوو چین بۆ گرتنی دەسەڵات: ئەریستۆکراتی زەویدار (Landed aristocracy) لە لایەک و بۆرژوازی (Middel class) لەلایەکی دی. لە فەرەنسا لە پاش گەڕانەوەی بۆربۆنەکان، هەستیان بە هەمان واقیع کرد. مێژوونوسان لە قۆناغی گەڕانەوە (17)، لە تێری هەتا دەگاتە بە گیزو و مینیە و تێر، هەمیشە ئەو واقیعە وەکو کلیلی تێگەییشتن لە مێژووی فەرەنسا لە سەدەکانی نێوەند بە دواوە، ئاماژە پێ دەکەن. لە ساڵی 1830یەوە لە هەردوو ئەم دوو دوڵەتەدا، دان بە چینی کرێکار، پرۆلیتاریا، هەوڵدەری سێهەم بۆ گرتنی دەسەڵات، نرا. پەیوەندییەکان بە ڕادەیەک سادە بوونەوە، مەگەر تەنها ئەوانەی بە ئەنقەست چاوی خۆیان ئەنوقان، دەتوانن ئەوە ببینن کە ململانێی ئەم سێ چینە مەزنە و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، هێزی بزوێنەری سەرتاپای مێژووی هاوچەرخ لانی کەم لەم دوو وڵاتە یانی لە پێشڕەوترین وڵاتان، پێک دەهێنن.

بەڵام ئەم چینانە چۆن پەیدابوون؟ ئەگەر لە یەکەم تێڕوانیندا پەیدابوونی ملکداری گەورەی زەوی، ملکدارییەک کە سەردەمانێک فیۆداڵی بوو، لانی کەم لە سەرەتای کاردا، بە هۆکاری سیاسی، وەکو داگیرکردنی بە زەبر و زۆر، لێک دەدرایەوە، ئەوا لێکدانەوەی لەم جۆرە بۆ بۆرژوازی و بۆرلیتاریا ئیتر مەحاڵ بوو. ئەوەی لە ڕادەبەدەر ڕۆشنە کە پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەم دوو چینە مەزنە بەرئەنجامی هۆکاری ئابووری بوون بە تەنها. بەهەمان ئەندازە ڕۆشن بوو، کەتێکۆشانی نێوان زەویـداری گەورە و بۆرژوازی، ڕێک وەکو تێکۆشانی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، لە پێش هەر شتێکەوە، لەسەر بەرژەوەندیی ئابوری بوو، کە دەسەڵاتی سیاسی جگە لەوەی هۆیەک بوو بۆ دابینکردنی ئەم بەرژەوەندییە شتێکی تر نەبوو. بـۆرژوازی بە هەمان شێوە پرۆلیتاریاش، بەهۆی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی ئابووری، یان رەوانتر بڵێین بەهۆی ئاڵوگۆڕ لە شێوازی بەرهەمهێناندا پەیدابوون. سەرەتا گوێزانەوە لە سیستمی بەرهەمهێنانی پیشەییەوە بۆ مانیفاکتۆر، پاشان لە مانیفاکتۆرەوە بۆ پیشەسازی گەورەی بەرهەمهێنان بەهۆی ئامرازگەلێکەوە، کە هەڵمی تێدا بەکاربێت ئەمە بووە مایەی پەرەسەندنی ئەم دوو چینە. لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندندا، هێزە بەرهەمهێنەرە نوێکان کە بۆرژوازی بەڕێوەی ئەبردن (بەپلەی یەکەم، دابەشکردنی کار و کۆکردنەوەی ژمارەیکی زۆری کرێکارانی پەرشوبڵاو، لە دامـەزراوەی هاوبەشی مانیفاکتۆرەدا) و هەلومەرج و پێویستییەکانی گۆڕینەوە کە بە هۆی ئەم هێزانەوە پەرەیسەندووە، لەگەڵ ئەو سیستمی بەرهەمهێنانەی کە لە ئارادا بووە، کە میراتی مێژووییە و بە یاسا پیرۆز کراوە، ناتەبا بوو، واتە لەگەڵ ئیمتیازەکانی سیستمی پیشەیی بەرهەمهێنان و لەگەڵ ئیمتیازە زۆر و زەبەندەکانی تر، شەخسی و ناوچەیی ( کە بۆ ئەو

دەستەگەلەی ئیمتیازێکیان نییە، کۆتوبەندێکی زۆری تێدایە) کە بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی فیۆداڵی پێویستە، تا تەبا بوو. هێزە بەرهەمێنەرەکان لە شەخسی نوێنەرەکەی خۆیاندا واتە بۆرژوازی، لە دژی ئەم سیستمە بەرهەمهێنانەی کە زەویداران و فیۆداڵەکان و وەستا پیشەییەکان نوێنەرایەتییان دەکرد، شۆڕشیان کرد. دەرئەنجامی تێکۆشان ڕۆشنە. کۆتوبەندی فیۆداڵی تێکشکا: لە ئینگلتەرا بە شێنەیی لە فەرەنسا بە یەک کەڕەت، لە ئەڵمانیا هێشتا لە نێو نەبراوە، بەڵام ئەو شێوەیەی کە مانیفاکتۆرە لە قۆناغێکی پەرەسەندنی خۆیدا لەگەڵ سیستمی بەرهەمهێنانی فیۆداڵیدا بەیەکیاندا دا، ئەمڕۆ ئیتر پیشەسازی گەورە لەگەڵ سیستمی بۆرژواییدا، کە جێنیشنی سیستمی فیۆداڵییە، کەوتوەتە ململانێ و پێکدادان. ئەم پیشەسازییە کە وابەستەی ئەم سیستمەیە و لە چوارچێوەی تەنگی شێوازی بەرهەمێنانی سەرمایەداریدا قەراری گرتووە، لە لایەکەوە دەبێتە هۆی بە پرۆلیتاریزەکردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و بێ پسانەوەی جەماوەری مەزنی خەڵک، لەلایەکی ترەوە بڕێکی بەرهەم کە بەردەوام لە زیادبووندایە و بازاڕی فرۆشی نییە، بەرهەم ئەهێنێ. زێدەبەرهەم و هەژاریی جەماوەریی کە هۆکاری یەکترین، ئەوەیە ئەو ناکۆکییە پوچەی کە پیشەسازی گەورە تووشی دەبێت و بە ناچاریی دەبێت لە ڕێگای گۆڕینی شێوازی بەرهەمهێنانەوە، هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەو کۆتوبەندە ڕزگار بکرێن.

بەم شێوەیە، لانی کەم بۆ مێژووی هاوچەرخ ئەوە جێگیر بوو، کە هەر تێکۆشانێکی سیاسی تێکۆشانی چینایەتییە و هەر تێکۆشانێک لە لایەن چینەکانەوە بۆ ڕزگاری خۆیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوەکەی کە بە ناچار سیاسییە (چونکە هەموو تێکۆشانێکی چینایەتی، تێکۆشانی سیاسییە) سەئەنجام تێکۆشانە لە پێناو ڕزگاریی ئابووری. کەواتە گومانێک لەوەدا نییە،

لانی کەم لە مێژووی هاوچەرخدا کە دەوڵەت و سیستمی سیاسی توخمی دووەمن، بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی کە مەیدانی پەیوەندییەکانی ئابوورییە، توخمی بڕێنەرەوە پێکدەهێنن. بە پێی تێگەییشتنی کۆن سەبارەت بە دەوڵەت، کە هیگڵیش تیایدا بەشدار بوو، دەوڵەت بە پێچەوانەوە، توخمی بڕیاردەرە و کۆمەڵگەی مەدەنی توخمی بڕیار لەسەردراو بوو. رواڵەتی کارەکەش لەگەڵ ئەم تێڕوانینە جووت دێتەوە. هەروەکو چۆن فەردێک، بۆ ئەوەی دەست بەکارێک بکات، پێویستە هەموو ئەو هێزە پاڵنەرانەی کە وای لێدەکات بەو کارە هەستێت بە مێشکیدا تێپەڕێت و بە پاڵنەری ئیرادەی ئەو فەردە بگۆڕێت، بە هەمان شێوە بێگومان، هەموو پێویستیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەو ساتە دیاریکراوەدا، کام چینە دەسەڵاتدارە بە ناچار، بەئیرادەی دەوڵەتدا تێدەپەڕن، تاوەکو لە بەرگی یاسادا گرنگییەکی ئیلزامی، بۆ هەموان پیشان بدات. ئەمە لایەنی رووکەشی مەسەلەکەیە کە خۆی بۆخۆی بەڵگەنەویستە، بەڵام ئامانجەکە، زانینی ناوەرۆکی ئەم ئیرادە رووکەشییە رووتەیە ئیتر ئەوە ئیرادەی کەسە جوداکان، یان ئیرادەی دەوڵەت بێت، زانینی ئەوەی کە ئەم ناوەرۆکە لە کوێیەوە بۆچی ئەم شتەیان گەرەکە و ئەوەی تر نا؟ ئێمە لە میانەی گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەوە دەگەین، لە مێژووی هاوچەرخدا ئەو فاکتەرەی کە ئیرادەی دەوڵەت دیاری دەکات تێکڕا، پێویستییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە گۆڕاندایە و دەسەڵاتداریی ئەم چین یان ئەوی دیکە، سەرئەنجام پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی گۆڕینەوەیە.

بەڵام ئەگەر دەوڵەت تەنانەت لەم چەرخەی ئێمەشدا، بە هۆی بەهێزەکانی بەرهەمهێنان و هۆیە قەبەکانی گەیاندنەوە، مەیدانێکی سەربەخۆ

نەبوو‌بێت و بە شێوەیەکی سەربەخۆ پەرەی نەسەندبێت، بەڵکو بوون و پەرەسەندنی سەرئەنجام، بە هەلومەرجی ئابوری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بێت، ئەواو ئەم مەسەلەیە بۆ هەموو سەردەمەکانی ڕابردووش یانی سەردەمێک کە هێشتا بە فراوانی هۆیەکانی بەرهەمێنان بۆ بەرهەمێنانی ژیانی مادی خەڵک لە ئارادانییە و بەم پێیە، پێویستییەکانی ئەم بەرهەمهێنانی وا دەکات، کە حوکمڕانییەکی بەسەر خەڵکەوە بکرێت، هەر دروستە. ئەگەر دەوڵەت تەنانەت هەتا ئەمڕۆش، یانی ڕۆژگاری پیشەسازی گەورە و هێڵی ئاسندا، بێجگە لە گوزارشتێکی چڕوپڕی پێویستییە ئابوورییەکانی چینی دەسەڵاتدار لە بەرهەمهێناندا، شتێکی تر نەبێت ئەوا ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی، بۆ ڕۆژگارێک کە هەر نەوەیەک لە خەڵک دەبوو بەشێکی گەلێک زیاتر لەوەی کە بۆ ژیانی خۆی دایناوە، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە مادییەکانی تەرخان بکات و وابەستەییەکەی ئەو بۆی، زیاترە لەوەی ئێمە ئەمڕۆ پێوەی وابەستەین، ناچاری (حەتمیەت)یەکی زیاتری هەیە. توێژینەوە لە چەرخەکانی ڕابردوو، لەو کاتەوەی کە ئەم ڕووەی مەسەلەکەمان بە بایەخێکیجیدییەوە وەرگرتووە، بە شێوەیەکی باوەڕپێکراوتر جەخت لەسەر دروستی ئەوەی کە گوتمان دەکاتەوە. بەڵام بێگومان لێرەدا ئێمە ناتوانین بە درێژی بچینە سەر باسی ئەم مەسەلەیە. ئەگەر دەوڵەت و مافەکانی دەوڵەت، پەیوەندییەکانی ئابوری دیارییان بکات، ئەوا بەڵگەنەویستە کە خودی ئەو پەیوەندییانە مافە مەدەنییەکانیش، کە لە ناوەرۆکدا ڕۆڵیان بریتین لە، بە ڕەوا پیشاندانی ئەو پەیوەندییە ئابورییانەی کە لە نێوان تاکەکاندا دروست دەبن، کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، پەیوەندگەلێکی سروشتی دیاری دەکات، بەڵام ئەم ڕەوایی پیشاندانە ئەشێ جۆراوجۆر بێت. ئەشێ بۆ نمونە بەشێکی زۆری شێوەگەلی مافەکانی کۆنی فیۆداڵی بهێڵێنەوە، ئەویش بەوەی ناوەرۆکێکی

بۆرژواییان پێ ببەخشێت، تەنانەت هەر بەو جۆرەی کە لە ئینگلتەرە ڕووی دا، بە گونجاندن لەگەڵ تێکڕای ڕەوەندی پەرەسەندنی میللیدا، ڕاستەوخۆ ناوەرۆکە بۆرژواییەکە لە ژێر ناوی فیۆدالیدا بشارێنەوە،بەڵام دەکرێت هەر بەو شێوەیەی کە لە ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپادا ڕوویدا، ڕەفتار بکرێت. واتە یەکەمین یاسای جیهانی بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەرانی کاڵا، یانی یاسای ڕۆمانی، کە بەوپەڕی وردەکارییەوە تەواوی پەیوەندییە حقوقییە بنەڕەتییەکان کە لە نێوان کاڵادارانی سادە (کڕیار و فرۆشیار، قەرزار و خاوەن قەرز، گرێبەست و پەیماننامە و هتد)دا هەیە، داناوە بکرێنە پایە. دەکرێت لەوێدا بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی وردەبۆرژوازی کە هێشتا نیوە فیۆدالیشە یان ئەم یاسایانە بە شێوەیەکی سادە، بەهۆی پراتیکی دادوەرییەوە (یاسای گشتی ئەلمانیی)، تا ئاستی کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرە بهێنرێنە خوارەوە، وەیان بە کۆمەکی مافناسانێک کە دەم لە ڕەوشت ئەکوتن، ئەم یاسایانە چاک بکرێن و بە کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بگۆڕدرێن کە لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگەیەی قسەی لەسەر دەکەین بگونجێن، کۆمەڵە یاسایەک کە لەم هەلومەرجەدا، لەباری مافناسیشەوە خراپە (یاسا ناوچەییەکانی پروس). سەرئەنجام لە دوای شۆڕشی گەورەی بۆرژوازییەوە، لەسەر بنچینەی هەمان ئەم یاسا رۆمانییەوە ئەکرێت، کۆمەڵە یاسایەکی کلاسیکی بۆ کۆمەڵگەی بۆرژوازی، زوکز یاسای Code civil (یاسای مەدەنی) فەرەنسی دابنرێن. بەم پێیە ئەگەر بڕیارەکانی یاسای مەدەنی بە بەرگی مافناسییەوە، گوزارشت لە هەلومەرجەکانی ئابوری ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن، ئەوا بە پێی هەلومەرج، جارێک باش و جارێک خراپ گوزارشتی لێ دەکەن.

یەکەمین هێزی فیکری زاڵ بەسەر مرۆڤدا، لە بوونی دەوڵەتدا خۆی ئەنوێنێ. کۆمەڵگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆی لە

پەلامارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، دەزگایەک پێکدەهێنێت، ئەو دەزگایەش دەسەڵاتدارێکی دەوڵەتە. هەرکە دەوڵەت پەیدابوو، ئیتر لە کۆمەڵگە خۆی جیادەکاتەوە و هەرچی زیاتر خۆی بە دەزگای چینێکی دیاریکراو بگۆڕێت و هەرچی زیاتر دەسەڵاتدارێتی ئەو چینە ڕاستەوخۆتر پراکتیزە بکات، بەو ئەندازەیەش سەرکەوتن لەم ڕووەوە بەدەست ئەهێنێ. خەباتی چینی چەوساوە لە دژی چینی دەسەڵاتدار، بە ناچاری بە خەباتێکی سیاسی یانی بە خەباتێک، کە پێش هەر شتێک لە دژی دەسەڵاتی سیاسی ئەم چینەیە، ئەگۆڕێت. درککردنی پەیوەندی ئەم خەباتە سیاسییە لەگەڵ پایە ئابوورییەکەیدا، ڕوو لە کزی دەکات و هەندێکجار هەر نامێنێ، بەڵام ئەگەر لەلای خەباتکاران بە تەواوەتی لە نێونەچوبێت، ئەوا لەلای مێژوونوسان زۆر کات هەر نییە. لە نێو ئەو مێژوونوسە کۆنانەی کە باسی خەباتی نێوجەرگەی کۆماری ڕۆمانییا کردووە، ئەوە بە تنها ئاپیانە کە بە ڕۆشنی بۆمان دەگێڕێتەوە کە سەرئەنجام ئەم خەباتە لە پێناوی چیدا بووە: لە پێناوی ملکدارێتی زەوی.

بەڵام هەر کە دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵدا، بووە هێزی سەربەخۆ، یەکسەر ئایدیۆلۆژی نوێ ئەهێنێتە کایەوە. واتا پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوە ئابورییەکان، لەلای سیاسەتمەدارانی پیشەیی و تیۆریسینەکانی یاساکانی دەوڵەت و یاساناسانی یاسای مەدەنی، بە تەواوەتی لەنێوچووە. ڕووداوە ئابورییەکان بۆ ئەوەی مۆڵەتی یاسایی بە خۆیانەوە بگرن، بۆ هەر حاڵەتێکی تایبەت دەبێت، بە شێوەی بابەتگەلی یاسایی دەربکەون. بێگومان لێرەدا دەبێت ڕەچاوی تەواوی ئەو سیستمە یاساییەی کە لە ئارادایە بکردرێت. بەهۆی ئەمەوەیە وا دەردەکەوێت، کە شێوازی یاسایی، هەموو شتێک و ناوەرۆکی ئابووری، هیچ شتێک نییە. یاسای گشتی (دەوڵـەت) و

یاسای مەدەنی، وەکو دوو مەیدانی سەربەخۆ سەیر دەکرێن، کە خاوەن پەرەسەندنی مێژوویی سەربەخۆی خۆیانن و خۆبەخۆ ملکەچی توێژبەندی سیستماتیکانەن و لە ڕێگای ڕیشەکێشکردنی خەمو ناکۆکییە دەروونییەکانەوە بە شێوەیەکی ڕاوەستاو و پەیگیر، خوازیاری سیستمبەندییەکی لەم چەشنەن.

ئایدیۆلۆژییە هەرە بڵندەکان، واتە ئەوانەی کە لە بنەمای مادی ئابوری زیاتر دوور ئەکەونەوە، شێوەی فەلسەفە و ئاین لە خۆ دەگرن. لێرەدا پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان و ئەو هەلومەرجە مادییەی کە لە ئارادایە، دەم بە دەم شێواوتردەبێت و لە ئارادابوونی ئەڵقە پەیوەستکارەکانی نێوانیان ناڕۆشنتر دەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەم پەیوەندییە هەر هەیە. تێکڕای سەردەمی ڕێنێسانس لە ناوەڕاستی سـەدەی پانزەهەمەوە، هەروەها فەلسەفە، کە ئەو دەمە گیانی هاتەوەبەر، لە بنەڕەتدا، دەرئەنجامی پەرەسەدندنی شارەکان، واتە بۆرژوازی بوون. فەلسەفە، جگە لەوەی کە بە شێوازی تایبەتی خۆی گوزارشتی لەو بیروباوەڕانە کردووە کە جووت ئەهاتنەوە لەگەڵ گۆڕانی بۆرژوازی بچوک و ناوەڕاست بۆ بۆرژوازی گەورە، شتێکی تری نەکردووە. ئەم مەسەلەیە لەلای ئینگلیزەکان و فەرەنسییکانی سەدەی ڕابردوو، کە زۆربەیان بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە فەیلەسوف بوون، ئابوریزانیش بوون بە ڕۆشنی بەرچاودەکەوێت. ئێمە پێشتر ئەم مەسەلەیەمان لە پەیوەند بە قوتابخانەی هیگڵەوە، ڕۆشن کردەوە.

ئێستا با بەخێرایی چاوێک بە ئایندا بخشێنین، کە لە هەموان زیاتر لە ژیانی مادی دوورتر و لە هەموان نامۆتر دەردەکەوێت. ئاین لە قۆناغە زۆر سەرەتاییەکاندا، لە نەزانترین و ناڕۆشنترین ئەندێشەی تاکەکان سەبارەت بە سروشتی خۆیان و سروشتی دەرەکی کە بە چواردەوریانەوە بووە، پەیدابووە. بەڵام هەر ئایدیۆلۆژیایەک هەر پاش ئەوەی کە پەیدا

دەبێت، ویتر لە حاڵی پەیوەندی بە تێکڕای ئەو وێناگەلەوە کە لە ئارادایە، پەرەدەستێنێت و ئاڵوگۆڕی تازەیان بەسەردا ئەهێنێ. ئەگەر نا ئەوە ئایدۆلۆژی نەبووە، واتە رووبەڕووی بیروباوەڕەکان نابێتەوە، کە بە ناونیشانی ناسنامە سەربەخۆکان و بەشێوەیەکی سەربەخۆ پەرەئەسێنن و تەنها بۆ یاسا تایبەتییەکانی خۆیان سەر دائەنوێنن. بێگومان ئەو ڕاستییە، کە هەلومەرجە مادییەکانی ژیانی خەڵک کە پرۆسەی بیرکردنەوە لە مێشکیان ئەخولٚقێنێ، سەرئەنجام ڕێڕەوی ئەم پرۆسەیە دەستنیشان دەکات، لەلای ئەم خەڵکە بە ناچاریی، بە هەستپێنەکراوی دومێنێتەوە، ئەگەر نا ئەم ئدیۆلۆژییە کۆتایی پێ دێت. وێنا ئاینییە سەرەتاییەکان، کە لە زۆربەی دۆخەکاندا لە نێو هەر گروپێکی دیاریکراو لەو میللەتانەی خزمی یەکدین، هاوبەشن لەدوای دابەشبونی ئەم گروپانە لە هەر میللەتێکدا، بە جیا و بەشێوەیەکی تایبەت بە پێی ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە تیایدا ئەژی، پەرەدەستێنێت. پرۆسەی پەرەسەندنی وێنا ئاینییەکان لەلای بەشێک لە گروپەکانی ئەم میللەتانە ، بە تایبەت لەلای ئارییەکان (کە پێیان دەڵێن، میللەتە هیندۆ ئەوروپییەکان) لەلایەن میتۆلۆژی بەراوردکارییەوە بە درێـژی باسیان لەسەر کراوە. خاوەندەکان ئەوانەی بەم شێوەیە لەلای هەر میللەتێک بەجیا، پەیدابوون خواوەندی میللی بوون و دەسەڵاتیان لە سنوری ئەو سەرزەمینە میللییەیانەی کە ئەم خواوەندانە دەبێت پارێزگارییان لێ بکەن، تێناپەڕێت، بەڵام لە لایەکەی تری ئەم سنورەدا، خواوەندی دیکەی فەرمانڕەوای بێ هاوتان هەن. ئەم خواوەندانە تێکڕا، تا ئەو دەمە لە خەیاڵگەی خەڵکیدا ئەمێننەوە، کە ئەو میللەتەی بەدیهێنەری ئەمانە بوو، لە ئارادابێت و لەگەڵ فەوتانی ئەم میللەتە، ئەویش ئەفەوتێ. میللەتانی کۆن، بە هۆی جەزرەبەکانی ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی ڕۆمـەوە، کە ناکرێت لێرەدا لە هەلومەرجە

ئابوورییەکانی پەیدابوونی بکۆڵینەوە، داڕوخان. خوداوەندە میللییە کۆنەکان سڵوسامیان لە دەست دا، تەنانەت خوداکانی ڕۆمیشی گرتەوە، کە بە پێی ئەلگۆی بچوکی شاری ڕۆم لە قاڵب درابوون. پێ ,یستییەکانی تەواوکردنی ئیمپراتۆریەتی جیهانی بە هۆی ئاینێکی جیهانییەوە، لە هەوڵەکانی ڕۆم بۆ پەرستنی تێکڕای خوداوەندە بێگانە ڕێزدارەکان بەم یان بەو ڕادەیە، لە پاڵ پەرستنی خوداوەندە ناوچەییەکان بە ڕۆشنی خۆی دەرئەخست، بەڵام ناکرێت ئاینێکی نوێی جیهانیی، بە فەرمانی ئیمپراتۆر دابهێنرێ. ئاینی نوێی جیهانیی، واتە مەسیحییەت، بەبێ هەرا بە تێکەڵکردنی لاهوتی ڕۆژهەڵاتیی گشتگیر، بە تایبەت یەهودی، لەگەڵ فەلسەفەی باوی یۆنانی، بە تایبەت فەلسەفەی ڕەواقی پەیدابوو، بۆئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بزانین، کە شێوەی یەکەم جاری مەسیحییەت چۆن بووە، پێویستە توێژینەوەی فراوان ئەنجام بدەین، چونکە ئەوە شێوە فەرمییەکەی مەسیحییە بە ئێمە گەییشتوە، کە کۆڕی ڕۆحانی نیقایی شتیان بۆ زیادکردووە، تاوەکو بیگونجێنن و بتوانێت ڕۆڵی ئاینی دەوڵەت بگێڕێ (19). بە هرە حاڵ، ئەو واقیعەتە یانی ئەوەی کە ئەم ئاینە لە دوای پەیدابوونییەوە بە دووسەدوپەنجا ساڵ، بە ئاینی دەوڵەت دەگۆڕێت، بە تەواوەتی نیشانی دەدات، کە مەسیحییەت وەک ئاینێک تا چ ڕادەیەک لەگەڵ هەلومەرجی ئەو چەرخەدا خۆی گونجاندبوو. مەسیحییەت لە سەدەکانی نێوەڕاستدا هاوپای پەرەسەندنی فیۆدالیزم، دیمەنێکی ئاینی وای بەخۆیەوە گرت کە لەگەڵ فیۆدالیزم و زنجیرە پلەوپایەکانیدا جووت بێتەوە. کاتێکیش کە بۆرژوازی جێگیر بوو، ئاتەئیزمی پرۆتستانتی لە دژی ئاینزای کاتۆلیکی، سەرتا لەلای ئالبیژییەکان (20) لە باشوری فەرەنسا، لە هەڕەتی گەشە و ڕەونەقی شارەکانی ئەوێدا، نەشونمای کرد. سەدەکانی نێوەڕاست، سەرجەم ئایدۆلۆژییەکانی تر، واتە فەلسەفە سیاسەت و

مافناسی بە لاهوتەوە گرێ دا و کردیانی بە پاشکۆ بە بەشێک لە لاهووت. دەرئەنجامی ئەم کارە هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە ناچاریی، دەبوو بەرگی ئاین لەبەر بکات، لەبەرئەوە بۆ هێنانەکایەوەی بزوتنەوەیەکی بە جۆشی جەماوەریی، کە مێشکیان تەنها بە خۆراکی ئاینی ئاخنراوە، ئەبوایە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەم خەڵکە لەبەرگێکی ئاینیدا پێشکەش بە خەڵک بکرابایە. بەهەمان شێوە بۆرژوازی کە هەر لە سەرەتاوە بۆخۆی لایەنگرانێکی لە جۆری خەڵکانی ڕەشۆکی دەستەنگی شارەکان، کرێکارانی کرێگرتە و خزمەتکاران بە هەموو جۆرەکانیەوە واتە پێشینانی پرۆلیتاریای ئەمڕۆ ئەوانەی کە سەربە هیچ داروەدەستەیەک و خاوەن هیچ پلەوپایەیەک نەبوون، دروستکرد، بەهەمان شێوە ئاتەئیستی ئاینیش زۆر زوو، بە دوو جۆر دابەش بوون: ئاتەئیستی بۆرژوازی میانڕەو و ئاتەئیستی ڕەشۆکی شۆڕشگێڕ کە تەنانەت ئاتەئیستە بۆرژواکانیش نەفرەتیان لێ دەکردن.

ئەوەی کە وای کرد ئاتەئیستی پرۆتستانتی نەکرێت تێکبشکێنرێ، مەسەلەی لەشکاننەهاتنی بۆرژوازی بوو، کە دەمبەدەم توانا و هێزی زۆرتر دەبوو. کاتێک کە بۆرژوازی بە ڕادەی پێویست خۆی سەفامگیرکرد، لە دژی خانەدلنە فیۆداڵەکان دەستی دایە خەبات، کە تا ئەو دەمە شێوەیەکی ناوخۆیی بە خۆیەوە گرتنوو. ئەو خەباتە ئینر، بەرەبەرە پێوەرێکی نیشتمانی بە خۆیەوە گرت و سەرجەم خەڵکی گرتەوە. یەکەمین جەنگی مەزن، کە پێی دەگوترا ڕیفۆرم، لە ئەڵمانیا روویدا. بۆرژوازی هێشتا بەو ڕادەیە بەهێز و پەرەسەندوو نەبوو، کە بتوانێت تەواوی پێکهاتە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی وەکو، خەڵکی ڕەشۆک لە شار خانەدانە بچوکەکان و جوتیاران لە لادێ، لە ژێر ئاڵای خۆیدا، یەکگرتوو بکات. لە پێش هەموویانەوە، خانەدانەکان شکستیان خوارد لەو کاتەدا، ڕاپەڕینی جوتیاران، کە ترۆپکی

سەراپا ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە پێکدەهێنێت، دەستیپێکرد. بەڵام شارەکان پشتیوانییان لە جوتیاران نەکرد و شۆڕش بە هۆی لەشکری شازادەکانەوە، کە دواتر لە هەموو دەرئەنجامە بەکەڵکەکانی ئەم شۆڕشە سوودمەنبوون، سەرکوت کرا. لەو کاتەوە ئەڵمانیا، بۆماوەی سێ سەدەی ڕەبەق، لە جەرگەی ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و چالاک لە مێژوو کاریان دەکرد، دائەبرێت. بەڵام بێجگە لە لۆسەری ئەڵمانی کالفینی فەرەنسیش هەبوو. کالفین بە تینوتەوژمی ڕەسەنی فەرەنسییانەوە، خەسڵەتی ڕیفۆرمی بۆرژوازی لە پلەی یەکەمدا دانا و شێوەیەکی کۆماریی و دیموکراسی بە کڵێسا بەخشی. لە کاتێکدا کە ڕیفۆرمی لۆسەر لە نوشوستیدا بوو و وڵاتی بە فەتارەت دەدا، کرمارییەکان لە ژنیف هۆڵەندا و ئۆسکۆتلەندا، ڕیفۆرمی کالفینییان کردە ئاڵای خۆیان و هۆڵەندا لە دەسەڵاتی ئیسپانیا و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی ڕزگاری بوو، هەروەها ڕیفۆرمی کالفینی پۆشاکی ئایدۆلۆژی بۆ پەرەی دووەمی شۆڕشی بۆرژوانی کە لە ئینگلتەرە ڕووی دا، سازکرد. کالفینیزم لێرەدا، وەک دەمامکی واقیعیی ئاینی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕژگارەی بۆرژوازیدا، خۆی دەرخست، هەر بۆیە نەی توانی لە دوای شۆڕشی ساڵی 1689دا، ڕەزامەندی گشتیی بەدەستبهێنێ، کە بە سازشی نێوان بەشێک لە خانەدانەکان و بۆرژوازی کۆتایی هات. کڵێسای دەوڵەتیی ئینگلیز سەرلەنوێ گەڕایەوە، بەڵام نەک بە شکڵ و شێوە کۆنەکەی واتە، نەک بە شێوەی کاتۆلیزم لەگەڵ پاشا، کە ڕۆڵی پاپی دەگێڕا، ئێستا ئیتر ئەم کڵێسایە، ڕەنگی کالفینیزمە بە تۆخی بە خۆیەوە گرت. کڵێسای کۆنی دەوڵەتیی، یەکشەمەی پڕ لە خۆشی و شادی کاتۆلیکی کردە جەژن و یەکشەمەی کالفینیی وەڕسکەری ڕاوەدوو نا، بەڵام کڵێسای نوێ، کە بە ڕۆحی بۆرژوازی پاراو بوو، بڕیاری لەسەر ئەوەی دواوە دا، کە تا

هەنووکەش، بە ئینگلتەرا، جوانی ئەبەخشێت.
لە فەرەنسا لە ساڵی 1685 کەمایەتی سەرکوت کران، ناچاربوون کە بە کاتۆلیزم ڕازی بن، یان دەردەکران. بەڵام ئەم مەسەلەیە بە کوێ گەیشت؟ لەو سەردەمەدا بیرمەندی ئازادیخواز پیر بێل لەو پەڕی هەڵسوڕانی خۆیدا بوو و لە ساڵی 1694 ڤۆڵتێر لە دایک بوو. بەهۆی کەڵەگایی و زۆرداریيەکانی لویسی چواردەهەمەوە، بۆ بۆرژوازی فەرەنسا ساناتر بوو، کە شۆڕشەکەی خۆی بە شێوەیەکی نا ئاینی و بەشێوەی شۆڕشێکی سیاسی پەتی، کە تەنها شێوەیەکی گونجاو بوو لە تەک دۆخی بۆرژوازی پەرەگرتوودا، جێبەجێ بکات. لە جیاتی پرۆتستانتەکان، بیرمەندانی ئازادیخواز چوونە نێو کۆمەڵە نیشتمانییەکانەوە. ئەمەش یانی مەسیحییەت لە دوا ئافی خۆیدایە. ئیتر ئاین ئەو توانایيەی لە دەستدا، کە پۆشاکی ئایدیۆلۆژی بۆتێکۆشانی هەر چینێکی پێشکەوتنخواز دەستەبەر بکات و زیاتر و زیاتر بووە موڵکی چینە سەردەستەکان بە تەنها، کە وەک وئامرازێکی فەرمانڕەوایی و بۆ جڵەوکردنی چینە ژێردەستەکان بەکار دەهێنرا. لەم میانەدا هەر چینێک لە چینە دەسەڵاتدارەکان ئاینی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنا: خانەدانە مڵکدارەکان ژزوئیتیزمی کاتۆلیک یان ئەرتەدۆکسی پرۆتستانی، بـۆرژوازی لیبراڵ و ڕادیکاڵ ڕاسیۆنالیزم (ratinalism، عەقڵانییەت). ئەوەش بڵێن، کە ئایا ئەم بەڕێزانە بڕوایان بە ئاینەکەی خۆیان هەیە یان نا، ئەوە مەسەلەیەکە، لە پراکتیکدا هیچ بایەخێکی نییە.
بەم جۆرە دەبینین، کە ئاین لە دوای پەیدابوونییەوە هەمیشە، پارێزگاری لە زەخیرەیەکی دیاریکراو لەو وێنایانەی کە لە سەردەمەکانی ڕابـــردووەوە بەجێماوە دەکـات، چونکە نەریت لە تێکڕای مەیدانە فیکرییەکاندا، هێزێکی کۆنەپارێزی مەزنە. وەلێ ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر ئەم

زەخیرەی وێنایانەدا دێت، دەرئەنجامی پەیوەندییە چینایەتییەکانە، واتە پەیوەندییەکانی ئابووری نێوان تاکەکان، کە ئەم ئاڵوگۆڕانە پێکدەهێنن. لێرەدا ئیتر ئەوەندە بەسە.

لەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوەدا، تەنها ئەوەندە لە تواناداو بوو، کە باسێکی گشتیی دەربارەی تیۆری مارکس لە مێژوودا، بخەینە ڕوو، ئەوپەڕەکەی بە هەندێک نمونە، ڕۆشنیان بکەینەوە. بەڵگەی ڕاست و دروستی ئەم تیۆرییە تەنها لە مێژوودا ئەکرێت بۆی بگەڕێت، مافی ئەوەم هەیە لێرەدا من بڵێم، کە لە دانراوەکانی دیکەدا، بە ڕادەی پێویست لەم جۆرە بەڵگانە باسکراوە. بەڵام تیۆری مێژوویی مارکس لە مەیدانی مێژوودا، زەبرێکی کوشندەی لە فەلسەفەدا، رێک بەو جۆرەی کە تێگەیشتنی دیالێکتیکی لەمەڕ سروشت، هەر جۆرە فەلسەفەیەکی بۆ سروشت، بە کارێکی نا پێویست و نەشیاو گۆڕی. ئێستا، چ لێرە و چ لەوێ ئەرکەکە بریتی نییە لەوەی کە پەیوەندییەکان لە هزردا وەک داهێنان دابهێنین، بەڵکو بریتییە لە دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییانە لە خودی واقیعەکان. بەم پێیە، ئەوەی کە ئێستا بۆ فەلسەفەی ڕاوەدونراو لە سروشت و لە مێژوودا ماوەتەوە تەنها، جیهانی ئەندێشەی ڕووتە، ئەویش تا ئەو جێگایەی کە ئاوەها جیهانێک هێشتا لەئارادایە. ئەم جیهانە بریتییە لە: زانستی یاساکانی خودی پرۆسەی بیرکردنەوە، مەنتیق و دیالێکتیک.

*******

لە پاش شۆڕشی ساڵی 1848، ئەڵمانیای «ڕۆشنبیر» دەستی لە تیۆری کێشایەوە و چووە نێو چالاکی عەمەلییەوە. پیشەی بچوک و مانیفاکتۆرە کە پیشیان بە کاری دەستی ئەبەست، جێگایان بۆ پیشەسازی گەورەی ئەم سەردەمە چۆڵکرد. ئەڵمانیا دووبارە بۆ نێو مەیدانی بازاڕی جیهانیی گەڕایەوە.

ئیمپراتۆریەتی نوێی ئەڵمانیای بچوک (21)، لانی کەم گەورەترین ئەو ئاسەنگانەی کە بەهۆی لە ئارادابوونی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتی بچوک، پاشماوەکانی فیۆدالیزم و بیرۆکراسی، ئەهاتنە بەردەم ڕێگای پەرەسەندنی، لەنێوبرد. لێ بەو ڕادەیەی کە سپێکولاسیۆن (SPECULATON، مچاربە) بیرۆی فەیلەسوفەکان بەجێئەهێڵێ و لە بۆرسەی دراو ڕووگەیەک بۆخۆی بنیائەنێ، بەو ڕادەیەش ئەڵمانیای ڕۆشنبیر، ئەو بایەخە زۆرەی کە بە تیۆری دەدات، کە لە دەورانی ئەو پەڕی زەلیلی سیاسی خۆیدا، مایەی شانازی ئەو بوو، یانی بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی زانستیی ڕووت، بەدەر لەوەی دەرئەنجامی کردارەکییەکەی بە کەڵکە یان نا، لەگەڵ مۆڵەتی پۆلیسدا دژایەتی هەیە یان نا، لە دەست دەدات. ئەوە دروستە کە سروشتناسی فەرمیی ئەڵمانی، بە تایبەت لە بواری توێژینەوە تایبەتییەکاندا، لە ئاستی سەردەمەکەیدایە، بەڵام بە پێی ئەو تێبنییە بە جێیەی کە گۆڤاری ساینس (SCIENCE)ی ئەمریکایی کردوویەتی، سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکان لە مەسەلەی توێژینەوە لە پەیوەندییە مەزنەکانی نێوان دیاردە(فاکت) جوداکان و بە گشتیکردنی ئەم دیاردانە لە چوارچێوەی یاساکان، ئێستا ئیتر بە پێچەوانەی پێشتر، نەک لە ئەڵمانیا، بەڵکو زۆرتر لە ئینگلتەرا، ئەنجام ئەدرێن. بەڵام سەبارەت بە زانستەکانی مێژوو ولە نێویاندا فەلسەفەش، پێویستە بگوترێت، کە ڕۆحی کۆنی توێژینەوەی تیۆریی، کە لە هەمبەر هیچ شتێک ڕانەدەوەستا، هاوشانی فەلسەفەی کلاسیکی، بە تەواوەتی لە نێوچوو. فەلسەفەی ئیختیاریی بێمایە و ئاڕاستە ترسنۆکانە بۆ پلەوپایە و سود و قازانج، تەنانەت جێخواز (وصولی) بە نزمترین شێوەی، شوێنی گرتەوە. نوێنەرانی فەرمی ئەم زانستە، بوونە بیرمەندانی ئاشکرای بۆرژوازی و ئەو دەوڵەتەی کە لە ئارادایە، ئەمەش لە سەردەمێکدا، کە ئەم دوانە هەردوک، دوژمنی ئاشکرای چینی کرێکارن.

تەنها لە نێو ڕیزەکانی چینی کرێکاردایە، کە هێشتاکو بایەخی ئەڵمانی بۆ تیۆریی هەر بەردەوامە و نابڕێتەوە. لێرەدا ئیتر هیچ هێزێک ناتوانێت، بیکاتە دەرەوە. لێرەدا هیچ جۆرە چاوبڕینێک بۆ پلەوپایە و سود و قازانج و پاراستنی بە بەزەییانە لە لایەن پلەوپایەدارەکانی سەرووەوە، لە ئارادانییە. بە پێچەوانەوە، بە هەر ڕادەیەک زانست، جەسورانەتر و لیبڕاوانەتر هەنگاو بنێ، بە هەمان ڕادەش لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی کرێکاراندا جووت دێتەوە. ئەم ڕێبازە نوێیە کە لە مێژووی پەرەسەندنی کاردا، کلیلی تێگەیشتنی تێکڕای مێژووی کۆمەڵگەی بەدەستهێناوە، هەر لە دەستپێکەوە چینی کرێکاری، بە پلەی یەکەم دواندووە و لەلایەن ئەوەوە ئەو سۆزەی بەدییکردووە کە لە زانستی فەرمیدا، نە بۆی گەڕاوە نە ئەو چاوەڕوانییەی لێی هەبووە. بزاڤی کرێکاریی ئەڵمانیی، واریسی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانییە.

لە ساڵی 1886 لەلایەن ف. ئەنگلسەوە نوسراوە. لەهەمان ساڵدا، لە گۆواری «Die neue Zrit»، لە هەردوو ژمارەی 4 و 5 بە چاپ گەیشتووە. پاشان لە ساڵی 1888 لە شتوتگارت، بەشێوەی چاپێکی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە.

***

وەرگێڕانی «لودڤیک فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی» بۆ زمانی کوردی، لەم سەرچاوانەوەبووە:

- لودفیغ فیورباخ ونهایه الفلسفه الکلاسیکیه الالمانیه، فریدریک انجلس، دار التقدم، موسکو 1971. ترجمه: الیاس شلهین.

- لودویک فیورباخ پایان فلسفه کلاسیکی المانی، فریدریش انگلس، ترجمه محمد پورهرمزان، انتشارات حزب تودەایران.

www. tudehpartyiran. org

# لودیگ فیورباخ فەیلەسوف و ئایینناسی ئەڵمانی

**لە ئینگلیزییەوە: ماجید خەلیل**

فیورباخ وەک پێشەنگی هزرڤانانی رادیکاڵی نێوەندی سەدەی نۆزدەهەمی ئەڵمانیا نێوزەدکرابوو، بەڵام لە ئێستادا ئەو بەشێوەیەکی گشتی وادەبینرێت، کە کەسایەتییەکی گوازەرەوەی نێوان نمونەییزمی ئەندێشەگەرای هیگڵ و ماتریالیزمی دیالەکتیکیی مێژوویی کارل مارکسە.

هاوکات فەلسەفەی سروشتگەرا و ئەزموونگەرا و بەرگریکردن لە هیومانیزم رێو رێچەکەی کارەکانی، زیاد لەوەیش وەک رەخنەی شۆڕشگێڕیی ئایین لە زۆرترینی کارەکانیدا ناسراوە و شوێن دەستی دیارە. بەتایبەتی لە کتێبە بەنێوبانگەکەیدا ساڵی 1841 بەنێوی جەوهەری مەسیحییەت، بەتەواوی جەختی لەسەر ئلوهییەتی مرۆڤ کردووەتەوە، لەشوێنی خواداو زانستی مرۆیی باڵابکات بۆ ئاستی زانستی لاهوتیی. واتە روانگەی ئەنسرۆپۆلۆجی بۆ ئاستی سیۆلۆجی بەرز نرخاندووە.

هاوکات فیورباخ لە نوسینە بەنێوبانگەکەی بەنێوی پرەنسیپەکانی فەلسەفەی داهاتوو لەساڵی 1843 دا وێنای ئەوەی کردبوو، کە لە پێشهاتی مرۆڤایەتیدا هەیمەنە و زاڵیی سیاسەت و زانستی سروشتی تەنگ بە شتەکانی دی هەڵدەچنن، لەبەرئەوە پێشنیازیکردووە کە پێویستە شوێنی فەلسەفە لە کەلتوری مۆدێرنەدا بگۆڕن و لەئەگەرەکانی داهاتوودا حساب بۆ هزری فەلسەفی بکرێت.

دیارە فیورباخ یەکێک لە بنەماکانی هزری خۆی، کە گرنگترینیانە و زۆرجار شرۆڤەی هەڵەیشی بۆ دەکرێت، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە

دەوترێت مرۆڤ بریتییە لەوەی کە دەیخوات، دیارە ئەمەیش بەتەواوی لە ریشەی ماتریالیزمەوە وەرگیراوە، هەربۆیە سانایە بڵێین کە فیورباخ کاریگەریی مەزنی لەسەر فیکریی مارکسیی بەجێهێشتووە، وێناکانی ئەو بەتەواوی رەنگدانەوەیان لەو جیهانبینییە مادییەدا هەیە.

بەهاتنی سەدەی بیستەم سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و شەن و کەوکردنی هزری فیورباخ کەوتەوە بواری شرۆڤە و وردبوونەوە، ئەمە نەتەنها لەبوری ئەو بایەخە مێژووییەوە بوو کە بۆ رەخنە لە ئایین و نمونەییزمی فەلسەفە هەیبوو، بەڵکو کاریگەریی قوڵیشی لەسەر هزری ئاییناسی نوێو زانستی کۆمەڵایەتی بەجێهێشت.

### سەرنجێکی گشتی لەسەر ژیاننامەی فیورباخ

فیورباخ ساڵی 1841 لە نێوچەی لاندشوتی باڤاریا کە ئێستا بەشێکە لە ئەڵمانیا هاتووەتە دونیاوە.

باوکی ناوی پۆڵ یوهان ئەنسلم فیورباخ، فەقێیەکی لیبراڵ و بەنێوبانگ بوو، ئەو بۆ یەکەمجار توانی یاسای سزادانی بەنێوبانگی باپارییا دابنێت. دایکو باوکی فیورباخ رووودەکەنە میونخ و لەوێ نیشتەجێدەبن.

ئیدی لەوێ فیورباخ پێدەگات و دەنێردرێتە بەر قوتابخانە. پاشان ساڵی 1823 بۆ یەکەمجار پێدەنێتە نێو زانکۆی هایدربیرج و دەبێتە خوێندکاری زانکۆ، بەڵام پاش ساڵێک ئەو زانکۆیە جێدەهێڵێت و رووودەکاتە زانکۆی بەرلین، ئەوکاتە لەژێر کاریگەریی لاهوتناسیی شلیرماغر بوو، هەروەها دەیویست ئامادەی کۆڕ و موحازەرەکانی فەیلەسوفی بەنێوبانگی ئەوقۆناغە هیگڵ ببێت.

فیورباخ پاش ئەوەی لە بەرلیندا ئاشنادەبێت و بەشێوەیەکی فەرمی وەردەگیرێت، ئیدی لەوێ پاش وتوێژو دووان لەگەڵ هەردوو فەیلەسوفی نێوبراو بۆی روونبوویەوە، کە بەڵێ فەلسەفە زیاتر لەگەڵ هەست و نەست و هزری ئەودا یەکدەگرێتەوە، تا ئەوەی بایەخ بە کایەی ئایینناسی و لاهوتی بدات. بەڵام خراپی رەوشی دارایی و کەموکورتی لە دەرامەتی رۆژانەیدا فیورباخی ناچارکرد جارێکی کە بگەڕێتەوە بۆ زانکۆ کۆنەکەی و واز لەبەرلین بهێنێت.

لەوێش هەر نەیتوانی خوێندنەکەی تەواوبکات، دیسان بەهۆی لاوازی و هەژاری و نەبوونی دەرامەتێکی شیاوەوەبوو. ئەوەبوو پاش وازهێنانی لەخوێندن گەڕایەوە بۆ ئەنسبش لەنزیک میونخ، بەڵام لەوێ بەردەوام بوو لە درێژەدان بە تێزەکەی، دوواجار توانی لە ساڵی 1828 بەسەرکەوتوویی تێزەکەی تـەواو بکات، لە بۆنەی تەواوکردنی تێزەکەیدا پرۆفیسۆری سەرپەرشتیاریی لە ئیرلانگندا پلەی دکتۆرای پێبەخشی لەفەلسەفەدا، هاوکات لە هەمان زانکۆدا پۆستی وانەبێژی لەکایەی فەلسەفەدا پێبەخشی.

بیرکردنەوەکان لەسەر مەرگ و جاویدانی ساڵی 1831 کارێکی ناوازەی فیورباخ بوو، هەرچەند ئەو ژیانی ئەکادیمی خۆی لە زانکۆدا درێژەی نەکێشا. فیورباخ لە ژینگەی سیاسی و ئاینی ئەڵمانیادا وەک شۆڕشگێڕێکی دژ بە تیۆری کلاسیکی دین، وەک ئەکادیمییەکی بەرچاو دەرکەوت، دوواجار پلەی پرۆفیسۆر و شارەزای تەواو لەمەیدانی فەلسەفەدا وەرگرت.

بەڵام رەوشی وانە و بیروبۆچونەکانی بواری فیورباخیان نەدا تا بتوانێت لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، ئەوەبوو بەزوویی‌و لەساڵی 1832 دا وازی لە پۆستەکەی خۆی هێنا لە زانکۆدا.

لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشت لەو راستییە، کە ئیدی ئەستەمە بتوانێت لەشوێنێکی تریشدا پارێزگاری لەپۆست و ئەرکی ئەکادیمی خۆی بکات. بۆخۆی بەردەوامبوو لەپرۆژە فەلسەفییەکەیدا، لەمبوارەدا چەندین بابەت و لێکۆڵینەوە و پەرتوکی نایابی نوسی لەوانە مێژووگەلێکی مۆدێرن، فەلسەفەی ئەزموونی، بندیکتوس سپینۆزا، وبییر بایل (1838) چەندین نوسینیتری لەسەر فەلسەفە و فەیلەسوفە بەنێوبانگەکانی ئەوکات نوسی.

هەروەها لەسەر داوای هاورێکانی بەشێوەیەکی کورت و بۆماوەیەکی دیاریکراو لە زانکۆی ئەرلانگن وانەی وتەوە، ئەوە لەماوەی 1836 بۆ 1830، بوو بەڵام ئەو ئیدی ئەوەی دایە دواوە، کە بەبێ هیچ تەرقیە و پۆستێک و بەرزبوونەوەیەکی پلەی ئەکادیمی، لەو زانکۆیەدا موحازەرە بڵێتەوە. دواجار فیورباخ لەساڵی 1838، دا هاوسەرگیریی لەگەڵ خانمێکدا کرد بەنێوی برتا لۆ. دوواتر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەشداربوون لە کارگەییەکی چنیندا لە بورگبیرگ، ئەمە بوویە مایەی بەهێزبوونی لایەنی ئابووریيان بۆ زێدەتر لە دوودەیەی داهاتووی ژیانیان. هاوکات لەگەڵ ئەو ژیانەدا فیورباخ بەردەوامبوو لەبڵاوکراوەکانی، ئەو بەرهەمەی کەساڵی 1838 نوسیویەتی بەقۆناغی گوازراوەی هزری فەلسەفی ئەو دادەنرێت لە چاو فەیلەسوف و هزری فەلسەفیی ئەوانەی پێشخۆی.

دووا بەدووای ئەوە بەرهەمێکی دیکەی بەنێوبانگی بەنێوی پرەنسیپەکانی مەسیحییەت لەساڵی 1841 بڵاوکرایەوە، ئەم بەرهەمەیشی شانبەشانی بەرهەمە بەنێوبانگەکەی بەنێوی جەوهەری ئایین کە ساڵی 1846 بڵاویکردەوە. هەردوو بەرهەمەکە نێوبانگێکی ئێجگار فرەیان دایە فیورباخ، بەرهەمەکانی مشتومڕێکی بەرینی لەسەر ئاستی ئەڵمانیای چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نایەوە.

بیروبۆچونەکانی بوونە هۆکارێکی کاریگەر لە جوڵاندنی ئیحساساتی دیموکراسی و کەمەندکێشکران بۆ روبەڕووبوونەوەی لایەنی هێمنی، ئاسایش و پەلی کێشا بۆ هۆشداریدانە پۆلیس و لایەنی سیاسی و دەسەڵاتداری ئەوکاتە. دواجـار هەر کاریگەری ئەم فەیلەسوفە بـوو، کە راپەرینی ئەڵمانەکانی لەساڵی 1848 ز لێکەوتەوە، هۆشیارییەکی سیاسی ئەوتۆ لەسەر بنەمای هزر و فەلسەفە و ئامادەیی عەقڵ بەکاریگەریی ئەم فەیلەسوفە و فەیلەسوفەکان تەواوی وڵاتی گرتەوە. ئەو هەر لەپاش ئەو شۆڕشە لە ئەنجومەنی نەتەوەیی فرانکفۆرت، لە هۆڵی موحازەرەکانی شاری هادبیرج و لەنێوەندە ئەکادیمییەکاندا وانەکانی بەتین و تاو بۆ ئەکادیمی و خوێنەوار و زانستییەکانی ئەو وڵاتە و خەڵکی ئاسایی ئاڕاستە دەکرد.

دواتریش تـەواوی موحازەرەکانی فیورباخ لەپەنجاکانی 1850 بڵاوکرانەوە، وەک جەوهەری ئایین ناسێنران، دیارە تەواوی کارەکانی فیورباخ لەو قۆناغەدا کارگەلێک بوون، کە بۆخۆی خۆی تەرخانکردبوو بۆیان و هاوکاتیش بایەخێکی ئێجگار زۆریش بەو کارانەی ئەودران. بەڵام پاش ئەوەی فیورباخ ساڵی .8گ9 بەهۆی ئیفلاسی کارگەکەیانەوە بواری دارایی و مادی گرفتی تێکەوتەوە، هاوکات کاریش دەکرا تا سومعەی بشێوێنرێت ئیتر بەناچاری شار بەجێدەهێڵێت و رووەدەکاتە ماڵێکی گچکە لە دەوروبەری میونخو لەوێدا نیشتەجێ دەبێت.

دووایین کاری ئەم فەیلەسوفە لەساڵی 1844 دا بریتی بوو لە کارێک بەنێوی Gottheit, Freiheit und Unsterblichkeit vom Standpunkte der Anthropologie، ئەو لەمکارەیدا جەختی کردبوویەوە سەر ئەنسرۆپۆلۆجیا و کاریگەرییەکانی لە مەیدانی فەلسەفەدا.

ئەم کارەی بەکۆمەک و پشتیوانی لایەنگران و ئامەزرۆیانی کارونوسینی ئەو هاتە بەرهەم، کە لە کۆتایی ژیانیدا لەدەوری مابوونەوە و گرنگییان بەکارەکانی دەدا. دواجار فیورباخ بەدەردی سەکتەیەکی دەماخییەوە کە ساڵی 1880 لێیدا تلایەوە و پاش دوساڵ بەو گرفتارییەوە و لە ساڵی 1882 بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە ژیانکرد.

## کارە سەرەکییەکانی

تێزی دکتۆراکەی فیورباخ بەنێوە ئەڵمانییەکەی De ratione, una, universali, infinita بەشێکی پەیوەست بوو بە میسالییەت و عەقڵانییەتی هیگڵەوە، ئەو لە تێزەکەیدا جەختی لەبارەی قەلەقی و دەرکی مرۆڤ کردووەتەوە لە گەردووندا، هاوکات رەخنەی جدی لە ئیمانوئێل کانت دەگرێت سەبارەت بە چەمک و تێگەیشتنی ئەو بۆ سنورەکانی عەقڵ. هاوکات گرنگی فیکری فیورباخ لەوەدایە کە بەجدی رەخنەی لەبارەی مەسیحییەتەوە گرتووە و لەروانگەیەکی فەلسەفییەوە کاری بۆ هزری پۆست هیگڵییەکان کردووە. هەروەها تێزی دووای ئەوی بریتییە لە بیروبۆچوونە نادیارەکان لەسەر مەرگ و نەمریی، لەوێدا رەخنەی جدی و ئینکاری تەواوی فیکری مەسیحییەت دەکات لەسەر بابەتی نەمریی شەخسیی. فیورباخ لەوێدا بەتەواوی هێرش دەکاتە سەر ئەو بۆچوونانە و بە ئەنانییەت و بە زاتیکردنی دین لێیان دەڕوانێت، هەروەها هەر لەم تێزەدا بۆچوونەکانی خۆی لەسەر وەحی و ئلوهییەت بەجۆرێک خستووەتە روو، کە پێی وایە دەبێت وابەستەبکرێن بە مرۆڤەوە و لەچوارچێوەی وابەستەیی خودا دەربهێنرێن. هەروەها فیورباخ خوایەتی یەکسان دەکات بە ئەنسرۆپۆلۆجیا و پێی وایە خۆشەویستی پاڵنەرێکە بۆ ئەو شتانەی کە لەنێو خودی مرۆڤ خۆیاندایە.

قبوڵ و هۆشداری لەسەر داهاتووی مەرگی کەسێک، بریتییە لە جەوهەری دین کە ئینکاری ناکرێت. ئەو پێی وایە مەرگ دێت وەک خۆبەدەستەوەدانی کەسێک و گەیشتنی بەخاڵی کۆتا لەو ئاستانەی کۆمەڵێکی یان کۆمەڵگەیەکی لۆکاڵیدا. فیورباخ لەسەر جەوهەری مەرگ و خلود بەشێوەیەکی جدی پێداگری کردووە، فەلسەفەیەکی نوێی لە ریشەکانی مەسیحییەتەوە هەڵهێنجاوە، خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ پرسی زاتی مرۆڤ چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵگە کردووە.

## پێشوازی و بەدەمەوە چوونی رەخنەیی

دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی جەوهەری مەسیحییەت وەک کارێکی فیورباخ لەساڵی .84دا ئاماژەبوو بۆ گۆڕانێکی ریشەیی لە هزری ئەو فەیلەسوفەدا و خوێندنەوەکانی تری ئەو قۆناغە و ئەمەش وای کرد، کە فیورباخ لە لوتکەی ناسراویدا لەو قۆناغەدا خۆی ببینێتەوە. رۆشنبیرانی ئەڵمان لەوقۆناغەدا یاخود چەپە فەلسەفییەکان بڵاوکراوەکانی ئەویان لەتەک ئەوانی تردا، وەک حەوزەیەکی فرەبوار لە فەلسەفە و وەک کەشێکی بەهاری بۆ فەلسەفە دەبینی، ئەنگڵس لەو قۆناغەدا وەک هاوکارێکی سەرەکی تیۆری بەنێوبانگی مارکس ئاماژەیاندابوو، کە شۆڕ و شەوقەکە گشتی بوو، ئێمە بەجارێک بە شوێنکەوتەی فیورباخ هاتینە گۆ. دیارە ئەم شۆڕ و شەوق و گردبوونەوەیە کاتی بوو، چوون لەنێوەندی 840کاندا ئیدی هەم ئەنگڵس و هەمیش مارکس و ئەوانی دیش، بەربوونە وێزەی فیکری فیورباخ و بەجدی وەک نەیاری ئەو لەگەڵێ بواردا دەرکەوتن. خاڵی بنچینەیی مارکس کە جەختی لەسەر دەکردەوە، لەوەدا لەگەڵ فیورباخ ناکۆک بوو بریتی بوو لە

تەحەولی مێژووی گەشەی مرۆڤ. مارکس مێژووی بەقۆناغبەندی بەهەند وەردەگرێ و فیورباخ ئاماژەی دەدا بە پەیوەندی بنچینەیی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا، بەڵام مارکس ئەم وابەستەییەی مرۆڤی لە مێژوودا دەبینییەوە. هەربۆیە مارکس دەیوێ کاری فیورباخ تەنیا ئینتزاعین و بەس.

لەهەمان کاتدا شکستی شۆڕشی 1848 ئەڵمان گوزەراندی، ئیگلیزم وەک فەلسەفەی زاڵی ئەو قۆناغەی ئەڵمان لەنێوەندی ئەو سەدەیەدا هاوزەمان بوو بە شکست و روخانی سومعەی فیورباخ، چوون بۆ چەند دەیە کارەکانی ئیدی لەچوارچێوەی مارکسیزمدا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرا، یاخود بەشێوەیەکی ساناو ساکار لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرا، وەک زەمینەیەکی کاتی و گوازەرەوە یان وەک پردی پێگەیاندنی نێوان هیگڵو مارکس ئاماژەی پێدەدرا.

لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا لێکۆڵینەوە و زیندوکردنەوە و بایەخی هزر و فەلسەفەی فیورباخ لە ئەڵمانیاوە سەریهەڵدایەوە. کارل باسی رەخنەگری سەرەکی کارەکانی فیورباخ لە نوسینی شەوکەیەک لەجەستەی لاهوتی نوێدا، ئەو سەرلەنوێ لەکارەکانی فیورباخ راماو گەلاڵەی بیری ئەوی لە 1840 دا هێنایەوە نیو سەدەی نوێ. ئیدی بەجۆرێ لای ئایین ناسانی سەدەی نوێ ناسرا، کە بەبابی ئیلحاد نێوزەدیانکرد لە سەردەمی نوێدا.

هاوکات فیورباخ وەک دەستپێکی پێشکەوتنەکانی کایەی ئەنسرۆپۆلۆجیا، دەروناسی و زانستی مرۆڤایەتی شوێنی کرایەوە، بەکلیل و ریشەی ئەو زانستانە ناوزەدکرا و لەبواری رەخنەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە باری سوکتربوو. جیالەوە لەنێوەندی سەدەی رابردوودا بەتەواوی کارەکانی کاریگەرییان لەسەر هۆش و نوسینی کیرکیدارد، نیتچەو سیگمۆند فرۆید بەجێهێلا، هەروەها نیکۆلای مایکڵ هادگەر و جانپۆڵ سارتەریش ئاشنابوون

پێی و بەقوڵی ریشەی لەمەژگی ئەوانیشدا داکوتا.

دیسان لە حەفتاکانی سەدەی رابردو بایەخی نوێتر و هەڵسەنگاندنی نوێتر بۆ فیورباخ تەوژمێکی تری گرنگیدان بەو فەیلەسوفەی هێنایە گۆرێ. چوون کەسێکی وەک Marx W. Wartofsky لە .9،، کاری کرد لەسەر فیورباخ و بایەخی ئەوی لە ئینگلیزیدا بەتەواوی نرخاند، تەنانەت ئەوی بە پارێزەری هەڵە و پەڵەی سەرمارکسیزم ئەژمارکرد و بە هەوێنی لاهوتییەتی هاوچەرخیش ناساندی.

لە کۆتایی سەدەی بیستیشدا بۆچوونەکان لەسەری جودابوون، هەندێک ئەویان بە فەیلەسوفێکی مەنهەجی نەدەزانی، تەنانەت لەچوارچێوەی دیراسەی مارکسیزمیشدا جودایان کردەوە، داکۆکییان دەکرد لەسەر ئەو خاڵەی کە مەشکوک بوون لەوەی بواری فەلسەفە لە مرۆڤدا کورت بکەنەوە.

http://www.enotes.com/topics/ludwig-feuerbach/critical-essays

# تێزەکان دەربارەی فیورباخ

**کارل مارکس**

**لە فارسییەوە: ئاراس**

## پێشەکی :

### فەلسەفەی کردار

ئێبینیەکان لەسەر روانگەی فەلسەفی کارل مارکس

« فەیلەسووفەکان تەنها جیهانیان بە شێوەی جۆراوجۆر راڤە کردووە. ئەوەرەکە هەرچەند لە سەر گۆڕانی جیهانە.» [1]

**کارل مارکس ، بەهاری 1845**

ئەگەر چی ئەو ئێزەی سەرەوە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی چەپ، زۆر جار خراوەتە بەر باس و گفتوگۆی چڕوپڕەوە. هێشتا بە تەواوی لە واتای ئەو چەمکە، کە وەکو بڕبڕەی فەلسەفەی مارکسیزم لێی دەڕوانرێت، ئێنەگەیشتوون و تەنانەت بۆ جارێکیش بێت گفتوگۆیەکی بەرفراوان و گشتگیریان لەسەر نەکردووە.[2]

بە پێچەوانەی ئێڕوانینی هەندێ لە بیرۆکەوانانی چەپ، کە مارکسیزم بە ئایدۆلۆژیا دانانێن و لەو باوەڕەدان، کە خودی ئایدۆلۆژیا زانیارییەکی هەڵبەستراوە.[3] تەنها بۆرژوازی دەبێ هەڵگری ئایدۆلۆژیا بێت و چینی کرێکار هیچ پێویستی بە زانیارییەکی لەو چەشنە نییە.

لە راستیدا مارکسیزم زانستێکە کە دنیا بینی چینی کرێکار شرۆڤە دەکات و هاوکات هەڵگری هزرێکە، کە وەکو چەکی شۆڕشی کرێکاران خۆی

دەنوێنێت. دواتر لە ناوەندی مارکسیزمدا فەلسەفەی کردار [4] (پڕاکتیک) جێگیر بووە.

بە پێچەوانەی ئەو راڤە کردنانەی کە مارکسیستە چەپەکان لە ماتریالیزمی دیالێکتیک هێناویانەتە ئاراوە، فەلسەفەی (کردار)ی مارکس لەسەر بنەماکانی هێڵی چەمکێکی جیاوازتر داڕێـژراوە. ئەگەرچی یەکێ لەشێوازەکانی ئاسایی روونکردنەوە و شڕۆڤەی فەلسەفەی مارکسیستی جەختکردنەوە بووە لەو شەڕە نەریتییەی، کە لە نێوان ماتریالیستەکان و نمونەیییستەکان بە درێژایی مێژوو هەبووە و بەردەوام کراوە.

روانگەی یەکەم پێداگری لەوە کردووە، کە هەبوونی مادده (هەر شتێکی دیار و هەستپێکراو) لەپێشەوەی روح (زەین) بوونی هەیە و روانگەی دووهەمیش پێچەوانەی ئەوە بووە.

بیرۆکەوانانی سەرەتایی بەڵگەیان هێنابوویەوە، کە لێگەڕینەکانی مارکس لە پێگەی فەلسەفییەوە جۆرێکە لە تێکەڵکردنی ماتریالیزم، فویرباخ، نمونەییزم و هیگڵ، کە مارکس تێکڕایانی تێکەڵ بە یەکتر و دژی کردووە. ئەوان تەنیا بە دیاریکردنی یاساکانی فەلسەفی (وەکو گۆڕانی چەندایەتی بەسەر چۆنایەتی، نەفی لە نەفی، یەکێتی دژەکان، تێز، ئانتی تێز و سەنتێز و ...هتد) رازی بوون.

لە راستیدا گشت مارکسیستە سەرەتاییەکان لە گونجاوترین بارودۆخدا، بە بنەما گرتنی روانگەی لینین[5] (نوسراوە فەلسەفییەکان) یان ئەنگڵس (دژی دوورینگ) شڕۆڤەی فەلسەفەی مارکسییەت دەکەن. بێشک لەو بەرهەمە بەنرخەدا، واتاو هێماگەلێکی گرنگی فەلسەفەی مارکسییەتی لەخۆگرتووە. ئەگەرچی مەسەلەی بنەڕەتی فەلسەفەی مارکسیستی تەنیا لەو چەمکانەدا کورت ناکرێتەوە.

## واتای فەلسەفەی کردار
## لە لای مارکس

هەموو فەیلەسوفانی پێش ڕێبازی نمونەییستی هیگڵ، کردار، یان پەیوەندی لە نێوان تیۆری و کرداریان لە فەلسەفەدا بە گومانەوە چاو لێکردووە. ئەوان ئەوەیان ئاشکرا کردبوو کە تێکەڵکردنی کردار لە گەڵ تیۆریدا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خاوێنی چەمکە هزرییەکان. لە پێش مارکسیشدا نمونەییزمی ئەڵمانی، کە تەئسیراتیان لە روانگەی هیگڵیشدا لەبەرچاودایە، لە تێکەڵکردنی کردار و تیۆری بە زانایی لێکیدایەوە و دەریخست. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە نمونەییزمی ئەڵمانی لە ناوەندی بزاڤی شۆڕشگێڕی دژی فیۆدالی ئەو سەردەمە بووە (بە تایبەت لە فەڕەنسادا). هیگڵ لە نوسینەکانی خۆیدا یەک لە دوای یەک پەیوەندی لە نێوان فەلسەفە و راستییەکانی شۆڕشی ئەو قۆناغەی کە تێیدا دەژیا قبووڵ دەکات. لەوە بە دواوە مارکس دەربارەی چۆنییەتی ئەو سەردەمە نوسی کە: ئەڵمانیا ویژدانی تیۆریگەلی گشت وڵاتانی جیهانە و بەکردەوە ئەو شتەی کە ئەڵمانییەکان (فەیلەسوفانی ئەڵمانی) لە سەری دەفکرن، لە کرداردا جێبەجێیان کردووە.[6] هەر چەندە بەم پێهەڵدانەدا نمونەییزمی موتڵەقگەری هیگڵ، کە دنیای هەر بەو جۆرەی کە هەبووە قبووڵ کردووە، خوازیاری گۆڕان یا خود گۆڕانکاری جددی بووە. ئەو لە وانەکانی دەربارەی مێژووی فەلسەفە ئاماژە دەکات کە: ئامانجی کۆتایی فەلسەفە ئەوەیە کە لە نێوان هزر و راستییەکاندا ئاشتی درووستبکات.[7]

لە راستیدا، تەنیا کارل مارکس بوو، کە بە روونی پەیوەندی لە نێوان فەلسەفەی نمونەییستی و کرداری شۆڕشگێڕی راڤە کردووە.

لە روانگەی مارکسەوە هەر کردارێکی ئینسانی، کە بە ئامانجی گۆڕینی سروشت و کۆمەڵگای دەوروبەرییەوە پێک هاتبێت، جێگەی ناوەندی لە کۆمەڵناسی بۆ لای خۆیی مسۆگەر کردووە. فەلسەفەش دواتر زانیاری بناغەکانی تیۆریکی و ئامێری ئەو کردارە دادەڕێژێت. لە روانگەی مارکسەوە پەیوەندی لە نێوان تیۆری و کردار (پراکتیک)، هەم پەیوەندییەکی کرداری و هەم هزرییە. کردارییە لەو دیدەوە کە تیۆری لە لێکدانەوەی کۆتایی رێنوێنی کردنی هەڵسووڕانی ئینسانی دەکات. بە تایبەت کرداری شۆڕشگێڕ بوونی. هزرییە لەو بارەیەوە کە ئەم پەیوەندییە دەستپێکردنێکی هۆشیارانەیە. فەلسەفەی کرداری مارکس، پەیوەندی لە نیوان فەلسەفە بە شێوەی گشتی لەگەڵ هەبوونی راستییەکان شرۆڤە دەکات. ئەم خاڵەی کە هیگڵ لەبەر چاوی نەدەگرت. هەرچەند لە دواتردا هیگڵە گەنجەکان ئەو تێڕوانینەی ئەویان تێپەڕاند.

مارکس یەکەمین جار لە دابڕانی خۆی لە گەڵ هیگڵە گەنجەکان[8] دەستی بە هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکانی ئەوان لە ساڵی 1843 کرد. مارکس بە هەڵسەنگاندنی هەر دوو رێبازی ئەو سەردەمەی هێگڵە گەنجەکان، روانگەی فەلسەفەی کرداری بەرە و گەشەسەندن برد. ئەو نوسی کە: « چەکی هەڵسەنگاندن هیچکات جێگرەوەی هەڵسەنگاندنی چەکەکان نابێت .. . تیۆری لە کاتێکدا دەبێتە هێزێکی ماددی کە کۆمەڵانی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشا بێت .. . ئەوەش لە کاتێکدایە کە رادیکاڵ بووبێت»[9]

## رۆڵی پرۆلیتاریا لە بەدیهاتنی فەلسەفەی کردار

لە دوای گەشە پێدانی فکری، دوو پرسیار روبەڕووی مارکس بوویەوە : یەکەم، ئەو تیۆرییەی کە لەگەڵ راستییەکاندا یەکانگیر دەبێتەوە کامەیە؟

دووهەم، چ کەسێ لە کۆمەڵگادا ئەم تیۆرییە دەکاتە کرداری شۆڕشگێڕی؟ وەڵامەکەی بۆ ئەم پرسیارانە، لە نوسینەکانی دواتری بە روونی باسی لێوەکردووە.

ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە لە قۆناغی یەکەم، ئەو تیۆرییەی کە باسی لێوە دەکرێت دەبێت رادیکاڵ و شۆڕشگێڕی بێت. بە وتەیەکیتر، تیۆرییەک کە خوازیاری مانەوەی وەزعی ئێستای سەرمایەداری بێت، ئەوە تیۆرییەکی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە نییە. لەمەڕ ئەوە، ئیتر ئەو تیۆرییە هیچکات توانای گۆڕینی هێزی ماددی و راکێشانی کۆمەڵانی خەڵکی نابێت. 10 دووهەم، ئەوە تەنیا چینی کرێکارە کە توانای جێبەجێ کردنی ئەم تیۆرییە (فەلسەفە) ی لە کۆمەڵگادا هەیە.

مارکس لە بەردەوامیدا پێیوابووە، تیۆری کاتێ رادیکاڵە کە باوەڕی بە تێگەیشتن لە ریشەکەی هەبێت .» بۆ مرۆڤ ریشە هەمان مرۆڤە».[11] دواتر جەخت دەکاتەوە کە: تیۆری کاتێ لە ناو خەڵکدا جێبەجێ دەکرێت، کە بتوانێت پێویستییەکانی ئەوان پێک بهێنێت».[12] بەگوێرەی روانگەی مارکس فەلسەفەی کردار، رەخنەیەکی رادیکاڵییە و لە هەلومەرجێکدا کە تیۆری بۆ گۆڕەپانی کرداری دەگواسترێتەوە، دەبێت وەڵامدەری پێویستییەکانی مرۆڤە راستەقینەکانی کۆمەڵگەبێت. . . بە وتەیەکیتر تیۆری خۆی لە خۆیدا نا کردارییە، کارامەیی تیۆری بەستراوەتەوە بە هەبوونی هەڵسەنگاندنی رادیکاڵ، کە ئەوەش هاوتەریب دەبێت لە گەڵ پێویستییەکانی خەڵک. لە روانگەی مارکسەوە ئەم چەمکە بناغە و بنەمای گواستنەوەی تیۆری بۆ کردار پێک دەهێنێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە پێویستییەکانی خەڵک لە رزگار بوونی تەواوەتی جێبەجێ کردبێت. بۆیە گواستنەوە ئەم دۆخە (تیۆری بۆ کردار)، لە خۆیدا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە. لە ناوەندی ئەم شۆڕشەش

کرێکاران جێدەگرن، کە وەکو تەنیا چینی بە ڕێکخستن کراوی چەوسێنراو، کە ئازاد بوونیان دەبێتە پێش مەرجی ئازادی گشت مرۆڤایەتی، بەوجۆرەیە کرێکاران بە نکۆڵیکردن لە خودی خۆیان، وەکو چینێک دەتوانن کۆی قەوارەی سیستمی چینایەتی لە نێو ببەن.

مارکس لەو باوەڕەدا بوو، کرێکاران ناگەنە رزگاربوونی تەواوەتی خۆیان، مەگەر ئەوەی کە تیۆری بکەن بە کردار. ئەو سوور بوو کە تیۆری خۆی لە خۆیدا نابێتە هۆی رزگار کردنی کرێکاران، تەنانەت بە هەبوونی ئامادەیی کۆمەڵایەتی رزگار بوونی چینی کرێکار ئاستەمە، چینی کرێکار لە سەرەتادا دەبێت لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی ئاگادار بکرێتەوە، لە پێداویستییە رادیکاڵییەکانی خۆیان ئاگاداربکرێنەوە. لە دواتردا پێداویستی پێکهێنانی پانتایی ماددی بۆ رزگاری خۆیان و بە تێگەیشتن و پەیوەندی لەگەڵ ئەوەدا، دەتوانن کرداری شۆڕشگێڕی ڕێک بخەن. کە بە ئاگابوونی کرێکاران لە فەلسەفە یان جیهان بینی ئەوەیە. لە راستیدا کرێکاران و فەلسەفە یەک شتن. کە بە هیچ شێوەیە لەیەک جودا ناکرێنەوە. مارکس لەو بارەیەوە دەنوسێت کە:» هەر بەو جۆرەی کە فەلسەفە لێگەڕینی بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆی لە کرێکاراندا دەبینێتەوە، کرێکارانیش بەرژەوەندییە مەعنەویەکانی خۆیان لە فەلسەفەدا دەبیننەوە.»[13]

بە وتەیەکیتر، بە بێ هەبوونی کرێکاران و لە ئامادە نەبوونی هێزی دوا رۆژی ئەوان، هیچکات ئاسۆی بەر تەسکی فەلسەفە (تیۆری) کرانەوە بە خۆیەوە نابینێت. فەلسەفە تەنیا کاتێک دەتوانێت بگاتە ئامانجی خۆی، کە پاڵپشتەکەی یەک چین بێت و وەکو ئامێر و بەرژەوەندییە ماددییەکەی ئەو بێت، ریشەکەی لەو راستییانەی کە لە بەرچاودایە ببینێتەوە. لە لایەکیتر، کرێکاران بەبێ بە دەستهێنانی بەرژەوەندییە مەعنەوییەکانی خۆیان

(فەلسەفە)، ناتوانن بە یەکجاری رزگاریان بێت. مارکس دەڵێت کە: فەلسەفە بە بێ هەڵوەشاندنەوەی کرێکاران راستییەکانی جێبەجێ نابێت، کرێکارانیش بەبێ جێبەجێ بوونی واقیعی فەلسەفە ناتوانن خۆیان هەڵوەشێننەوە» [14]

هەتا ئەم قۆناغە، لێگەڕینەکانی مارکس لە سەر رۆڵی کرێکاران لە سووچی واتاکانی فەلسەفییەوە دانەمەزرا بوو، نە (هەڵسەنگاندنی ئابووری–کۆمەڵایەتی). لێکدانەوەکانی سنووردار، تەنیا پشت ئەستوور بووە بە بەراورد کردنی مێژووی ئەو لە دۆخێکدا کە کرێکاران تێیدا بوون. ئەو ئێستاش رۆڵی کرێکارانی لە سووچێکی هەڵسەنگاندنی یاساکانی زاڵ بە سەر پەیوەندییەکانی ئابووری سەرمایەداری، پەیوەندییەکانی چینایەتی کۆمەڵگای بۆرژوازی و دەوڵەتی سەرمایەداری دانەمەزراندبوو. لە واقیعدا کەموکووڕی هەڵسەنگاندنێکی زانستی لە رۆڵی کرێکاران لە هەڵسەنگاندنەکانی ئەو سەردەمەی ئەودا دەبینرێت. هەرچەند لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بە رۆڵی ناوەندی کرێکاران لە شۆڕش و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا گەیشتبوو. لە دوای ئەو سەردەمەدا، ئەو چڕ بوونەوەیە خۆی لە سەر بنەمای شڕۆڤەی کردار

لەسەر کاری مرۆڤ یان بەرهەمهێنانی ماددی دامەزراند، ئەو شێوەیەی لە نوسینەکانی ئابووری - فەلسەفی 1844 (نوسینەکانی 1844) دەستپێکرد و لە کتێبی سەرمایە بە بەڵاترین شێوە ئاشکرای کرد. هزرێک کە لەسەر ئەو بابەتە پێداگری دەکرد کە: کرێکاران بە هۆی فرۆشتنی هێزی کارکردنی خۆیانەوە ئەرزشی زیاتریان بەرهەمهێناوە و رۆڵی ئەوانی لە بەرهەمهێنانی پانتایی زیاتر و پێویستی بۆ بە رێکخستن کردنی شۆڕشی سوسیالیستی ئامادە کردووە».

هەرچەند، کاردانەوەی ئەم هزرە بە زۆرترینووردبینییەوە هاوشێوەی لە تێزەکانی فیورباخ ئاشکرا بووە.

**تێزەکانی فیورباخ فەلسەفەی کردار**

بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی کرداری [15] مارکس لە تێزەکانی فیورباخدا[6] [1] لە ساڵی1845 خۆی دەرخستووە. لەم بەرهەمە کورتەدا، مارکس بە شەفافی واتای کرداری لە بنەمای یەکێتی مرۆڤ و سروشت و یەکێتی دیارو زیهن هێنایە بەر چاو[17]. لە یازدە تێزدا، مارکس فەلسەفەکەی وەکو فەلسەفەی (گۆڕان و وەرچەرخان) بە جیهان ناساند. بە تێزەکانیەوە سەرقاڵ دەبین.

**تێزی یەکەم:**

هەتا ئێستا کەموکووڕی سەرەکی ماتریالیزمی گشت فەیلەسووفەکان – بۆ نمونە فیورباخ- ئەمەیە کە شیی[18]، راستییەکان[1]، جیهانی هەستپێکراو[20]، لە ئەوانەدا تەنیا بە شێوەی عەین[21] یان روانگە هەڵوێستە[22] بە شێوەی زیهنی دەرک دەکرێت، نەک بە شێوەی تێکۆشانی مرۆڤی دیاریکراو[23]، یان کرداری (پراتیک). ئەوە دەریدەخات کە بۆچی لایەنی چالاک واقعییەت، بۆ دژایەتی ماتریالیزم، لە لایەن نمونەییزم پەرەی پێدراوە، هەڵبەت تەنیا بە شێوەی دەرهاوردەکردنی چونکە نمونەییزم سروشتییە، کە هەوڵوتەقەلای واقیعی و دیاری بەو جۆرەی کە هەیە نەناسێت. فیورباخ لە دوای گەورە پیاو ماقووڵە دیارەکانەوە، بەراستی جیاوازترە لە گەورە پیاوانی ئەندێشە. هەرچەند خودی چالاکانی ئینسانی وەکو تێکۆشانی عەینی سەیر ناکات. هەر بەم هۆیەوە لە کتێبی جەوهەری [24]مەسیحییەت تەنیا هزری تیۆریکی بە هەوڵدانێکی خودی مرۆڤ دادەنێت، هەستپێکردنی خود لە کرداردا بەو شێوەیە لە خۆ نواندنی بچووک و بە هەوڵ و تەقەلاو خستنە رووی

سنووردار دەکات. هەر لێرەوەیە کە ئەو گرنگی چالاکی شۆڕشگێڕی[25] گرنگی هەڵسووڕانی کرداری- رەخنەگرانە نادۆزێتەوە.

**تێزی یەکەم وردتر دەکەینەوە.**

لە سێ رستەی یەکەم (بە تایبەت رستەی یەکەم و سێیەم) مارکس دەڵێت، کە خاڵی بە هێزی ماتریالیزمی سەرەتایی (بە تایبەت ماتریالیزمی فیورباخ) لە جەخنکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە نادیارە، کە هەبوونی جیهان سەربەخۆ لە زیهن ئاشکرا دەکات. هەرچەند خاڵی بنەڕەتی ئەو بۆچوونە ئەمەیە کە شیی(objectivity) واقیعییەت و جیهانی هەستپێکراو بە تەواوی بە شێوەی تێڕامان، یان بە شێوەی زیهنی هەستپێدەکرێت، نەوەک بە شێوەی تێکۆشانی هەستپێکراوی کرداری مرۆڤی. مارکس دەڵێت: کە ماتریالیزمی سەرەتایی، شیی(objectivity یان Gengenstand شتێک کە بەرامبەر بە مرۆڤ وەستاوە) تەنیا بە واتای عەین (object) یان لە رێگای تێڕامان و یان قووڵبوونەوە هەستی پێدەکرێت و دەناسرێتەوە، نەوەک بە واتای چالاکی هەستپێکراوی رقی کرداری مرۆڤ، کە پەیوەندیدار و هەڵواسراو بە جیهانی عەینییەوەیە. بە وتەیەکیتر ماتریالیستەکانی سەرەتایی بە شێوەی چەقبەستوو لە راستییەکانی جیهان دەڕوانن. ئەوان تەنیا بەو شتانەی کە لە بەرامبەریاندا (لە دەرەوەی زیهنی ئەوان) راوەستیابێت لێی دەڕوانن و لە سەر ئەو شتانەش رادەمێنن. ئەوان بە شێوەیە زیهنی (سوبژکتیو) و یان هەر شتێک کە لە دەرەوەی ئەوانە، سەیری هەرشت دەکەن. لە بەرەنگار بوونەوەیان لە گەڵ ماتریالیستەکان (وەکو فیورباخ)، نمونەیییستەکان لایەنی چالاک بە مانای کاریگەری عەین لە سەر زیهن دەبینن (هەر چەند بە شێوەی دوورەپەرێز و جیاکراوە). مارکس لەو بڕوایەدا بوو کە کاری نمونەیییستەکانیش رەخنەی

لەسەرە، چونکە عەین (هەر شتێکی دیار و هەستپێکراو) بایەخی پێنادەن. تێگەیشتنی درووست لە فەلسەفە، لە روانگەی مارکسەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ لە دەرئەنجامی هەوڵدانیدایە، کە تێدەگات و لە رێگەی کاریگەری لە سەر دەوروبەریدا ئەوەش دەگۆڕێت و گەشەی پێدەدات. گرنگی هەڵسووڕانی رەخنەیی- شۆڕشگێڕی هەر لە تێکەڵکردنی واتای تیۆریک و پراتیکەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە دوو رستەی کۆتایی تێزی یەکەم، مارکس بەڵگە دەهێنێتەوە کە فیورباخ لەم چەمکە تێناگات و لە کتێبەکەی جەوهەری مەسیحییەت، بە روبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کردار (پراکتیک) بە مانای قڕێژی جوولەکە دەخاتە بەر چاو (کردار، بە واتای پارە وەدەست خستن وەکو جووەکان و پیسی کردنی قبوڵدەکرێت). ئەم شێوەیە لە هزر لە نێوان ماتریالیستەکانی ئەو سەردەمە زۆر بازاڕی گەرمبووە. لەسەر ئەم رواڵە باوەڕی وابووە کە زیهن لە بەرامبەر بە عەین لە دەرەوەی خۆی هەڵوێستە دەکات (هزر و لێگەڕین دەکات) دواتر زیهن بە واتاکانی تیۆریک دەگات. دەرئەنجامی ئەم بابەتە گۆڕانی جیهانی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەیە کە هزر لە ژێر کاریگەری دنیای دەرەوەیە. هەروەها چالاکی کرداری مرۆڤی شتێکە چەپەڵە و پەیوەندی بە هزرەوە نییە. لە روانگەی مارکسەوە، ئەم شێوازەیە لەبیرکردنەوە گرنگی چالاکی رەخنەگرانە- کرداری-شۆڕشگێڕی بە تەواوی نەفی و نکۆڵی لێوەدەکات.

بە گەڵاڵە کردنی ئەم تێزە، مارکس تیۆری کردار ( پڕاکتیک ) ی بە بەشی بنەڕەتی مەعریفەی مرۆڤی بەرز دەکاتەوە. ئەو بە پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی فیورباخ، پێیوایە کە هەر روانگەیە کە سروشت بە بێ گرێدانی بە پڕاکتیکی کرداری مرۆڤەوە بناسێنێت، ئەوە بە ناپەسند

رادەگەیەنێت. ئەو مەعریفەی واقیعی مرۆڤ وەکو نمونەییستەکان تەنیا بە بەرهەمی زانیاری مرۆڤ هەڵناسەنگێنێت. لە روانگەی مارکس، مەعریفە بە رادەی مەعریفەی مرۆڤ، لەگەڵ چالاکی مرۆڤ لە سروشت و جیهانی واقیعی گرێدراوە. رەوتی تێکەڵ کردنی چالاکی مرۆڤی و سروشت وەکو دەرئەنجامی کرداری مرۆڤییە. چالاکی مرۆڤە کە بناغە و بنەما و سنووری مەعریفەی مرۆڤی دیاری دەکات. لەو دیوی ئەم سنوورە، هەڵبەت سروشت هەیە. مارکس بۆیە نکۆڵی لەم سروشتە ناکات، چونکە بە بناغەی تێگەیشتنی مرۆڤ لە دنیای واقیعی دەزانێت، هەرچەند سروشتی واقیعی، لە لای ئەو، ئەو سروشتەیە کە لە دەروونـی چالاکی مرۆڤی هاتبێتە دەرەوە. ئەم سروشتە، دیاردەیەکە لە خود و دەرەوەی خود، بە رادەی مرۆڤە و بەراورد کردنی بە مرۆڤ و مێژوو، سروشت و مێژووی مرۆڤ بە یەکترەوە دەبەستێتەوە.

**تێزی دووەم:**

ئەم تەوەرە کە بۆچی ئەندێشەی مرۆڤ خاوەن راستینەی عەینی هەیە یان نا، تەوەرێکی هزری نەبووە بەڵکو تەوەرێکی کردارییە. لە کرداردایە کە مرۆڤ دەبێت راستی، یەعنی واقعییەت و توانای ئەندێشەی[26] لێرە و لە ئێستادا بسەلمێنێت. گەنگەشە کردن دەربارەی راستی بە بێ راستی ئەندێشەی جودا لە کردار، بە تەواوی تەوەرێکی ئاخوندییە [27] .

مارکس لەم تێزەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە شەڕ لە دەورووبەری، لە پێشەوە بوونی زیهن بەسەر عەین (بەڵگەکانی نمونەییستەکان) یان عەین بەسەر زیهن (گفتوگۆکانی ماتریالیستەکان)، بە جۆرێک مرۆڤ لە کردار و هەڵسووڕانی رۆژانەیدا لەوە ئاگات، گفتوگۆیەکی ئێسۆلاستیک

(ڕێبازییانە) یە. ئەم گەنگەشانە، لەسەر ئەوە داڕێژراوە کە ڕاستی هەبوونی هەیە یان نا، دەبێت لە ڕێگەی کردار، مرۆڤ بۆی چارەسەر بێت و نەک لە دەرئەنجامی شەڕی نێوان فەیلەسوفەکان.

لە ڕوانگەی مارکسەوە هیچ وتار و بابەتێک وەکو ڕاستی (یان زانست) موتڵەق نییە. لە واقیعدا هەموو دیاردەکان نیسبین. تەنانەت خودی ڕاستیش نیسبییە و ئەوەش بە کرداری مرۆڤەوە بەستراوەتەوە. لەسەر بنەمای گومانی مارکس ڕاستییەکان ناتوانرێت لەسەر تەجروبە شڕۆڤەی بۆ بکرێت، نە پشت ئەستوور بێ بە پێویستی هەبوونی ئەو ڕاستییەی، کە تەنیا دەتوانرێت لەسەر بنەمای کرداری مرۆڤ شڕۆڤە بکرێت.

**تێزی سێیەم:**

ئەو نمونەییۆژییەی[28] کە ئینسانەکان بە بەرهەمی هەلومەرج و بەسەرهات و پەروەردە دەزانێت و باوەڕی بەوە هەیە، کە بۆ گۆڕانی مرۆڤەکان دەبێت بارودۆخ و بەسەرهات و پەروەردەیان بگۆڕدرێت، لە بیری دەچێتەوە کە قۆناغەکان ڕێک، بە دەستی مرۆڤەکان دەگۆڕدرێت و ئەمە خودی ڕاهێنەرە، کە پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە. لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیاوە بەو شێوەیەیە، کۆمەڵگا هیچ ڕێگەیەکی جگە لە کەرتبوون بە دوو بەش بۆ نامێنێتەوە، کە یەک بەش لەو دووانە باڵاتر لە خودی کۆمەڵگایە (بۆ نمونە ڕابرت ئوون).

هاوکات بوونی گۆڕانی بارودۆخ و بەسەرهات و گۆڕانی هەڵسووکەوتی مرۆڤ، یان گۆڕانی بە بێ هۆکار و لە خۆیەوە، تەنیا لە شێوازی کرداری شۆڕشگێڕانەدا دەتوانرێت سەیری بکرێت و بەشێوەی زانایانە تێگەیشتن لەسەری هەبێت.

لەم تێزەدا مارکس لایەنگرانی دوکترین (تیۆری) ماتریالیستی لە کۆمەڵگا، رەخنە دەکات (بە تایبەت ماتریالیستەکانی فەڕەنسی، سوسیالیستە زیهنییەکانی ئینگلیزی). بە ئەوانەی کە کۆمەڵگە و ئەو دۆخەی کە لە ئارادایە قبووڵکرا و ئەژمار دەکەن و تەنیا پێیانوایە کە بە گۆڕانی ژینگە، سروشت، کۆمەڵ و بە تایبەت پەروەردەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە بە بێ هیچ هۆیەکەوە، بەرەو باشکردنەوە دەڕوات. مارکس لە بەرامبەر بەڵگە هێنانەوەی ئەم کەسانە ئاماژە دەکات، کە ئەمانە لە بیریان چووە کە ژینگە و پەروەردە بە بێ هیچ هۆیەک گۆڕانی بەسەردا نایەت، پێویستە و دەبێت کەسێک ئەم گۆڕانکاریانە پێکبهێنێت. پرسیار لێرەدایە کە ئەو پەروەردەکەرانە بۆ خۆشیان پێویستییان بە پەروەردەکردن هەیە. بە وتەیەکیتر، هەر بەو جۆرەی کە بڕیاربێت هەتا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا رووبدات. مرۆڤ دەبێت لە لایەن چالاکی (پراتیک) شۆڕشگێڕییەوە ئەو دۆخەی کە هەیە و دۆخی عەینی لە بناغەوە بگۆڕێت، ئەگەر وا نەبێت ئەم رەوشەی ماتریالیستەکان، دەرئەنجامی دابەش بوونی زیاتری جیاوازی چینایەتی لێدەکەوێتەوە. کۆمەڵگە بە دوو بەش دابەش دەکرێت: شارەزایان (یان بەشی باڵاتر) و خەڵکی ئاسایی.

لە روانگەی مارکسەوە، شێوازی بەرەورووبوونەوەی ماتریالیستەکان لەگەڵ پرسی کۆمەڵگە رووکەشیانە و یەک لایەنەیە (دۆگماتیک). ئەوان ناتوانن خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی ببن، چونکە رۆڵی کرداری شۆڕشگێڕی مرۆڤ لە گۆڕانکاری لە ژینگەدا لە بەرچاوناگرن.[29]

**تێزی چوارەم:**

فیورباخ، لە سەر بنەمای لە خود بێگانە بوونی مرۆڤ، کە دیاردەیەکی

دینییە، جیهان بە دوو فاقەیی لێکدەداتەوە: یەک جیهانی دینی، کە چەمکی زیهنییە و یەک دنیای واقیعی.[30] لەوە بەدوا دێتەسەر ئەوەی کە جیهانی دینی لە دنیای واقیعی کە بناغەیەتی بتوێنێتەوە. ئەو بێئاگایە کە بەم کارە لە ئێستاشدا تەوەرەکە لە جێگەی خۆیدا وەکو خۆی ماوەتەوە (چونکە ئەو شتەی کە دەبێت روونی بکاتەوە) بە تایبەت ئەمەیە کە بۆچی دنیای واقیعی لە خودی خۆی جودا کراوەتەوە، بە شێوەی دەسەڵاتی سەربەخۆ لە ناو هاتووهەراکاندا دەسەلمێندرێت. ئەم جیابوونەوەیە تەنیا لە سەر بنەمای لێکترازان لە خود و ناکۆکی دەروونی دنیای واقیعی لێکدەدرێتەوە. کەوایە سەرەتا دەبێت لە ناکۆکییەکانی جیهان تێگەیشتن هەبێت، هەتا لە دواتردا بتوانرێت ئەوە بە تێکۆشانی شۆڕشگێڕی و بە سڕینەوەی ناکۆکییەکان گۆڕانکاری جددی تێدابکرێت. بۆ نمونە، هەر ئەوەی کە تێگەیشتین کە بنەماڵەی سەر زەوی نهێنی بنەماڵەی ئاسمانییە، ئیتر دەبێت بە رەخنەی هزری هەر ئەو بنەماڵەیەی سەر زەوی (لە لایەکەوە) گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی ئەو لە کرداردا (لە لایەکیترەوە) سەرقاڵ بکرێت.

لە تێزی چوارەمدا، تێگەیشتنی فیورباخ لە دین دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە دوو بڕگەی (پەرەگراف) یەکەم، مارکس دنیای واقیعی و نا واقیعی لە یەکتر جودا دەکاتەوە. ئەو باوەڕی بە ئەوە هەیە کە مرۆڤ هەر وەکو تاک، هێندەی بەربەستی لە ناوچەی مەعریفە، هێز و عەشق لە خۆ دەگرێت. هەرچەند مرۆڤ وەکو یەکەیەکی گشتی دەستی دەگاتە شوێنە بێ بەربەستەکان کە یەکێک لەوانە دینە. دین لە دەرەوەی مرۆڤ هەبوونی هەیە و بە شێوەی دیاردەیەکی زیهنییە، بە ئاشکرا خودا بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا ئاشکرا دەبێت. هەر چەند ئەم دوو دیاردەیە، یەعنی دنیای دینی و دنیای بێ دینی ناتوانرێت ئاوێتەی یەکتر بکرێت.[31]

لە قۆناغەکانی دواتردا، مارکس ئاماژەی کردووە کە بیرۆکەی لە نێوان بردن (لە خود نامۆ بوونی مرۆڤ) و توانەوەی جیهانی دینی لە جیهانی بێ دینیدا، کە لە لایەن فیورباخ دارێژرا بوو بەکرداری ناکرێت. مەگەر روونکردنەوە لە سەر ئەو دژایەتییە واقیعیانەی کە لە دنیادا بوونی هەیە و تەنیا شێوەیە کە ئەم دژایەتییانە لە نێو دەچێت، لە لایەن کرداری مرۆڤییەوە و گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕی، ئەو دژانە لە کرداردا هەیە. ئەو دیاردانەی کە لە کرداری مرۆڤیدا جودا بووە، لە هەورەکاندا ماوەتەوە و شیاوی چارەسەر کردن نین.

**تێزی پێنجەم:**

فیورباخ، ناڕازیی بوو لە ئەندێشەی جودا کردنەوە، ئیتر روویکردە تێڕامانی هەستپێکردن، هەر چەند جیهانی هەستپێکراو وەکو (بەرهەم) ی کرداری دەستنیشان کرابوو کە ئەوەشی لە بەرچاونەگرت.

لەم تێزەدا مارکس، لە روانگەی فیورباخ لە بەرامبەر بە روانگەکانی نمونەییستەکان کە ئەندێشەی جودا کردنەوەیان بووە پێداهەڵدانی بۆ دەکات. ئەو پێداگری دەکات کە ماتریالیستەکانی وەکو فیورباخ بە هزری زیهنی رازی نابێت، پەنا دەباتە بەر تێڕامانی هەستکردنی دنیای دەرەوە. ئەمە یەک هەنگاو بەرەو پێش چوونە. هەرچەند ئەم بەرکەوتنە لە خۆیدا ناتەواوە. لە روانگەی مارکس ماتریالیستەکانی سەرەتایی تێنەدەگەیشتن کە خودی هەستکردن، کردارێکی زانستییە. بە وتەیەکیتر، خودی هەستپێکردنیش لە کرداری دیاری مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت. ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە کە فیورباخ لە بەر چاوی نەگرتووە.

**تێزی شەشەم:**

فیورباخ ئەگەرچی جەوهەری دینی لە جەوهەری مرۆڤدا دەتوێنێتەوە، هەرچەند ( لەبەر چاوی ناگرێت) کە جەوهەری مرۆڤ، مژاری جودا بوونەوە لە دەروونی تاکێکی مرۆڤ جودا لە مرۆڤەکانیتر نییە. ئەم جەوهەرە، لە راستیینەی خۆیدا، کۆمەڵێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. لەبەر ئەوەی کە فیورباخ بەرەخنەی وورد بینییەوە خۆی بەم هەبوونە واقیعییە سەرقاڵ ناکات، بە ناچاری:

1. رەوتی مێژوویی لە بەر چاو ناگرێت، بە گریمانەی هەبوونی یەک تاکێکی مرۆڤی دوور خراوو جودا لە ئەوانیتر، رەوانی دینی بە شتێک کە گۆڕانی بەسەردا نایەت و خۆی لە خۆیدا بە هەبوون داییدەنێت.

2. دەرئەنجامی هەبوونی مرۆڤی[2] [3] تەنیا وەکو (جۆر) هەر وەکو تەواویەتی دەروونی نادیار، لە جێگەی بە تایبەت سروشتی لە پەیوەندی کەسەکان لەگەڵ یەکتریدا، لە بەرچاودەگرێت.

مارکس لەم تێزەدا دەڵێت: کە فیورباخ (وەکو ماتریالیستەکانیتر) لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە زات (یان جەوهەری) مرۆڤەکان لە گەڵ جەوهەری دین تێکەڵ بووە. لە بەر ئەوەی کە مرۆڤەکان لە بەر چارەڕەشی و کلۆڵییان ناچار بە پەیداکردنی هێزێکی لە دەرەوەی سروشت (خودا) دەبن و بۆ چارەسەری پرسگرییەکانیان پشت بەو دەبەستن. بە گومانی ئەو پەیدا کردنی خودا بەرهەمی لە خۆ نامۆبوونی مرۆڤە.

مارکس لە وەڵامدا دەڵێت: کە جەوهەری مرۆڤ دیاردەیەکی جودا بوونەوە و لە دەرەوەی شتە مادییەکان نییە. جەوهەری مرۆڤ دیاردەیەکی یەکپارچەیە، کە گشت مرۆڤەکان دەگرێتەوە و شتی بەو شێوەیەی کە یەکسانیان لێبێت، راست نییە.

لە ڕاستیدا جەوهەری مرۆڤ کۆمەڵێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. جەوهەری مرۆڤ لە سەر بنەمای پەیوەندییەکانی لە گەڵ مرۆڤەکانیتر دابین دەکرێت. جەوهەری مرۆڤ بەکۆمەڵ بوونە، لەو پەیونەدییەدا، کە مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانیتری کۆمەڵگایان پێکهێناوە. مارکس لێرەدا خودی مرۆڤ دەناسێنێت.

ئەو لە ئەو بڕوایەدایە کە جەوهەری خودی مرۆڤیش لە دەرئەنجامی زنجیرەیەک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە. بە گومانی مارکس، ڕووبەڕووبوونەوەی فیورباخ دوو ڕەخنەی بنەڕەتی لە سەرە:

یەکەم، نەبوونی تێگەیشتنی ڕاست لە ڕەوتی مێژوو، جیا بوونەی مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، لە ژێر ناوی رۆحی دینی، شیی بۆ خود و لە خود (سەربەخۆ لە مرۆڤ). دادەنێت. لە حاڵەتێکدا کە دیاردەیە لە ژێر ئەو ناوە هەبوونی نییە. رۆحی دینی لەدایکبووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەکانە و نەک شتێکیتر.

دووەم، ئاستی جەوهەری مرۆڤ بە جۆرێک مرۆڤ دادەبەزێنێت، کە جەوهەری مرۆڤ دەبێتە گشتگیرییەکی دەروونی لێڵ و نا ڕوون.

**تێزی حەوتەم:**

لە بەر ئەوەی کە فیورباخ ووردبوونەوە ناکات، کە رۆحی دینی لە خۆیدا بەرهەمی کۆمەڵایەتییە و عەقڵی مرۆڤ لە دەرەوەی هەر شتێکی ماددی کە ئەو شڕۆڤەی کردووە، لە ڕاستیدا بە یەک شێوەی کۆمەڵایەتی دیاری کراو گرێ نەدراوە.

مارکس پێداگری دەکات کە فیورباخ وورد نابێتەوە، کە رۆحی دینی کە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندی بە مرۆڤەکانی لە دەرەوەی هەر

شتێکی ماددی و بە تاک بوون نییە. ئەو شعوورەی مرۆڤ کە بە کۆمەڵگا بەستراوەتەوە. لە روانگەی ماتریالیزمی فیورباخ یەک دیاردەی ئاسمانییە، نە یەک مرۆڤی سەر زەوی کە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانیتر هەیەتی.

**تێزی هەشتەم:**

هەر جۆرێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی لە جەوهەردا کردارییە. رێگەی عەقڵانی گشت نیهێنییەکان ئاماژەیە، کە تیۆری لە وەهم جودا دەکاتەوە، لە کرداری مرۆڤ و لە تێگەیشتن، کە لەو کردارەدا بوونی هەیە.

مارکس بۆ جارێکیتریش پێداگری لەم تێزە دەکاتەوە، کە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە جەوهەردا کردارە. بە وتەیەکیتر، ژیانی کۆمەڵایەتی لە تێکەڵییەکی گڤ پێدراو لە هەڵسووڕانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوانیان پێک هاتووە. ئەم بابەتە بەو مانایە کە لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی تەنیا دەتوانرێت تێڕوانین بکرێت. رێگای عاقڵانەی تەواوی رازە گوماناوییەکان و ئەو سڕ و نهێنیانەی کە هۆکاری رازە گۆماناوییەکان دەبێت، لە کرداری مرۆڤ و تێگەیشتن لەو کردارە هەبوونی هەیە.

وەڵامی گشت روانگەکان و چەمک و تێزییەکان لە ئاستی فەلسەفیدا، لە شڕۆڤەی کۆتایی کرداری مرۆڤ و تێگەیشتنی لەو کـردارەدا کورت کراوەتەوە.

کرداری مرۆڤی بە واتای چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤ (بگەڕێرەوە بۆ تێزی شەشەم). کردارێکە کە لە لایەن مرۆڤەوە هەستی پێدەکرێت.

**تێزی نۆیەم:**

باڵاترین دەرئەنجامێک کە ئێرامانی ماتریالیزم (ئێرامان)، بە مانای ماتریالیزمی کە چالاکی هەستیارییەکان بە چالاکی کرداری دانانێت، بەو دەرئەنجامە دەگات کە هەر ئەو شێوە لێڕوانینە (ئێرامانی کەسانی جودا لە یەکترە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا.

مارکس لە سەر ئەم باوەڕەدا، پێداگر بووە کە ماتریالیزمی فیورباخ (ماتریالیزمی کەسانێک کە لەسەر شیی لە دەرەوەی خۆیان تەنیا ئێڕوانین دەکەن، هیچ رۆڵێک بۆ کرداری مرۆڤ پەسند ناکەن) هەر ئەو پەسەند نەکردنە رۆڵی سیاسی بۆ کەسانی کۆمەڵگا و کۆمەڵگای مەدەنی33 دەبێت.

**تێزی دەیەم:**

روانگەی ماتریالیزمی کۆنی کۆمەڵگا، مەدەنییە. روانگەی ماتریالیزمی نوێی کۆمەڵگای مرۆڤی یان مرۆڤایەتی، کۆمەڵایەتییە.

لە روانگەی مارکس، ماتریالیزمی نوێ خوازیارە کۆمەڵگەی مرۆڤی (ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەوێدا سیاسەت، دەوڵەت و چینەکان هەبوونیان هەیە) ئەو کۆمەڵگای مەدەنییەی کە ماتریالیزمی کۆن لەبەر هۆی رۆڵی دەوڵەت و سیاسەت لەگەڵیدا نکۆڵی لێدەکرێت و قبوڵ ناکرێت.

**تێزی یازدەیەم:**

فەیلەسوفان تەنیا بە شێوەی جۆراوجۆر لێکدانەوەیان بۆ جیهانیان کردووە. هەرچەند تەوەرەکە لەسەر گۆڕانی جیهانە.

ئێزی کۆتایی، وەکو کۆکردنەوەی ئێزەکانی پێشووترە[4] [3]. مارکس لەم ئێزە بنەڕەتییەدا شێوەی فەیلەسوفە دێرینەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەو دەڵێت: کە فەیلەسوفەکانی (چ ماتریالیست و چ نمونەییست) تەنیا جیهانیان راڤە کردووە، ئەوان تەنیا تیۆرییان پێشکەش کردووە و قسەی خۆشیان کردووە و چاویان لە بەرامبەر مەسەلەی ناوەندی دادەخەن. مەسەلەی بنەڕەتی، گۆڕان و گۆڕانکاریی لە جیهانە. نە گۆڕانکاری لە بەر گۆڕانکاریکردن. مرۆڤ لە ریگای کردار و چالاکی هستپێکردنی خۆیەوە لە پەیوەندی بەوانیتر، لە سەر کۆمەڵگادا تێگەیشتووە، پێگەکەیان هەست پێکردووە و دەستییان بە چالاکی کردنی رەخنەگرانەی شۆڕشگێری بە بێ هیچ بە لاڕێدا رۆیشتنێک لە گۆڕان و گۆڕانکاری کردن لە ژینگەی خۆیان کردووە.

ئەگەرچی لەو یازدە تێزەی کە خرایە بەر باسەوە خاڵە بنەڕەتییەکانی روانگەی مارکس لەسەر فەلسەفەی کردار وترایەوە، بەڵام بە بێ پشت بەستن بە کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، کە پاڵنەری ژیانی روانگەی مارکس بووە رەنگی نەدەدایەوە.

## ئایدۆلۆژی ئەڵمانی خاڵی وەرچەرخان لە گەشە سەندنی روانگەی کردار

گۆڕینی تیۆری فەلسەفە لە ئایدۆلۆژییەوە بۆ زانست پێش مەرجی ئاشکرا بوونی لە کرداری شۆڕشگێڕی دامەزراند. لەم رووەوە کاری تیۆریکی مارکس و ئەنگڵسیش لەسەر میحوەری ئەم بابەتە، لە نێوانساڵەکانی 1844-1845 دا چڕکرابوویەوە. لە راستیدا لە ساڵی 1845 بە نوسینی کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی مارکس و ئەنگڵس لێهاتوویی بنەڕەتی خۆیان بە نوسینەکانی پێشووتریان وەکو نوسینەکانی 1844 دەرخستبوو. لەم کتێبەدا، مارکس و ئەنگڵس (بە پشتبەستن بە وتەکانی خۆیان) لەگەڵ رابردووی

هزری خۆیان (نمونەییزمی هیگڵە گەنجەکان و ماتریالیزمی فیورباخ) خۆیان یەکلایی کردۆتەوە.

ئایدۆلۆژی ئەڵمانی وەکو خاڵی وەرچەرخانی رەوتی گۆڕینی سوسیالیزم بۆ زانست دادەنرێت.

لەم کتێبەدا، ناوەرۆکی بنەڕەتی، دەربارەی روونکردنەوەی مێژوویی و شرۆڤەی کۆمەڵگای سەرمایەداری پشت ئەستوور بە روانگەی کردار، پێشکەش کراوە. بنەمای ناوەرۆکی ماتریالیستی مێژووی مرۆڤایەتی لەم کتێبەدا شرۆڤە کراوە. مەسەلەی ناوەندی لە شرۆڤەی مێژووی مرۆڤایەتی، بە واتای زانستێک داڕێـژراوە. بە پێچەوانەی بیرۆکەکانی پێشووتری فەیلەسوفەکان، زانست و سروشت بە واتای لە دەرەوەی زیهنییەکەی، بە بێ پەیوەندی بە کرداری مرۆڤی و شۆڕش بە بێ بنەما لێکدرایەوە.

مارکس لە بەرامبەر هیگڵە گەنجەکان، کە رەخنە و بیرۆکە بە مەکینەی گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی تێدەگەیشتن، رایگەیاند کە مەسەلەکە لەسەر» روونکردنەوەی بنەماو بناغەی باوەڕییەکان لە رێگەی کـردارەوە، ماددییە و نە روونکردنەوەی کـردار لە لایەن بیرۆکەیە.» هەروەکو: « هێزی جووڵەی مێژوو، دین و فەلسەفە و تیۆرییەکانیتری ئێمە، شۆڕشە و رەخنە نییە.[35]

لێرەوە، تەوەرەکەی مارکس لە پێش هەر شت گۆڕانکاری کردن لە وەهمی ئایدۆلۆژی بیرۆکە داڕێژەرانی نمونەییست (هیگڵە گەنجەکان و ماتریالیستەکانی کۆن (فیورباخ) بوو). لەبەر ئەوەی کە تێکشکاندنی ئەو وەهمانە دەیتوانی رێگا بۆ گەشەسەندنی تیۆری گۆڕان و وەرچەرخانی شۆڕشگێڕی کۆمەڵگەیەک تەخت بکات. دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان وەهمەکانی نمونەییستی و دۆخی واقیعیدا پێویستییەکی تێگەیشتن لە

هەلومەرجی ماددی و واقیعی مرۆڤ بووە. لە لایەکەوە، تێگەیشتن لە بیرۆکەکانی خودی مرۆڤ و لە لایەکیترەوە تێگەیشتن لەو هەلومەرجە ماددییە، کە بڕیارە مرۆڤ لە لایەن چالاکی کردارییەوە بیگۆڕێت.

بەم بابەتانە، مارکس بە شڕۆڤەی رۆڵی وەبەرهێنان رێنوێنی کرد. مارکس ئاماژەی کرد کە: هەر بەو جۆرەی کە ژینگە و پێداویستییەکانی لەسەر فۆڕمپێدان و دروستبوونی مرۆڤ کاریگەری دادەنێت [36].

لێرەدا بە جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ رونکردنەوەی لەسەر داوە کە: مرۆڤ لە ئاژەڵ لە لایەن تێگەیشتنەوە، جیاواز دەکرێن ... مرۆڤ وەبەرهێنەری کەرەستەکانی ژیانییەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی واقیعی خۆیەتی ... [37] دەرئەنجام لە روانگەی مارکسەوە، رۆڵی بەرهەمهێنان « مەرجی بنەڕەتی تەواوی مێژوو» ی مرۆڤایەتییە.

لە دوای ئەم روونکردنەوە مارکس تێگەیشت کاتی پێویست بۆ شۆڕشی کرێکاران (پڕۆلیناریا) گەیشتووە.

## رۆڵی شۆڕش لە تیۆری کردار

لە شرۆڤە و وورد بوونەوە لە رۆڵی بەرهەمهێنان لە مێژووی مرۆڤایەتی، مارکس لە دوو وتاری گرێدراو بە یەکەوە و گرنگی ماتریالیزمی مێژوویی ناساند: هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان (لەو سەردەمەدا مارکس ئاماژەی بە شێوەکانی پێکەوە هەڵکردن [38] دەکرد). ئەو ئاماژەی دەکرد کە بە چەند هۆیەک لە دەرەوەی خواست، رق و ئیرادەی کەسانی کۆمەڵگا، هێزەکانی بەرهەمهێنان کە هاوتەریب لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵایەتی پەرەدەسێنێت، بەجۆرێک گەشەدەکات کە

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ئێستادا، پەرەسەندنی زیاتری رادەگرێت. ئەم دووانەیە لەو پەیوەندییە تەنگەبەر و گرژەدا کە لەگەڵ یەکتر هەیانە، لە ئەم قۆناغەدا لە دژی یەکتر وەستاونەتەوە و دژایەتی کردنیان بە شێوەی دژایەتی چینایەتی دەردەخەن. چڕتر کردنەوەی ئەم دژبەریکردنە چینایەتییە، پێویستییەکی دیاری شۆڕشێک لە پلانی رۆژانەدا دادەنێت. ئەم شۆڕشە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی و دەرئەنجامی چالاکی هێندێ مرۆڤ بە تایبەت کرێکاران دەبێت. لە هەلومەرجێکی وەهادا کۆمۆنیزم وەکو تەنیا رێگەی زانستی ئاشکرا دەبێت. مارکس ئاماژە دەکات کە: بۆ ئێمە کۆمۆنیزم پەیوەندییەکی ئیداری کە دەبێ پێکی بهێنین نییە. شتێکی لەو پەڕی دڵخوازی کە بڕیارە راستییەکان لە گەڵیدا هاوتا بکرێت نییە. ئێمە ئەو تەڤگەرە راستییەی کە بڕیارە هەلومەرجی ئەم رۆژگارە بگۆڕێت نێوی کۆمۆنیزمی لێدەنێین.»[39]

لەم شۆڕشەدا، رۆڵی کرێکاران وەکو کەسانی داماوو چارەڕەش کە تەنیا خوازیاری رزگاری خۆیانن، هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێت. کرێکاران وەکو ئەندامێکی چینێکی کۆمەڵگە کە بە بۆنەی رۆڵی هەرە گرنگ و چارەنووس سازیان لە بەرهەمهێنان (بە تایبەت بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو) لە پێگەی رێبەرایتی کردنی گشت کۆمەڵگە لە بەرامبەر چینی دووژمن کە بۆرژوازییە دەوەستێنەوە. زەمەنێک کە پرۆلیتاریا لە پێویستی شۆڕش تێدەگات، ئەو چینە نە تەنیا خوازیاری لە نێو بردنی چینی بۆرژوایە، بەڵکو خوازیاری لە نێو بردنی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەیە (تەنانەت خودی پڕۆلیتاریاش). مارکس دەڵێت: « چینێک کە لە ئاستی سەرەوەی شۆڕش جێدەگرێت، تەنانەت هەر وەکو بە رواڵەت لە دژی چینێکیترە، هەر لە سەرەتاوە وەکو نوێنەری گشت کۆمەڵگە دەردەکەوێت، ئەو (چینە) وەکو گشت کۆمەڵگە لە

بەرامبەر چینێک، چینی حاکم، ئاشکرا دەبێت.» [40]

لەم هەڵسەنگاندنەی مارکسدا، بە بیرۆکەی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی، وەکو حەڵقەی پەیوەندی لە نێوان تیۆری و کردار دەگات.

**لە تیۆری کردارەوە بەرەو کرداری شۆڕشگێڕی**

لە ڕوانگەی مارکسەوە، تیۆری کرداری شۆڕشگێڕی ئەگەرچی لە ڕەخنەوە بۆ سەر ڕوانگەی نمونەییستی و ماتریالیستی کۆن دەستپێکردووە و لە بەرامبەر ئەواندا وەستاوەتەوە، بەڵام لە خۆیەوە ناگۆڕدرێت بە کرداری شۆڕشگێڕی. تەنانەت تیۆری کرداری مارکس، کە بانگەشەکەری کرداری مرۆڤەکان بەبێ لادان لە گۆڕان و وەرچەرخانی جیهان بوو، لە ڕاڤەی کۆتایی یەک تیۆری یان ڕەخنە هەر دەمێنێتەوە، مەگەر ئەوەی کە لە بنەمای ماددی بۆ جێبەجێکردنی کرداری بەهرەی بردبێت. بەم هۆیە کە: تیۆری پشت ئەستوور بێت، کە بنەمای ماددی بۆ گۆڕان و وەرچەرخان لە کۆمەڵگەدا ناتوانێت پێکبهێنێت. تەنانەت هەر بەو جۆرەی کەسانێک زانا (ڕۆشنفکر)، ئەو جۆرە بیرۆکەیەیان (ئاوێتەکردنی تیۆری و کردار) لە ژوورترین ئاستدا پەروەردە کردبێت، ئێستاش گواستنەوەی یەکەمین بۆ دووهەمین، بە بێ توخمێکی تر، ڕوو نادات. لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئەو توخمەیە ئیتر حزبی پرۆلیتارییە، کە لەزەمەنی خۆیدا دەرخستنێکی بەرچاو پەیدا دەکات، کە مەسەلەی کرداری لە شۆڕشدا دادەڕێژرێت و لە دەستووری کاردا جێدەگرێت. مارکس و ئەنگڵس، بۆ یەکەمین جار ئەم توخمە هەستپێکراوەیان لە لێدوانی کۆمۆنیست (1848 ) بە ڕوونترین شێوە وتوویانە و لە کرداریشدا جێبەجێیان کردووە.

مارکس و ئەنگڵس لەگەڵ چەند کەسێک لە شۆڕشگێڕان هەستان بە پێکهێنانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان [41] بە ئامانجی موداخەلە کردنی کرداری لە بزاڤی کرێکاریدا، دەستپێشخەر و هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگەدا بە کردەوە رۆحیان بە بەری تیۆرییەکانیاندا کرد. لێدوانی کۆمۆنیست (مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست) دەرئەنجامی ئەو جۆرە چالاکییە کردارییە بوو. ئەمە یەکەمین جار بوو کەسانێک کە گوێگرانی خۆیان بە پرۆلیتاریای جیهان دانابوو، تیۆری شۆڕشگێڕییان لەگەڵ کرداردا ئاوێتە دەکرد.

ئەم هەنگاوە، مانای کرداری مارکسیستی دەوڵەمەندتر کرد و بە خاڵی وەرچەرخان لە روانگەی مارکس ئەژمار دەکرێت . لە راستیدا بە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گواستنەوەی تیۆری شۆڕشگێڕی بۆ کرداری شۆڕشگێڕی روویدا. مارکس و هاوڕێیانی دەریانخست کە ئەو جۆرە رێکخستنە لە ئاستی یەکێتی تیۆری و کردار، لە لایەن کەسانێکی کەمەوە لە کرێکارانی شۆڕشگێڕ پێک هاتووە. سووڕی ناوەندی پەیوەندی ئەو جۆرە رێکخستنەش، حزبی کرێکاری بوو [42]. حزبی بە رێکخستن کراو لە باوەڕ پێکراوترین و پێداگیرترین توخمەکانی ئەڤگەری کرێکاری (پێشەنگی کرێکاری) حزبی، کە پەیوەندی راستەوخۆی ئاشتی لە نێوان تیۆری شۆڕشگێڕی و کرداری شۆڕشگێڕییە. حزبێک کە بەهۆی رێکخستنی پێشەنگی کرێکاران لە کۆتاییدا، بە تەواوی چینی کرێکارییەوە بۆ ئامادەکاری شۆڕشی کرێکاری گرێ دەداتەوە. ئەو جۆرە حزبە بەرێکخستن کراوە، لە کۆمۆنیستەکان دەبێ ببێت. لە مانیفێستی کۆمۆنیست، مارکس و ئەنگێڵس رایانگەیاند کە:

کۆمۆنیستەکان لە لایەک، یەعنی لە کرداردا، پێشکەوتوو خوازترین و بڕیاردەرترین بەش لە حزبە کرێکارییەکانی هەر وڵاتێک پێکدەهێنن، لە

راستیدا بەشێکن کە هەمووی ئەوانیتر و ئەوانیش دەخەنە جووڵەوە و لە لایەکیتر، یەعنی لە روانگە و جیهان بینییەوە ئاپۆڕای گەورەی کرێکاری ئاتۆیانە. کە بە روونی، رێگای جووڵە، هەلومەرج و دەرئەنجامی کۆتایی و بە گشتی بزاڤی کرێکاران هەستی پێدەکەن. ئامانجی زۆر بە خێرایی کۆمۆنیستەکان هەر ئەوەیە کە هەموو حزبە کرێکارییەکانی تر هەیانە: بە رێکخستن کردنی کرێکاران لە چوارچێوەی یەک چین، سەرنگوومکردنی سەروەری سەرمایەداری و دەست بەسەرداگرتنی سیاسی لە لایەن کرێکارانەوە. بەرئەنجامی هزری کۆمۆنیستەکان بە هیچ شێوەیەک پشت ئەستوور بەو باوەڕ و بنەمایە نییە، کە ئەم یان ئەو بە گوێرەی چاکسازی جیهانی ئاشکرای کردبێت و یان داهێنانی کردبێت .»[43]

**بە کورتی:**

بە بێ لە بەر چاوگرتنی رۆڵی ناوەندی فەلسەفەی کردار ناتوانرێت بە درووستی مارکسیزم هەستپێبکرێت. فەلسەفەی کرداریش بە بێ حەڵقەی گرێدراو بە ئەوەوە، یەعنی حزبی پێشەنگی شۆڕشگێڕی ناتوانرێت بکرێت بە کرداری شۆڕشگێڕی. مارکس و ئەنگڵس بە بڵاوکردنەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست هەوڵیان داوە، کە بنەماکانی یەکێتی لە نێوان تیۆری شۆڕشگێڕی و کرداری شۆڕشگێڕی لە ناو یەک حزبی کرێکاری درووستبکرێت.

بناغەکانی بنەڕەتی فەلسەفەی کردار لە خاڵەکانی ژێرەوە بە نهێنییە:

ئەلف) مانای جیهان بینی مێژوویی کرێکار، بە تیۆری کرداری شۆڕشگێڕی گرێدراوە.

ب) مانای ماتریالیزمی مێژوویی، دواتر بناغەی مێژووی تیۆری کردار پێکدەهێنێت.

ج) مانای فەلسەفە وەکو تیۆرییەک، کە ڕێنوێنی کرداری گۆڕان و وەرچەرخان لە جیهاندایە، دەبێت لە لێکدانەوەی پەتی تێپەڕێت و پەیوەندیدار لەگەڵ کرداری مرۆڤدا بێت.

د) یەکێتی تیۆری و کردار، تەنیا لە کرداری شۆڕشگێڕی شیاوی وەدەستهێنانە.

ە) کرداری شۆڕشگێڕی تەنیا لە ناو حزبێکی کرێکاری کۆمۆنیستی، کە بەرژەوەندی گشتی تەواوی چینی کرێکار و کێشەکانی ڕۆژانەی جووڵانەوەی کرێکاری لە کاری ڕۆژانەدا دادەنێت و شیاوی بەڕێوەبردنە.

**پەراوێز:**

1- تێزی 11، دەر بارەی فیورباخ. وەرگێڕانی تێزەکانی فیورباخ لە دەقی ئەم وتارەی باقر پرهام دا هەیە. کەچی کۆکراوەی گشتی ڕوونکردنەوەکان لە پەراوێزدا هەیە، جگە لەوەی کە پێچەوانەکەی لێرەدا باسی لێوەکرابێت.

2- لە ناو ریزی چەپدا بە گشتی شرۆڤەی فەلسەفەی مارکسیستی لە ژێر ناونیشانی ماتریالیزم دیالکتیک تەنیا کەمکردنەوەی فێرکارییەکانی فەلسەفی موریس کنفورث یان بنەماکانی فەلسەفەی مارکسیزم پولستر دراوە. ئەوان بە ئاسان کردنەوەی واتاکانی فەلسەفەی مارکسیستی، واتاکەیان لە خودی ناوەرۆکەکەی بەتاڵ کردەوە. ئەوان لە ژێر کاریگەری فێرگەی بڵیند (ئەکادیمی) زانستی مارکسیزم لینینیزم مۆسکۆ. مارکسیزمیان وەکو ئایدۆلۆژیایەک (زانیاری هەڵبەستراو) بە چینی کرێکاریان ناساند. ئیستا لینینیزمیش لە راستیدا لە ئاستی فەلسەفیدا، هەروەها مارکسیزمی کردە دیاردەیەکی چەقبەستوو، وە چەند فۆرمۆڵی گشتی کە هیچ پەیوەندییەکی

بە شۆڕشی کرداری چینی کرێکارەوە نەبوو گۆڕدران.

3- چاو بکرێت لە ئایدۆلۆژیا و رۆچن لە ماتریالیسمی مێژوویی. بەرهەمی فرانز ژئیکۆ بووسکی

Franz Jakubowski (1976) چاپی Allison & Busby

4- لە زمانی ئینگلیزییدا وشەی Practice بەکارهێنراوە، بەڵام ئەم وشەیە ماناکە بە تەواوەتی ناگەیەنێت. ریشەی ئەم وشەیە لە یۆنانی کۆندا کەڵکی لێوەرگیراوە. وشەی ئەڵمانییەکەی praxis (پراکسس) لەم روژگارانەشدا لە کتێبەکانی فەلسەفە بە زمانی ئینگلیزی کەڵکیان لێوەردەگیرێت. ئەم وشەیە لە کردار یان کردەوە تێدەپەڕێت و لایەنێک لە کاریگەری مرۆڤ لە سەر دیاردەیە لە بەرچاوەدەگرێت.

5- فەلسەفەی کرداری مارکس بە شێوەی تایبەتی لە کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی نوسراوە. هەرچەند ئەم کتێبە لەساڵی 1845 دا نوسرابوویەوە. یەکەمین جار لە ساڵی 1932 لە دوای مردنی لینین بڵاوکرایەوە.

6- مارکس: پێشەکی بۆ بەشێک لە هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی حەقی هیگڵ. پەخش وبڵاوکردنەوەی زانکۆی کمبریج، 1970 ل 137.

7- مارکس لە دەستنوسەکانی 1844 و لینین لە نوسنگەی فەلسەفی، چەند خاڵێکی گرنگی دەربارەی تێگەیشتنی نمونەییستی هیگڵ پەنجەی سەر دەخرێت. کە هیگڵ تێگەیشتنی کردار لە فەلسەفە رەتدەکاتەوە.

8- هیگڵە گەنجەکان کە (رەنگ دانەوەی) بیرۆکەکانی لیبرالیزمی ئەڵمانی بوون، بە دوو گرووپ دابەش بوون. گەنجانی ئەڵمانی لە ژێر ناوی حزبی سیاسی کرداری لە ساڵەکانی 35 - 1831، تیۆری و کرداری ناپەسند راگەیاند و پێداگرییان لە کردار کردەوە. گروپی دووهەم حزبی سیاسی تیۆریک کرداریان رەت و فەلسەفەیان بەقوتی روو خستووە و کردار لە

فەلسەفەیان بە ئاوێنە بوون لێکداوەتەوە.

9- مارکس :پێشەکی لە بەشێک لە هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی حەقی هیگڵ . چاپ و بڵاوکراوەی زانکۆی کمبریج، 1970 ، ل 137.

10- ئەم روانگەیانە بەراورد بکەن بە دەستکەوتی ریفۆرمیستەکان لە مارکسیزم دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی.

11- سەرچاوەی 9 .

12- هەر لە ئەوێدا، ل 138 .

13- هەر لە ئەوێدا، ل 142 .

14- هەر لە ئەوێدا.

15- سەردانی کتێبی The Philosophy of Praxis، نوسینی Adolfo sanchez Vazques بڵاوکردنی 1977 ، Merlin Press.

16- بۆ روونکردنەوەی تێروتەسەلی ئەم تێزانە سەردانی مەقالەی Wal Suchting ، بەشی ماتریالیزم لە بەرگی دووی کتێبی Marxist Philosophy Issues in ، چاپ وبڵاوکردنەوەی Harvester Press Limited، 1979 .

17- ئەم خاڵە بۆ یەکەمین جار لە تێزەکان باسی لێوەکراوە، لە نوسینەکانی 1844 زۆر بە روونی باسی لێنەکرابوو.

18- هاوسەنگ لەگەڵ شیی بە ئینگلیزی reality و بە ئەڵمانی der Gegenstand .

19- هاوسەنگی واقعییەت بە ئینگلیزی reality و بە ئەڵمانی die Wirklichkeit.

20- هاوسەنگ حسیت، بە ئینگلیزی sensusuess و بە ئەڵمانی die Sinnchkeit.

21- هاوسەنگی عەین یان بابەت بە ئینگلیزی object و بە ئەڵمانی . Objeckt

22- هاوسەنگی ئەڵمانی Anschauung و بە ئینگلیزی contemplation وەرگێڕدراوە. لە هەندێک لە دەقەکان observation بە مانای روانگە وەرگێڕدراوە. هەرچەند رەوانترین بە فارسی هەر ئەو هەڵوێستە یان تێڕامانە.

23- لە دەقی ئینگلیزی لە وشەی sensible یان sensuousو بە ئەڵمانی لە وشەی sinnlich کەڵکی لێوەرگیراوە. کەوابوو وەرگێڕانی فارسی وشەی رەوان نییە و دەبێت لە جێی ئەودا لە وشەی هەستپێکراو یان هەستپێکردن کەڵک وەرگیراوە.

24- بە ئەڵمانی Wesen (جەوهەر).

25- dirty judaical (پیسی جوو).

26- لە دەقی سەرەکیدا وشەی ئەم لایەی ئەندێشەکەی هاتووە. بە ئینگلیزی: this- sidedness بە ئەڵمانی: Diesseitigkeit

27- scholastic (رێباز گەرایانە).

28- d0ctrine

29- ئەم روانگەیانەی مارکس لە ساڵی 1844 لە نوسینەکانیدا دەستیپێکرد و بە تایبەت لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی (1845) پەرەی پێداو دواتر لە 49 1848- لە قسە و وتارێکدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی کۆمۆنیست و لە کۆتاییدا لە بەرهەمەکەی شەڕی ناوخۆ لە فەڕەنسادا (1870) لە سەر ئەوانە پێداگری کرد.

30- لە وەرگێڕانی ئینگلیزیدا ، secular، بە مانای بێ دینی یان سکولاریزە نوسراوە.

31- گەڕانەوە بۆ دوو وتاری مارکس: دەربارەی پرسگری جوولەکە و بەجێهێنانی بەشێک لە رەخنەی فەلسەفەی یاسای هیگڵ گوڵبژێری بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس، بە زمانی ئینگلیزی.

32- وەسفە مرۆڤی، ئەنگڵس زیادی کردووە (وەرگێڕ)

33- دەستەواژەی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرەتادا، لە لایەن نوسەرانی ئینگلیزییەوە لە سەدەی هەژدەیەمدا ناسێندرا. دواتر بیروکە داڕێژەرانی فەڕەنسی و لە دواتر هیگڵ بە کاری هێناوە. لە ئەڵمان کۆمەڵگەی مەدەنی (کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت) لە بەرامبەر کۆمەڵگەی سیاسی راوەستا بوو. مارکس خوازیاری کۆمەڵگای مرۆڤی (کە دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لەخۆ دەگرت) بووە.

34- هەڵبەت کۆی گشتی و راڤـەی تێزەکانی مارکس بە بێ خوێندنەوەی کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی مرۆڤ ناتوانێت بە تەواوی لێی تێبگات. روانگەی کـردار بە باشترین و گەشە سەندراوترین شێواز لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی دا هاتووە (بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی پێشتر).

35- ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی بە زمانی ئینگلیزی Lawrence and Wishart بڵاوکراوەی، لەندەن 1965 ، ل 50

36- هەمان شوێن.

37- هەمان شوێن ل ل 2- 31 .

38- forms of intercourse

39- هەمان شوێن، ل 47 .

40- هەمان شوێن، ل 62 .

41- گەڕانەوە بۆ دەربارەی حزبی پێشەنگی شۆڕشگێڕی . م. رازی روانگەی سوسیالیزمی شۆڕشگێڕی، ژمارەی 1، ئەپرێلی 1994.

42- گەڕانەوە بۆ وتاری چین و حزب لە روانگەی مارکس، سوسیالیزمی شۆڕشگێڕی، ژمارەی 4

43- مانیفێستی کۆمۆنیستْ، چاپی کرێکاری سوسیالیستی. روانگەی مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستْ لە سەر بابەتی حزبی کرێکاری لەگەڵ روانگەی ئانارشیستی، کە پێویستی دامەزراندنی حزبی پێشەنگی شۆڕشگێڕ لە ژێر پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی شوراکان نکۆڵییاتْ لێدەکەن. بەراوردیان بکەن. لە روانگەی مارکس دامەزراندنی شوراکان نکۆڵی لە حزبی کرێکاری ناکاتْ. شوراکان بە گشتی لە لایەن خودی کرێکارانەوە لە سەردەمی گەورە بوونەوەدا دەستەبەردەکرێتْ. هەرچەند کۆمۆنیستەکان زانایانە حزب لە سەردەمی ئەیارکردنی شۆڕش دادەمەزرێنن.

44- ئایبەتمەندی مرۆڤی زیادکراوی لەلایەن ئەنگلس (وەرگێڕ)

# نامەیەکی فیورباخ بۆ هیگڵ

**نوسینی: فیورباخ**

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

**(ماستەر لە زمانی ئینگلیزی)**

ڕێگا بەخۆم دەدەم، مامۆستای بەڕێز، بەناردنی ئەم نامەیە بۆ تۆ، هەرچەندە لە نوسینیدا هیچ بەهایەکی تایبەتی پێ نابەستمەوە یاخود پێموانییە جێگەی بایەخی ژیری تۆ بێت. ئەم نامەیە دەنێرم لەبەرئەوەی من (نوسەری نامە) لە پەیوەندیەکی تایبەتیدایە: ئەویش پەیوەندی خوێندکارێکی ڕاستە بۆ مامۆستاکەی. لە ماوەی دوو ساڵدا لە بەرلین ئامادەی وانەکانت بووم، بۆیە بەخۆشحاڵییەوە پێزانین و ڕێزگرتنی خۆم وەک ئەرکێک بۆ مامۆستاکەم دەردەبڕم، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم پەیوەندیە تایبەتییە ترسێک لەناخمدا دروست دەکات بۆ ناساندنی کارەکانم. ئەگەر پێزانین و ڕێزگرتنی بەرزی قوتابی بۆ مامۆستاکەی دەربڕدرێت دەبێت لە ڕێگای هەڵسوکەوتی دەرەکی، قسەکردن، یاخود هەستەکانەوە نەبێت، بەڵکو دەبێت تەنها لەڕێگای کارەکانەوە بێت. بۆیە ئەمە شتێکی مومکینە ئەویش تەنها لەڕێگای کارە تەواو بووەکانەوە، کاتێک قوتابی داواکارییەکان جێ بەجێ دەکات کە بەشێوەیەکی سروشتی لەسەر کەسێک دادەنرێن، ئەوکاتە قوتابی شایەنی ئەوەیە وەک قوتابییەکی ڕاست تەماشا بکرێت.

هەرچەندە سەیری کارەکەم دەکەم- ئەگەر ئەم نووسینە بتوانێت ئەو ناوونیشانە وەربگرێت- بۆخۆم دەزانم کەچی جێی ڕەخنەیە و چی ناتەواو و خراپ و عەیبدارە، بۆیە ناتوانم وای دابنێم کە نووسینەکەم بەدیهێنەری ئەو داواکاریانەیە کە لەسەر خۆمی دادەنێم - ئەو کەسەی بۆ ماوەی دووساڵ چێژم لە فێرکردنی گرنگ و بەردەوامی تۆ بینیوە.

شتێکی ڕاستە هۆکاری هەڵە و عەیبی زۆری نووسینەکەم دەبێت سەیر بکرێت لە ڕوانگەی تەسکی سنوورەکانی: بوار، مەبەست، زمانی سەپێنراو بەگشتی و بەتایبەتیش لە بواری فەلسەفەدا. لەبەرئەوە بوونی هەڵەی زۆر شایەنی لێبووردنە. لەگەڵ ئەوشدا ناتوانم لەخۆم ببوورم لە بەکارهێنانی ئەو ئازادیەدا بۆ ناردنی نامەکەم بۆ تۆ.

بەڵام، دەتوانم ئەو کارە بکەم تەنها بەهۆی هۆشیارییەوە- بەکراوەیی دانی پێدادەنێم- کە بەشێوەیەکی تەواو و گشتی ئەو هۆشیارییە روحی ئەندێشەبوون هەناسە پێدەدات. هۆشیارییەک- کە بەدڵنیاییەوە پارچەیەکی ریشەکێشکراوە لەلایەن بارودۆخی دەرەکیەوە- ئەو هۆشیارییە بەرهەمی نوێژینەوەی ناو ژیانە، بۆیە قسەکردن باشترە لەسەر بنەماکان بێت نەوەک قسەکردن بێت لەسەر تێگەیشتنی ڕەسمی و خەیاڵی هزر و چەمکەکان کە ناوەڕۆکی کار و وانە زارەکیەکانی تۆ پێکدەهێنن. ئەو تێگەیشتنە پەیوەندی هەیە و دەبێتە هۆی خواردنی رووح، کە تەنها هێزی بەرهمدار و سەربەخۆی ئەم ناوەڕۆکەیە- کەواتە تێگەیشتنی ئازاد، هیچ مانایەکی لە هەرەمەکی و هەڵبژاردن و پارچەبووندا نیە.

من بەئاگام لەوەی ئەو بۆچوونانەی لەلام دروستبوون، یاخود بێداربوونەتەوە بەهۆی تۆ و لەرێگەی فەلسەفەکەتەوەن، پلە بڵندی بەدەست ناهێنن لەسەر ئاستی جیهانی ، ئەمە شتێکی ئاشکرا و هەستپێکراوە، بەڵام بەردەوام لەناومدا هانی داهێنان دەدەن. ئایدیاکانت، ئەگەر باسیان بکەین، لەبەهەشتەوە دێن و لەگەڵ خۆیان بێ ڕەنگی پاک و ڕوونی و جوانی و یەکێتی دروست دەکەن. دێنە خوارەوە و شێوەیەکی ئیدراک دروست دەکەن و تایبەتمەندی دەبرن، هەڵدەوەشێننەوە و لەناو خودی ڕووخساردا بەسەر ڕووخساردا زاڵ دەبن. هاوکات هۆشیارم بەوەی نامەکەم هەڵگری

هزرێکی گشتیە لە فۆڕمێکی: ناتەواو، خاو(سادە)، هەڵە، کەشکستی هێناوە لە دوورخستنەوەی تەجرید (نابەرجەستە) و نووسراوەکەم لەسەر شێوازی جۆرە فەلسەفەکردنێکە کە دەکرێت بناسرێت وەک ئیدراک و بە عەلمانیکردنی بیرۆکە، یاخود بەرجەستەکردنی لۆگۆ (نیشانە)ی پاک، بەڵام لەهیچ حاڵەتێکدا گشتاندن نیە، یان تەرجەمەکردنی بیرکردنەوە نیە بۆ ئیدراکی بەتاڵا، یاخود تەرجەمەکردنی هزر نیە بۆ وێنە و هێماکان. ئەم هۆشیارییە، ئازایەتی ئەوەم پێدەبەخشێت، سەرەڕای ئەو کەم و کوڕییەی لەکارەکەمدا هەستی پێدەکەم، کە بتوانم پێشکەشی تۆی بکەم. هەروەها دڵنیام کە ئەم شێوازە لە فەلسەفەکردن، تا ئێستا لەخۆم جیانەبۆتەوە و دەرنەچووە، بەڵام فڕی دەداتە تروسکەیەک لە کارەکەم کە لەمندا ئامادەیە و لەوانە دروست ببێت یاخود نەبێت و هەرگیز نەبێتە فۆڕمێکی تەواو. لەبەرئەوە، هەروەک وتومە، دڵنیام ئەم شێوازی فەلسەفکردنە لەکاتی گونجاودا دروست دەبێت، یان بە پێچەوانەوە لەرووحی نوێترین و تازەترین فەلسەفەدا کە بەکاردەهێنرێت دەدۆزرێتەوە.

فەلسەفەیەک کەناوی تۆی هەڵگرتووە و مێژوو خودی فەلەسەفە ئاشنان پێی کاری ڕێبازێک نیە، بەڵکو کاری مرۆڤایەتیە.بەلایەنی کەمەوە رووحی نوێترین فەلسەفە داوا دەکات بۆ نەهێشتنی سنوورەکانی تەنها ڕێبازێک، بۆ ئەوەی ئیدراک ببێتە شتێکی جیهانی- مێژووی و گشتی. لەوێ لەناو ئەو رووحەدا نەک تەنها تۆوی چالاکی باڵای ئەدەبی، بەڵکو رووحێکی جیهانگەرایش نیشتەجێ دەبێت و لەڕێگای (راستی)یەوە خۆی بەیان دەکات وەک چەرخێکی نوێ لە مێژووی جیهان بەوشێوەیەی کە هەبووە. پرسی ئێستا، ئەگەر بیزانین، بریتیە لە دۆزینەوەی شانشینێک، شانشینی ئایدیا، شانشینی هزر لەخۆی و هەموو ئەو شتانە رادەمێنێت کە بوونیان هەیە

هەروەها هۆشیارە بەرامبەر خۆی. دامەزرێنەری ئەو شانشینە هیچ نازناوێک هەڵناگرێت، یاخود تاکە کەسێک نیە، ئەگەر تاکە کەسیش بێت ئەوا بەتەنها برینیە لە رووحی شانشینەکە. زیاتر لەوە پرسەکە برینیە لە فڕێدانی (ئیگۆ= خود) لەسەر عەرشەکەوە  کە لەسەرەتای دەرکەوتنی مەسیحیەتەوە بەسەر جیهاندا زاڵ بووە و قەناعەتی بەخۆی کردوە کە برینیە لە تەنها رووح بۆ بوون. ئەم رووحە { بەهۆی تەئکید کرنەوەی خۆیەوە} وەک رەها، خۆی سەلماندوە لە رێگای چەوساندنەوەی راستی رەها و رووحی بابەتی بوون. ئەم رووحە ئیگۆیە دەبێت لە عەرشی ستەمکاری بهێنرێتە خوارەوە بەشێوەیەک کە ئایدیا لەوانەیە واقعی بێت و باڵا دەست بێت، یان لەوانەیە لەناو هەموو شتەکاندا بدرەوشێتەوە وەک یەک رووناکی و ئیمپراتۆری کۆنی ئەهراموزدا و ئەهریمەن و دوالیزمی بە شێوەیەکی گشتی داگیربکات. ئەمە رووداوێ، بەو شێوەیەی تا ئێستا  لە مێژوودا هەبووە، رووداوێ لە باوەڕبوون بە کڵێسای دوور لە دنیا و هەڵگەڕاو بەدەوری خۆیدا، هەروەها رووداوێ لە بەهۆی ئایدیای یەک ماددە و ئایدیای ئەودیوسروشت ، یاخود ئایدیای نێگەتیڤ و ئایدیای پەوەندی تایبەتی هەندێک شت بەیەکتریەوە. بەڵکو ئەمە دەکرێت لە رێگای مەعریفەی عەقڵی، مەعریفەیەک هۆشیار بەخۆی وەک (هەموو واقع)، لەڕێگای عەقڵگەرایی تاک و گەردوون، بوون و زانین، ئامادەبوو لە هەمووشوێن و کاتێک، ئەمە دەکرێت لە رێگای عەقڵگەرایی دانەبڕاو لە خۆی و لەت نەبوو بەهۆی جیاوازیەکانەوە.

دەبێت و پێویستە لە کۆتایدا حوکمی تاکلایەنەی عەقڵ باڵادەست بێت. فەلسەفە، کە بۆماوەی هەزاران ساڵ کاری کردووە بۆ کامڵکردنی عەقڵ و ئیدراک و لەورێگایەوە پلەی خۆی بەرزکردۆتەوە تا هەموو جیهان لە ئامێزبگرێت- یان هەرناوێکی لێدەنرێت- هەمیشە لەناو بڕیاردانێکی

تایبەتدا، کە چەمکێکی یەکلاکەرەوەیە، شتێکی فڕێداوەتە دەرەوە ئەمە شتێکی راستیە و هەمیشە بەردەوامە. ئایا ئەو چارەنووسە بوون خۆیەتی لە: گشتیدا، لە دیندا، لە سروشتدا، یان لە ئیگۆدا...هتد. فەلسەفە ، من دەڵێم، کە (هەموو خۆی) وەک شتێکی هەموو (تەواو=یەکپارچە) گرتووە لە فۆڕمی هەمووشدا دەری دەبڕێت، لە دەرئەنجامدا پێویستە هیچ شتێک نەمێنێتەوە وەک شتی دووەم یان شتێکی تر، لەوانەیە لەگەڵ دەرکەوتن یاخود ماف و داواکردنی شتێک وەک راستی دووەم بۆ نمونە راستی ئاینی...هتد.

شێواز و شێوەی ئیدراک کردنی هەزار ساڵە کە باسی یەکەم (دروست بوون)ی ئاسایی دەکەن و خۆیان فراوان کردووە بەدرێژایی مێژوو، دەبێت نەمێنن. چونکە گەیشتونەتە مەعریفەی غرور و سنووری خۆیان، هەرچەندە ئەگەر ئەو مەعریفەیە روون و ئاشکرا نەبێت. هەموو شتێک دەبێت ببێتە ئایدیا و عەقڵا. ئەوەی ئێستا گرنگە بناغەیەکی نوێیە بۆ شتەکان، مێژوویەکی نوێ، درووست بوونی دووەم، کەچیدی کات و دەرەوەی هزری کات بوونی نیە، بەڵکو عەقڵا دەبێتە فۆڕمێکی گشتی بۆ ئیدراک کردنی شتەکان. دەبێت بەشێوەیەکی تەواو روون بێت کە مرۆڤایەتی ئاوانباردەبێت بەشێنی ئینکاری ئەگەر باس لە شتەکان بکات بەبێ یاخود لەدەرەوەی هزر، تەنانەت مرۆڤ نابێت باسی ئەوەش بکات کە هزر شتێکی شەخصی و ناڕاستە. لەراستیدا مرۆڤ، هاوشێوەی خودی شتەکان، لەدەرەوەی هزر بوونی نیە. بیرکردنەوە بریتیە لە بۆشایی راستەقینەی گشتگیر بۆ لە ئامێزگرتنی هەموو شت و هەموو بابەتەکان. هەموو شتێک، هەموو بابەتێک ئەوەیە کە هەیە، ئەویش لە رێگای نوێنەرایەتیکردنەوە یاخود بیرکردنەوە لێی، بەڵام دواتر روون دەبێتەوە کە ئیگۆ - هەروەها هەموو ئەو شتانەی پشتی پێ دەبەست -

زاڵ دەبێت لەرێی مەعریفەوە وەک شتێکی تەواو نەگۆڕ، وەک پرەنسیپێکی گشتی و یەکلاکەرەوەی جیهان و ئیدراک. تەنانەت ئیدراکی دەرەکی نامێنێت و ئەوکاتە ئاشکرا دەبێت کە ئیگۆ=خود کۆتایی دێت و دەوەستێت لەوشتەی پێشتر هەبووە، تەنانەت لەناویش دەچێت.

لەبەرئەوە، لێرەدا پرسەکە دەربارەی گەشەکردنی چەمکەکان نیە لە فۆڕمی ( گشتێنی و پاکێتی موجەڕەد) و دووریان لەخۆیان، بەڵکو پرسەکە بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنە (جیهانی-مێژوو)یەکانی ئیدراک کە تارۆژی ئەمڕۆ گریمانەکراون. ڕێگاکانی تێگەیشتن لە: کات، مردن، ئەم دنیا، ئەو دنیا، من، تاک، کەس، هەروەها ئەو کەسەی دادەنرێت بە کەسێکی ڕەها لەدەرەوەی ناکۆتایی واتە خودا،...هتد: ئەو ڕێگایانەی کە پێکدێن لە بناغەکانی هەریەک لە مێژوو کە تا ئەمڕۆ مەزەندەکراون لەگەڵ سەرچاوەی نوێنەرایەتیکردنی سیستمی مەسیحیەت، ئەرسۆدۆکس، هەروەها عەقلانیەت. ئەمە پرسی نقومکردنی ئەو راستیەیە، پاشان بوارادن بە زانینەکان بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیان دابنرێن کە دەست بەجێ دەبنەهۆی دروستکردنی ئیدراکی بڕیاردەری دنیای ئەمڕۆ. ئەو زانینانە خۆیان دەبیننەوە لەناو فەلسەفەی مۆدێرن، هەروەها لەناو شانشینەکە و لە ئایندەدا لە شێوەی راستی رووت و گشتیدا.

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە مەسیحیەت ناتوانرێت وەک ئاینێکی تەواو و ڕەها لێی بڕوانرێت. ئەمە تەنها دەبێتە شانشینی واقع، شانشینی ئایدیا و عەقڵی مەوجود. مەسیحیەت هیچ نیە جگە لە ئاینی خودپاکی، ئاینێک کەسەکە دەکاتە رووحێکی گۆشەگیر و بەگشتی رێ لەبەرەوپێشچوون دەگرێت. مەسیحیەت ئەم راستیەیە کە هاودژە لەگەڵ دنیای کۆن. ئەمە مانای چیە، بۆ نمونە، ئایا سروشت هەیە لەم ئاینەدا؟ سروشت چ شتێکی بێ رووح و

بێ هزری هەیە لەناو ئەم ئاینەدا؟ هەروەها نەبوونی رووح و هزر یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی ئەم ئاینە. لەڕاستیدا، لەوێ لە سروشت نەگەیشتوون، سروشت نادیارە، سروشت براوەتە سەرەوە بۆ یەکێتی کرۆکی خودایی، بۆیە تەنها کەسێک - نەک سروشت نەک جیهان، نەک رووح- ئاهەنگی رزگار بوون دەگێڕێت، رزگاربوونێک کە تەنها لە مەعریفەدا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە. ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە تا ئێستا لە مەسیحیەتدا عەقڵ ئازاد نەبووە. هەرلەبەر ئەوەشە کە تائێستا مردنیش شیوازێکی بێ رووحی وەرگرتووە- لەگەڵ ئەوەی مردن  شتێکی ئاساییە بەلای کرێکارێکی ناو خاوەن رەزێکەوە، بەڵام بۆ قوتابی و هاوەڵی مەسیح بۆ یەکەمجار کردەی رزگاربوون بەتەواوەتی دێتە دی. هەرچەندە بناغە و سەرچاوەی هەر ئاینێک دەکەوێتە ناو فەلسەفەوە، لەناو حاڵەتێکی سنووردار لە ئیدراک ئاین تیایدا لەنگەر دەگرێت، بەڵام مەسیحیەت داندەنێت بە ئیدراکی بێ سنووری، نێگەتیڤی، ئەو دیوسروشت بەشێوازێکی بێ قەید و شەرت و قەناعەت پێهێنەر. بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ئاینەکان هەتا ئێستا، هیچ نەبوون جگە لە: ئێستای بەردەست، دەرخەر و رووخساری گەردوونی هەندێک فەلسەفە، وەک یەک هەمووی یەکگرتووی هەندێک سیستمی جیاواز، بۆ نمونە مەسیحیەتی یۆنانی رووخسارێکە بڵاودەبێتەوە لەشێوەی سنوورداری نەگۆڕ لە رووحی فەلسەفەی هێلینستیدا. دەبێت ئێستا هەوڵی تاک ئاڕاستە بکرێت لە رێگای رووحی ئاینەوە وەک رووحێک  ، بەرەپێشدەڕوات لە رووخساردا، کە هیچ نیە جگە لە خۆی.

ئێستا پێویستە واز بهێنم لەترسی بەزاندنی سنوورەکانی شەرم و رێز، ئەویش بۆ پاراستنی زیاتری تۆ لە پێناو شرۆڤەی زانینم، هەوڵدانم، هزرەکانم. بەو هیوایەی ئەم نامە و نووسراوەم میهرەبانانە قبوڵا بکەیت، کەلانی کەم

پێشنیاری فەلسەفەی ئەتبیقی زاتی و هەوڵدان دەکاٹ بۆ بانگکردنی ئایدیای ئەبستراکٹ بۆناو ئامادەبوونی بەردەسٹ. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینی دڵسۆزٹ لودفیگ فیورباخ، دکتۆری فەلسەف.

سەرچاوە:

ئەمە ناونیشانی نامەکەیە: (Ludwig Feuerbach 1828 Letter to Hegel, 22 November 1828) کە لەم ناونیشانی ئینتەرنێٹ وەرگیراوە:
https://www.marxists.org/reference/archive/feuerbach/works/1828/letter.htm

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |